دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

ژمارە: ٤٦٢

www. kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

چوارشەممە ● ٢٦ی بانەمەڕی ١٣٨٦ ● ٦ی مای ٢٠٠٧ ● ١٥٠ تمەن

## پەیامی سەرەخۆشی

**زۆر بەڕێز جەنابی کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان!**

بە داخێکی گرانەوە جارێکی دیکە دەستی تیرۆریستان‌و دوژمنانی ئازادی‌و بەختەوەریی گەلی کورد بە خوێنی ژمارەیەك هاونیشتماننی بێدیفاع سوور بوو. نەخشەکێشان‌و بەڕێوەبەرانی پەلاماری تیرۆریستیی رۆژی ٩ی ئەیار لەبەر دەم وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری نێوخۆو ئاسایشی هەولێر کە دەیان شەهیدو برینداری لێکەوتەوە لەوانەن کە چاویان بە ئاڵوگۆڕی دیموکراتی لە عێراق‌و بە ئاسوودەیی ژیانی خەڵکی کوردستان هەڵ نایە.

ئێمە بە توندی ئەو کردەوە تیرۆریستی‌و دژی ئینسانی‌یە مەحکووم دەکەین‌و هەر لەو کاتەدا بەگەرمی سەرەخۆشی لە ئێوەو کەس‌وکاری شەهیدەکان دەکەین‌و چاکبوونەوەی هەرچی زوورتر بۆ بریندارەکان بە ئاوات دەخوازین. ئاواتمان ئەوەیە ئەو رووداوە تاڵە هاندەرێکی تازە بێ بۆ پاڵوێکدانی زیاتری گەلەکەمان‌و وشیاری زیاتری بەرپرسانی ئاسایشی هەرێم بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر پەلامارێکی لەو چەشنە کە دژی هاونیشتمانان‌و دام‌و دەزگاکانی حکوومەتی هەرێم رێك بخرێ.

لەگەڵ سڵاو رێزمان

دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

٢٠٠٧/٥/١٠

# بزووتنەوەی چەکدارانەی ٤٧ـ٤٦و قارەمانە شەهیدەکانی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان مایەی سەربەرزین




### رێورەسمێکی تایبەتی بەبۆنەی چلەمین ساڵی بزووتنەوەی چەکدارانەی ٤٧ ـ ١٣٤٦ەوە

کاتژمێر ١٠/٥ی پێش نیوەڕۆی سێشەممە ٢٥ی بانەمەڕی ١٣٨٦ (١٥ی مای ٢٠٠٧) لە ساڵۆنی گشتی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان رێورەسمێکی تایبەتی بە بۆنەی چلەمین ساڵی دەست پێکردنی خەباتی چەکدارانەی ٦٧ - ١٣٤٦ی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێك هات.

لەم رێورەسمەدا کە لە ژێر دروشمی راپەرینی چەکدارانەی ٤٧ ـ ١٣٤٦ لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان"دا بەڕێوە چوو سەدان تێکۆشەری دێرین‌و نوێی حیزبی دێموکرات‌و ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان‌و لاوانی دێموکرات بەشدار بوون.

رێورەسمی یادی چلەمین ساڵی دەست پێکردنی بزووتنەوەی چەکدارانەی ٤٧ - ١٣٤٦ بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب‌و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە شەهیدانی رێگای ئازادی دەستی پێ کرد. پاشان کاك سەلاح خزرپوور، بەرێوبەری رێورەسمەکە داوای لە بەڕێزو تێکۆشەر عەبدوڵڵا حەسەن زادە کرد تا وتارەکەی لەبارەی ئەم یادەوە پێشکەش بکا.

رێزدار حەسەن زادە لە سەرەتای قسەکانی‌دا گوتی: "ئەو راپەرینە قارەمانانەیە هەڵ دەگرێ لە نێوخۆی وڵاتەکەمان هەموو ساڵێ‌و لەنێو کۆڕو کۆمەڵی زۆر گەورەتردا یادی بکرێتەوە...

راپەرێنی ٤٧ ـ٤٦ یەکێك لە بەرچاوترینی ئەو رووداوانەیە کە کاتی خۆی بەو جۆرەی دەبوو ببیندرێ، نەبیندرا. نەك هەر لە دەرەوەی کوردستان، بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ئەم راپەرینە وەك هەبوو، سەیری نەکرا. تەنانەت لە نێو خودی حیزبیش دا لە کۆنگرەی سێهەمی‌دا کێشە لەسەر ئەوە هەبوو کە وەك یاخیبوون سەیری ئەم رووداوە بکرێ یا وەك حەرەکەتێکی شۆرشگێڕانە کە بە خۆشی‌یەوە سەرەنجام کۆنگرە هەقی خۆی پێدا. حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر بەو راپەرینەو بە زۆر رووداوی دیکەی مێژووی خۆی قەرزدارە."

٢

## نامەی پیرۆزبایی بۆ بەڕێز نیکۆلای سارکۆزی



زۆر بەڕێز جەنابی نیکۆلا سارکۆزی سەرکۆماری هەڵبژێراوی فەرانسە!

بە بۆنەی هەڵبژێرانتان لەلایەن زۆربەی بەرچاوی گەلی فەرانسەوە بۆ سەرۆك کۆماری وڵات، گەرمترین پیرۆزباییتان پێ دەڵێین‌و سەرکەوتنتان لەو بەرپرسایەتی‌یە بەرزەدا بەئاوات دەخوازین.

هیوادارین لە سێبەری سەرۆکایەتیی جەنابتدا فەرانسە هەر لەو کاتەدا کە بتوانێ چارەسەی کێشەو گیروگرفتە نێوخۆیی‌یەکانی بکات، لە ئاستی نێونەتەوەییشدا بەو جۆرەی لە پاش هەڵبژاردنتان راتانگەیاند بتوانێ داکۆکیی چالاك لە ئازادی‌و دێموکراسی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی دیکتاتۆر لێدراودا بکاو کوردەکانیش بتوانن زیاتر لە هەر کاتێك حیساب لەسەر دۆستایەتی‌و پشتیوانیی فەڕانسە بکەن.

لەگەڵ حورمەت،

حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ

دەفتەری سیاسی

١٠ی مای ٢٠٠٧ی زایینی

## تێرۆریستان دیسان لە کوردستان کارەساتێکی گەورەیان خوڵقاند

رۆژی ١٣ی مای ٢٠٠٧ (٢٣ی بانەمەڕی ١٣٨٦)، لە کردەوەیەکی خۆکوژیدا، تێرۆریستێك ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگری مینرێژکراوی لە نێوان تەلاری قایمقامیەتی مەخموورو بارەگای لقی ٢٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان دا تەقاندەوە. لە ئەنجامی ئەو کردەوە تێرۆریستی‌یەدا زیاتر لە ٣٠ کەس گیانیان لە دەست داو پتر لە ١١٠ کەس بریندار بوون. د. زریان عوسمان وەزیری تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسدا لەو بارەوە گوتی:

" تەقینەوەکە لە رێگەی ئۆتۆمۆبیلێکی سەربازیی جۆری فۆرد ئەنجام دراوە، کە تازە بەسەر هێزەکانی سوپاو پۆلیسی عێراقدا دابەش کراوەو خۆکوژێك بە بەرگی سەربازییەوە ئەنجامی داوە." شایانی باسە ماوەیەکە دوژمنانی ئازادی لە کوردستان گەلی کورد، خەڵکی کوردستانیان کردوە بە ئامانجی نیازە چەپەڵەکانیان‌و چونکە چاویان بە دیتنی ئاشتی، سەقامگرتوویی‌و ئازادیی ئەم گەلە هەڵ نایە، بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدەن هەرێمی کوردستانیش وەك ناوچەکانی دیکەی عێراق تووشی مەرگ‌وماڵوێرانی بکەن.

"کوردستان" جینایەتی گەورەی تێروریستان لە مەخموور مەحکووم دەکار پرسەو سەرەخۆشی خۆی بە کەس‌وکاری قوربانییەکان رادەگەیەنێ‌و چاکبوونەوەی هەرچی زوتری بریندارەکان بە ئاوات دەخوازێ.



## بانگەواز
## لە پێناوی پێکهێنانی کۆنگرەیەکی وەڵامدەرو سەرکەوتوودا

بە ئاگاداریی ئەندامانی‌حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی‌و هەموو دۆستان‌و ئۆگرانی‌حیزب بەگشتی دەگەیەنین کە کومیتەی ئامادەکردنی کۆنگرە بە نیازە بە زوویی دەست بە بڵاو کردنەوەی بۆڵتەنی تایبەت بە باسەکانی کۆنگرەی داهاتووی حیزب بکا.

کومیتەی ئامادە کردنی کۆنگرە لەم بڕوایە دایە کە پێکهێنانی کەشوهەوایەکی دێموکراتیك‌و خولقاندنی دەرەتانی گونجاو بۆ هاتنە گۆڕی بیروڕای جیاواز یەکێك لە پێویستی‌یە گرنگەکانی بەستنی کۆنگرەیەکی سەرکەوتوویە. ئەم کومیتەیە دەیەوێ بۆڵتەنی باسەکانی کۆنگرە، ببێ بە مەیدانێك بۆ دەربڕینی بیروڕای جیاوازو ئازاد، رەخنەو هەڵسەنگاندنی جیدی‌و بنیاتنەرو، هێنانە بەر باسی بیرو بۆچوونی نوێ، بۆ ئەوەی لە ئاکامی وێککەوتنی بیرو بۆچوونە جیاوازەکان‌و لە ژێر رووناکایی باسەکانی تایبەت بە حیزبی دێموکرات‌و کۆنگرەکەی دا، کۆنگرەی داهاتووی ئەم حیزبە، وەك چاوەڕوان دەکرێ‌ببێ بە کۆنگرەی گۆڕین‌و نوێکردنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان. هەموو ئەو بەرێزانەی ئەندام یا دۆست‌ودڵسۆزی ئەم حیزبەن‌و، پێکهاتنی کۆنگرەیەکی سەرکەوتووو وەڵامدەر، لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە ئاوات دەخوازن، دەتوانن بە نووسین بۆ بوڵتەنی کۆنگرەو دەوڵەمەند کردنی باسەکانی ئەم بوڵتەنە، بە لێکدانەوەی رەخنەگرانەو رێنوێن‌و، بە هێنانە گۆڕی بۆچوون‌و پێشنیاری نوێ‌و گەڵاڵەو پرۆژەی گۆڕانخوازانە لە پێوەندی لەگەڵ لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان‌وتێکۆشانی ئەم حیزبەدا، لە پرۆسەی نوێکردنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بەشدار بن.

کومیتەی ئامادە کردنی کۆنگرە بە تایبەتی رووی بانگەوازەکەی دەکاتە رووناکبیران، ژنان، پیاوان‌و لاوانی خاوەن نەزەرو شارەزا لە نێوخۆو دەرەوەی حیزب‌و، داوایان لێ دەکا بە سەرنجدان بە پێویستیی ریفۆرم‌و نوێکرنەوەی حیزبی دێموکراتی کورستان‌و، بە لە بەرچاوگرتنی هەل‌ومەرجی سەردەم‌و چاوەڕوانی‌یەکانی نەوەی نوێ لەم حیزبەو هەر وەها بە ئاگاداری لە پێشوازی‌و ئامادەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بەشدار کردنی خاوەنانی فکری نوێ لە پرۆسەی نوێکردنەوەی حیزب دا، ئەم دەرفەتە گرنگە بقۆزنەوەو بەو پەڕی جیددیەتەوە بێنە مەیدان. ئەو بەرێزانەی دەیانەوێ بۆ بوڵتەنی کۆنگرە بنووسن، پێویستە بزانن:

٥

پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بە بۆنەی چل ساڵەی راپەڕینی ساڵەکانی ٤٧ ـ ١٣٤٦ەوە ٢


هەواڵ، دیدارو چالاکی ٣


قەیرانی سەرۆکایەتی لە تورکیە ٥


بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژیی شەڕەفپارێزانە، پێویستی بە ستراتیژییەکی نەتەوەیی هەیە ٨


کارەساتێکی دڕندانەو دڵتەزێن ٩


نیشانەکانی گۆڕان‌و نوێخوازی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دا لە ئێستاوە وەدیار کەوتوون ١٠

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب

# بە بۆنەی چل ساڵەی را پەڕینی ساڵەکانی ٤٧ ـ ١٣٤٦ەوە

**یەکێك لە دەرسەکانی ئەو بزووتنەوەیە ئەوە بووکە ئەوە کە دوژمنێك هەرچەند بەهێزو دەسەڵات بێ، ئەگەر لەخۆبووردوویی و فیداکاری لە ئارا دا بێ، شۆڕشگێڕان دەتوانن بەرامبەری ڕاوەستن، زەبری لێبوەشێنن و شان و شەوکەتی تێك بشکێنن.**

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

ئەمساڵ چلەمین ساڵی بەرپابوونی راپەرینە قارەمانانەکەی ساڵانی ١٣٤٦و ١٣٤٧ی کوردستانی ئێرانە کە لە لایەن کۆمەڵێك لە کادرە تێکۆشەرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە وەڕێ خرا و بۆ ماوەی ١٨ مانگ خەوی ئاسوودەی لە چاوی چەکدارە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیمی حەمەرەزا شای پەهلەوی زڕاند. لە ژیانی گەلی کوردو گەلانی دیکەی جیهان دا زۆر رووداوی مێژوویی هەن کە لە کاتی ڕوودانیان دا بەو جۆرەی پێویستە ناناسرێن و گرنگی و بایەخی خۆیان پێنادرێ. یەکێك لە گرنگترین ڕووداوە مێژووییەکانی ژیانی خەڵکی کوردستان راپەڕینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦و ٤٧ی هەتاوی (٦٧و ٦٨)ی زایینییە.

راپەڕینی ئازایانەی ئەو پۆلە لە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان نەك هەر لە لایەن دەزگا تەبلیغاتییەکانی نێوخۆی ئێران و جیهانەوە بایەخێکی پێنەدراو دەنگدانەوەیەکی نەبوو، بگرە لە نێوخۆی کوردستان و تەنانەت لە ریزەکانی حیزبیش دا بەو جۆرەی شیاوی بوو حیسابی بۆ نەکرا. لەوەش زیاتر، ئەو راپەڕینە لە چاوی بەشێك لە ڕێبەرایەتیی حیزبەوە وەك یاخیبوون و لە ڕێگا دەرچوون لە قەڵەم دراو، تێکۆشەرانی بەشدار لەو ڕابوون و سەرهەڵدانەدا بە شیاوی لێپرسینەوەو سزادان دانران. تەنانەت زیاتر لە چوار ساڵ دوای بەرپابوون و نیزیك بە سێ ساڵ دوای لەنێوچوونی، یەکێك لە پرکێشەترین باسەکانی کۆنگرەی سێیەم ئەوە بوو کە راپەڕینی ٤٦ ـ ٤٧ دەبێ وەك بێدیسپلینیی ئەو بەشە لە ئەندامانی حیزب بناسرێ، یان وەك بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لەقەڵەم بدرێ. بە خۆشییەوە لە کۆنگرەدا سەرەنجام مەنتیقی شۆڕشگێڕانە سەرکەوت و بەم جۆرە باسی لێوە کرا: "راپەڕینی ساڵەکانی ١٣٤٧ ـ ١٣٤٦ یەکێك لە لاپەڕە زێڕینەکانی خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستانەو جێگایەکی تایبەتی لە مێژووی حیزبی ئێمەدا هەیە".

بە تێپەڕینی ڕۆژگارو ئاوڕدانەوە لە هەلومەرجی ئەو سەردەمی کوردستان و سەرانسەری ئێران بایەخی ئەو راپەڕینە باشتر دەرکەوت. ئەو سەردەمە ڕۆژگارێك بوو کە ڕێژیمی حەمە ڕەزاشا ئێرانی بە دوورگەی ئارامی نێو ئۆقیانووسی پڕگێژاوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناو دەبردو وای دەنواند کە ئێران بە هەموو پان و بەرینیی خۆیەوە کەسی تێدا نیە سەری نەفەسی هەڵاوێ و بیر لە بەرەنگار بوونەوەی دەسەڵاتە شوومەکەی بکاتەوە. بەراستییش سەرکوت و زەبروزەنگ چەند ساڵێك بوو کە ئێرانی کردبووە گۆڕستانێکی کروبێدەنگ. کەچی راست لەو هەلومەرجەدا کۆمەڵێك لاوی خوێنگەرم و لەخۆبوردوو بە ئیمکاناتێکی یەکجار کەمی چەکداری و تەداروکاتی و ماڵی و تەنانەت تەشکیلاتییەوە لە دەسەڵاتی جەهەننەمیی شا راپەڕین و دوورگە ئارامەکەی حەمە ڕەزاشایان کردە کەڵەکی سەر ئاو.

بێ ئەوەی بچینەوە نێو وردەکارییەوە دەتوانین بڵێین کە راپەڕینی ٤٧ ـ ٤٦ بە ویست و دڵخوازی تێکۆشەرانی دیموکرات و بە پێی بەرنامەیەکی لەپێش دا داڕێژراو وەڕێ نەخراو بێ ئەوەی بیانەوێ بەسەریان دا سەپێندرا. کەچی لەگەڵ هەمووی ئەمانەش دا هەم شۆڕشگێڕەکان خۆڕاگرییەکی بێوێنەیان لەبەرامبەر چەکدارە ڕەنگاورەنگو زۆرو زەوەندو پۆشتەو پەرداخەکانی حکوومەتی شادا لە خۆیان نیشان داو هەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پشتیوانییەکی شیاوی ئافەرینیان لێکردن و ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی خۆیان بەگەرمی لەباوەش گرت. بەراستی دیمەنێکی شانازیخوڵقێن بوو کە لە هەر جێیەکی شەڕو پێکهەڵپڕژان لە نێوانی پێشمەرگەو بەکرێگیراوانی ڕێژیم دا هەڵ دەگیرسا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە نان و ئاوو دەرمان و تەقەمەنی و پێداویستییەکانی بەرگری و بەرخۆدانەوە بە هانایانەوە دەچوون و ورەی شۆڕشگێڕانەیان بەرز دەکردنەوە.

زیاتر لە سێ ساڵ دوای بەرپابوونی راپەڕینە چەکدارانەکەی ٤٧ ـ ٤٦ کاتێك دەستەیەك لە تێکۆشەرانی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران هێرشیان کردە سەر پاسگای سیاکەل خۆبەزلزانانە ئەو ڕووداوەیان بە سەرەتای بەربەرەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە قەڵەم داو گوللەی چریکە خەباتگێڕەکانیان بە یەکەم گوللە دانان کە بەڕووی دیکتاتۆریی حەمە ڕەزاشادا تەقینەوە. کاتێکیش لە بارەی حاشا کردن لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانەوە ڕەخنەیان لێدەگیرا، دیسان بە رووح زلی و بەرزەفڕییەوە بزووتنەوەی کوردستانیان بە ڕووداوێکی ناوچەیی دەزانی و ئەوەکەی سیاکەل بە راپەڕینێکی سەرانسەری، یانی چەند شارستان و دەیان هەزار کیلۆمیتر مەیدانی خەباتی تێکۆشەرانی کوردیان بە چووکتر لە تەنیا پاسگایەکی ژاندارمیری لەقەڵەم دە دا.

ئەمڕۆ کە بە شانازی و هەر لەو کاتەدا بە واقیع بینییەوە ئاوڕ لە ڕووداوەکانی ساڵانی ٤٧ـ ٤٦ دەدەینەوە، هێندێ ئەزموونی بەنرخ لەو ڕووداوە مێژوویییەدا دەبینین. پێش هەموو شتێك ئەوە کە دوژمنێك هەرچەند بەهێزو دەسەڵات بێ، ئەگەر لەخۆبووردوویی و فیداکاری لە ئارا دا بێ، شۆڕشگێڕان دەتوانن بەرامبەری ڕاوەستن، زەبری لێبوەشێنن و شان و شەوکەتی تێك بشکێنن. ژمارەی پێشمەرگەکانی راپەڕین لەو ساڵانەدا قەت نەگەیشتە دووسەد کەس. لەبەرامبەردا ڕێژیم دەیان هەزار چەکداری بۆ بەرەنگار بوونەوەیان دەنگ دابوو. بەو حاڵە توانیان ١٨ مانگ بەسەربەرزییەوە خۆڕاگرن و ئەگەر هەلو مەرجی دەوروبەر لەبار بایە، دەکرا بۆ ماوەی زۆر زیاتریش درێژە بدەن و زەبری زۆر کاریگەرتریش بوەشێنن.

ئەزموونی بەنرخی دیکە ئەوەیە کە تێکۆشەرانی کورد هەمیشە دەتوانن حیساب لەسەر پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکەن و وەك قەڵایەکی پتەو پاڵیان وێ بدەن. لەو ١٨ مانگەدا کە راپەڕین لە ئارادا بوو دوژمن شارو گوندو شاخ و دەشتی وەك یەك بە چەکداری بەکرێگیراو تەنیبوو. بەڵام شۆڕشگێڕەکان کە بە پشتیوانیی خەڵکی خۆیان پشت ئەستوور بوون هەموو ماڵێکیان بۆ ببووە پەناگایەك و هەموو مووچەو مەزرایەکیان بۆ ببووە سەنگەرێك.

ئەزموونی بەرامبەر کە دەبێ وەریگرین ئەوەیە کە راپەڕینێکی ڕزگاریخوازانە نابێ تەنیا پشت بە فیداکاری و لەخۆبووردوویی و قارەمانەتی و ئازایەتی ببەستێ. بزووتنەوەیەکی چەکدارانە پێویستە لە هەموو بارێکەوە ئامادە بکرێ، تەشکیلاتێکی بەرینی لە پشت بێ، بەرنامەی کورتخایەن و درێژ خایەنی دیاری کردبێ، لە باری ماڵی و تەداروکاتی و چەك و تەقەمەنییەوە مشووری بۆ خورابێ و تەیار کرابێ و سەرباری ئەوانەش پشتی جەبهەیەکی جێگای متمانەی بۆ پێش بینی کرابێ.

بەهەرحاڵ، بزووتنەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٧ ، ١٣٤٦ پاش ١٨ مانگ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمێك کە نەخشی ژاندارمی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا وەئەستۆ گرتبوو، ناچار بە پاشەکشە کراو پاش دامرکانی بڵێسەی چەکی پێشمەرگەکانی، کۆنەپەرستی وەك ورچی بریندار پەلاماری خەڵکی بێدیفاعی داو رقی کەڵەکەبوو لە پێشمەرگەی دیموکراتی بە خەڵکی بێدەرەتانی ناوچەکانی مەیدانی چالاکیی شۆڕشگێڕان ڕشت و بە دەیان و سەدان کەسی ڕەوانەی زیندانەکان کرد.

لە راپەڕینی چەکدارانەی ٤٧ ـ ٤٦دا زۆر ڕێبەری بەوەج و زۆر تێکۆشەری جێگای هومێد گیانیان لە دەست داو درێژەی ڕێگای خۆیان بە هاوبیران و هاوسەنگەرانیان سپارد. ئەو هاوڕێ شەهیدانە بۆ هەمیشە تاجی سەروەری بە سەر تێکۆشەرانی دیموکرات و خەباتگێڕانی کوردەوەن و ناویان و یادیان بۆ هەمیشە لە دڵی میللەتی کوردو مێژووی کوردستان دا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

بۆ ئێمەو هەموو تێکۆشەرانی دیموکرات کە ئەم ڕۆژانە پاش چل ساڵ یادی بەرپابوونی بزووتنەوەی ٤٧ ـ ٤٦ دەکەینەوە، هەم ئەزموونەکانی ئەو راپەڕینە بەشکۆیە چرای ڕوونکەرەوەی ڕێگای خەباتن و هەم مەرگی سەربەرزانەی هاوسەنگەرانی ئەو ساو دواترو لە سەرووی هەموویانەوە ڕێبەرانی شەهید د. قاسملووو د. شەرەفکەندی مایەی شانازی و سەرفیرازییە. با هەوڵ بدەین شایستەی وەرگرتنی میراتی ئەو ڕێبەرانەو هەڵگرتنی ئاڵای دەستی ئەو شەهیدانە بین، کە "باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژە پێدانی ڕێگایانە"

سڵاو لە یادی راپەرینە شکۆدارەکەی ساڵەکانی ١٣٤٧ ــ ١٣٤٦.

نەمری بۆ گیانی مەلا مەحموودی زەنگنە، نەحۆ پاشایی (باپیر شکاك)و هاوڕێیانی، سمایلی شەریفزادەو هاوڕێکانی، سولەیمان و عەبدوڵڵا موعینی و هاوڕێکانیان، مەلا ئاوارەو هاوڕێکانی، مینە شەم، سەید فەتاح نیزامی، محەممەدی ڕەسووە مەرە، ساڵح لاجانی و هاوڕێکانی، مەلا ڕەحیم وێردی و هاوڕێکانی و هەموو شەهیدانی بزووتنەوەی ٤٧ ـ ٤٦.

سڵاو لە گیانی پاکی هەموو شەهیدانی حیزب و گەل و لە سەرووی هەموویانەوە ڕێبەرانی شەهید قازی، قاسملووو شەرەفکەندی

بەرقەرار بێ ئازادی و دیموکراسی و یەکسانی

بژی کوردو ڕزگاری بۆ کوردستان

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

١٣٨٦/٢/٢٥

درێژەی لاپەڕەی ١

## لەڕێورەسمێکی تایبەتی لە بنکەی دەفتەری سیاسیدا،

# ڕێز لە چلەمین ساڵی دەست پێکردنی راپەڕینی چەکدارانەی ٤٧ ـ ١٣٤٦ گیرا





مامۆستا حەسەن زادە پاشان باسی نەخوازراو و داسەپاو بوونی راپەرینەکەی کردو گوتی زۆر مەرجی پێویست بۆ راپەرینی چەکدارانە ئامادە نەبوو، بەڵام ڕێگایەکی دیکە بۆ ئەو خەباتگێرانە نەمابۆوە ئەوان تەنیا پشتیان بە دوو شت بەستبوو:

١ـ ئیرادەیەکی پتەو بۆ ئەوەی یا بەسەر بەرزی بژین یا بە سەربەرزی سەر بنێنەوە.

٢ـ پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵك.

لەگەڵ ئەوەی هێزی ئەوان لەو راپەرینەدا هیچکات نەگەیشتە ٢٠٠ کەس و چەك و تەقەمەنییەکی ئەوتۆشیان نەبوو، بەڵام توانیان دوورگەی ئارامی حەمەرەزا شا بشێوێنن و بۆ ماوەی ١٨ مانگ لەبەرامبەر لافاوی لەشکری ڕەنگاورەنگو پۆشتەو پەرداخی ڕێژیمی شادا ڕابوەستن. ئەوان نەك هەر لە مەیدانی شەڕدا، بەڵکوو لە هەموو مەیدانەکان دا قارەمان بوون، لە ئەسارەت و لە بەرامبەر ئەشکەنجە گەرانیشدا قایم و خۆڕاگر بوون."

ڕێزدار حەسەن زادە لە بەشی کۆتایی قسەکانیدا گوتی: "سەربەرزین بەوە کە مێژووی حیزبەکەمان رووداوی وا گەورەو قارەمانانی وای تێدا هەڵ کەوتوون. ئێمە نابێ هەر شانازییەکانی وان هەڵبگرین دەبێ ئاڵاکەشیان هەڵبگرین. لە یادی ئەو شەهیدانەدا هیچ شتێکمان نیە وڵامدەری ئەو گەورەیییە بێ جگە لە پەیمان بەستن لەگەڵیان بۆ درێژەدانی ڕێگەکەیان و دەرس وەرگرتن لە ئەزموونەکانیان."

بە دوای وتارەکەی مامۆستا حەسەن زادە، خاتوونی شاعیر حەلیمە ڕەسوولی، شێعری "کوردم و کوردستانم دەوێ"ی شاعیرو شۆڕشگێڕی شەهیدی جووڵانەوەی ٤٧ ـ ٤٦، مەلا ئاوارەی خوێندەوە.

لە درێژەی ڕێورەسمەکەدا بەڕێز سمایل بازیار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، باسێکی لەژێر ناوی "خوێندنەوەیەکی مێژووی جووڵانەوەی چەکدارانەی ٤٧ ـ ١٣٤٦"ی پێشکێش کرد. هاوڕێ بازیار بەستێن و زەمینەی دروستبوونی ئەو راپەرینەی لە ئاستی نێونەتەوەیی، ناوچە، ئێران و کوردستان دا هێنایە بەرباس. ئەو ڕووداوانەی ئاماژە پێکردن کە ببوونە هۆی دروستبوونی چەشنێك روحی خەباتگێڕی بەتایبەتی لە جیهانی سێهەم داو کاریگەریی ئەم ڕووداوانەو تین و تاوی شۆڕشگێڕی لەسەر ڕێبەرانی راپەرینی چەکدارانەی ٤٧ ـ ١٣٤٦ی هێنایە بەرباس.

بەڕێز بازیار گوتی: شا بە خەیاڵی خۆی هەموو بەرهەڵستێکی لە نێو خۆی ئێران دا سەرکوت کردبوو و وڵاتی کردبوو بە جەزیرەی سەقامگرتوویی و ئارامی. بەڵام ڕێبەران و تێکۆشەرانی بەشدار لەو راپەرینەدا راست لە ساڵێك دا کە شا پاش بیست ساڵ شایەتی تاجی شایەتی لەسەر خۆی و فەرەحی هاوسەری داناو پێی وابوو لە هەموو مەترسییەك رزگاری بووە، خەویان لەچاو ئەو ڕێژیمە تاراندو ئاسودەییان لێ تێك دا.



هاوڕێ سمایل بازیار کاریگەریی ئەو راپەرینەی سەرەڕای تێك شکانی خوێناوی، لەسەر ئێران و کوردستان بە گرنگ ناوبردو گوتی گومانی تێدا نیە کە حەرەکەتی سیاهکەل ئیلهامی لە حەرەکەتی ٤٧ ـ ٤٦ شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەرگرتبوو. هەروەها ئاماژەی کاریگەریی ئەم راپەرینە لەسەر خوێندکارانی کورد لە زانستگەکانی ئێران کرد. گوتیشی بۆ نەسڵی ئێمە، ئەوانەی لەسەروبەندی شۆڕشی ئێران لە نێوان ٢٠ تا ١٥ ساڵ دا بوون، تێکۆشەرانی شەهیدی جووڵانەوەی چەکدارانەی ٤٧ ـ١٣٤٦ ئۆلگوو بوون.

بەدوای باسەکەی بەڕێز بازیاردا، شاعیری لاو ڕەسوڵ سوڵتانی، شێعری گەرمەشێنی مامۆستای نەمر هێمن موکریانیی خوێندەوە کە کاتی خۆی بۆ ڕێزنان لە شەهیدانی ٤٧ ـ ٤٦ گوتراوە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەم ڕێورەسمەدا لەوحی ڕێزلێنانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن هاوڕێ عەبدوڵڵا بەهرامی ئەندامی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی پێشکێش بە ٣ تێکۆشەری بەشدار لە بزووتنەوەی ٤٧ ـ١٣٤٦دا کرد. ئەو سێ تێکۆشەرە کە تا ئێستاش لەسەر ڕێگای هاوڕێ و هاوسەنگەرانی شەهیدیان بەردەوامن و لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا خەبات دەکەن، بریتی بوون لە بەڕێزان:

١ــ ئەحمەد نستانی ٢ــ خدر عەبدوڵڵاهی (خلە قەزا)و مام مراد رۆستەمی.

ڕێورەسمی چلەمین ساڵی دەست پێکردنی راپەرینی چەکدارانەی ٤٧ ـ ١٣٤٦، بە دوای خوێندنەوەی شێعری "لایە لایە"ی شاعیری شەهید مەلا ئاوارە لەلایەن خاتوو ڕووناك خاتوونییەوە، کۆتایی پێ هات.

**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزب و کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان

## ▪بانە : چالاکیی تەبلیغی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات

ڕێکەوتی ٨٦/٢/١٠ ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە چەند شەقام‌و گەڕەکی ئەو شارە دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی تراکت‌و دەقی "هێڵە گشتی‌یەکانی ڕێبازی ئێمە". ئەو شوێنانەی ئەم چالاکییەی لێ بەڕێوە چووە بریتین لە شەقامی ئامووزش‌و پەروەرش، دەوروبەری مزگەوتی حاجی وەیسی، فەلەکەی مروەتی‌و چەند گەڕکێکی شەقامی بیمارستان.

## ▪بۆکان: چالاکیی بەرینی تێکۆشەرانی نهێنیی حیزبی دیموکرات

لە ماوەی ڕۆژانی ١٥ـ ١٠ی بانەمەڕ ژمارەیەك لە تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنیی حیزب چالاکییەکی بەرینی تەبلیغاتییان بەڕێوەبرد. شایانی باسە لەم چالاکییەدا کە شوێنە گشتییەکانی شاری گرتەوە، ژمارەیەکی بەرچاو لە CD ڕێورەسمەکانی حیزب، تراکت، ڕۆژژمێر بڵاوکرانەوەو ڕێزنامەی دەفتەری سیاسیی حیزب بۆ ژمارەیەك لە بنەماڵەی شەهیدانی ناوچەی بۆکان نێردرا.

## سەقز: کوژرانی دەرەجەدارێکی ستادی مەرکەزیی هێزی ئینتیزامی

ڕێکەوتی ٨٦/٢/٢٠ کاتژمێر ٨ی سەرلەبەیانی لەندکرۆزێرێك لەبەردەم ستادی ناوەندی هێزی ئینتیزامی لە بلواری سەقز لە دەرەجەدارێکی داو کوشتی. شایانی باسە شۆفیری ئەو لەندکرۆزێرە خەڵکی سەقزەو دەسگیر کراوە.

## بە هۆی خۆپێکدادانی دوو ماشێن کەسێك کوژراو چەندین کەسیش بریندار بوون

ڕێکەوتی ١٨ی بانەمەڕ لە ئاکامی پێکدادانی نێوان مینی بووسێك‌و ماشێنێکی پژۆدا لە جادەی مەهاباد سەردەشت هەر دووك ماشێنەکە سووتان. بە پێی زانیارییەکان بە هۆی ئەو ڕووداوە شۆفێری پژۆکە بە ناوی هێمن ئەمینی گیانی لەدەست داوەو چەند کەس لە موسافیرەکانی مینی‌بووسەکەس بریندار بوون.

## بانە : گوشاری هێزەکانی ئەماکن بۆ سەر خەڵکی بە بیانووی بەربەرەکانی لەگەڵ "بەد حیجابی"



هێزەکانی ئەماکن بۆ سەر خەڵکی بە بیانووی بەربەرەکانی دەگەڵ بەدحیجابی‌و "کاسێتی بێ‌مۆڵەت" هەموو ڕۆژێ‌و بە تایبەت ئێواران دەڕژێنە سەر شەقامەکان‌و دەست دەکەن بە پشکنینی ماشێنی خەڵك. شایانی باسە ئەو هێزانە تەنانەت شریتی ماشێنەکانیش تاقی دەکەنەوەو تا ئێستا دەستیان بەسەر چەند ماشێن دا گرتوە. جگە لەوانە هەر لە چوارچێوەی ئەم پیلانەدا شەوانە هێرش دەکەنە سەر ماڵان، ڕۆژانەش دەچنە سەر دوکانی موبایل فرۆشەکان‌و دەست دەکەن بە پشکنین‌و بە تاڵان بردنی کاڵاکانیان.

## شنۆ:

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢١ی بانەمەڕ قوتابی‌یەکانی پۆلی دووهەم‌و سێهەمی قوتابخانەی ئاوایی‌یەکانی "نەلۆس"و "دێ شەمس"و "هێیە" بۆ سەیران دەبردرێنە جەنگەڵەکانی میراوێ.

نانی نیوەڕۆیان لە گوردانی نەلۆسێڕا بۆ دێ‌و پاشان لە لایەن بەرپرسی بەسیجەوە فۆرمی بەسیجیان پێ‌دەدرێ کە دەگەڵ ئیعترازو ناڕازی‌بوونێکی زۆرەوە ڕووبەڕوو دەبێ‌و هەر لە پێش چاوانی بەرپرسان فۆرمەکان دەدڕێنن.

## سەرکەوتنی وەرزشوانێکی سەقزی

سامان تەهماسبی وەرزشڤانی سەقزی "کشتی فرنگی" لە کێبەرکێیەکدا کە لە قرقیزستان بەڕێوە چووە توانی لە کێشی ٨٤ کیلۆی ئاسیادا میداڵیای زێڕ بە دەست بهێنێ.

## مانگرتنی مامۆستایانی شاری کرماشان

ڕۆژی ٢ی مای نزیك بە ٢٠٠٠ کەس لە مامۆستایانی پارێزگای ئۆستانی کرماشان لە پارکی موعەلیم لە بەردەم ئامووزش‌و پەروەرشی ئەو شارە مانیان گرت. داوای مامۆستایانی مانگرتوو ئەوە بوو کە مووچەی کەمیان زیاد بکرێ، بەڵام دوای ماوەیەك لەلایەن هێزی تایبەت بڵاوەیان پێ‌کرا.

## فشاری ئیدارەی ئەماکن بۆ سەر ژنان‌و کچان پەرە دەگرێ




چەند ڕۆژێکە پرۆسەی خەبات دژی "بەد حیجابی" شارەکانی کوردستان لەوانە بۆکان، سەقز، بانە، مەهابادی گرتۆتەوە. مەئموورانی ئیدارەی ئەماکن ڕۆژانە بە بیانووی "بەد حیجابی" لە شەقام‌و شوێنە گشتییەکانی ئەو شارانە بەربینگ بە ژمارەیەکی زۆر لە ژنان‌و کچان دەگرن‌و بێ ڕێزییان پێ دەکەن‌و ئازاریان دەدەن‌و تەنانەت هێندێك لەوانیش دەستبەسەر دەکەن. هەر لە چوارچێوەی ئەم پرۆسەیەدا کە ئامانج لەو بەرتەسك کردنەوەو سەرکوتی هەرچی زیاتری ئازادییە تاکە کەسییەکانی هاووڵاتیانە لە شاری بۆکان چەند دوکانی پۆشاك‌و موبایل فرۆشی پلۆمپ کراون.

## بۆکان: بەسیجیکی ڕێژیم ژنەکەی خۆی کوشت

ڕۆژی ١١ ی بانەمەر لە گوندی شێخاڵیی ناوچەی بۆکان کەسیك بە ناوی "ڕەزا" کە بەسیجە، تەقە لە خێزانەکەی خۆی بە ناوی زارا شامە دەکا و لە ئاکام دا دەیکوژێ. تا ئێستا هۆکاری کوشتنی ئەو ژنە ڕوون نەبۆتەوە بەڵام ڕێژیم دەیهەوێ وا نیشان بدا کە ئەو قەتڵە عەمدی نیە و گوللەی لە دەست دەرچووە.

## ڕۆژنامەی"شرق" دەست بە وەشان دەکاتەوە

ڕۆژنامەی شەرق لەم مانگەدا دەست بە بڵاوبوونەوە دەکات. بریار وایە مەهدی ڕەحمانیان سەرنووسەریی ئەم ڕۆژنامەیە بگرێتە ئەستۆ. "شەرق" لە دەورەی پێشووی خۆی‌دا توانیبووی خوێنەرێکی زۆر لە دەوری خوی کۆ بکاتەوەو دواتر بە تاوانی بڵاوکردنەوەی کاریکاتۆرێك بۆ هەمیشە داخرا.

سایتی بازتاب ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە بڕیار وایە ڕۆژنامەی "شەرق" لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا بڵاو بکرێتەوە. بێ گومان ئەوەی وای کرد ئەم ڕۆژنامە لە دەورەی پێشووی‌دا سەرکەوتن بەدەست بێنێ. ڕەخنەگربوون‌و بایەخدانی بە زۆر مەسەلەی جێی فەرامۆشیی ڕۆژنامەکانی دیکەی ناو ئێران بوو.

ئەم ڕۆژنامەیە بەهۆی بایەخدانی بە پرسی نەتەوەیی، لە کوردستانیش خوێنەری بەردەوامی خۆی هەبوو.

هاوکات محەمەد قووچانی سەرنووسەری پێشووی"شەرق" لە ڕۆژانی داهاتوو ڕۆژنامەی"هم میهن" بڵاو دەکاتەوە. ئەم ڕۆژنامەیە لە ژێر سەرپەرستیی غولام حوسێن کەرباسچی بڵاو دەکرێتەوە. قووچانی وتی:"ئەم ڕۆژنامەیە، ڕۆژنامەیەکی ریفۆرمخوازو سەربەخۆ دەبێ‌و بە هیچ جۆرێك سیاسەتەکانی کاربەدەستان بڵاو ناکاتەوە".

## سەقز: سێ کەس لە ئەندامانی بنەماڵەیەك بەهۆی گاز گرتوویی گیانیان لە دەست دا

سێ کەس لە ئەندامانی بنەماڵەیەکی گەڕەکی شانازی سەقز بە هۆی دەڵانی گاز، خنکان‌و گیانیان لە دەست دا.

ڕێکەوتی ٨ی بانەمەڕ چوار کەس لە ئەندامانی بنەماڵەیەك لە کاتی خەودا بە هۆی دەڵانی گاز، تووشی گاز گرتوویی بوون‌و لە ئاکامدا سێ کەسیان بە ناوەکانی: حەمەساڵح مەعرەفەتی، پەروانە ئەحمەد زادەو ئارەزوو مەعرەفەتی (کە نزیکەی چەند ڕۆژ پێشتر ببووە دەزگیرانی کوڕێکی بۆکانی بە ناوی شۆڕش سەلیمی) گیانیان لەدەست داو ئەندامی چوارەمی ئەو بنەماڵەیەش بۆ ماوەی چەند ڕۆژ لە حاڵی کۆمادا بوو. "کوردستان" بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لەو بنەماڵە بەڕێزە دەکاو خۆی بە هاوبەشی خەمیان دەزانێ؟

## مەهاباد: سووکایەتیی هێزەکانی ڕێژیم بە لاوان‌و ژنان درێژەی هەیە




لە درێژەی بەڕێوەبردنی گەڵاڵەی بەربەرەکانی لەگەڵ بەد حیجابی‌دا ڕۆژانە لە شەقام‌و شوێنە گشتییەکانی شاری مەهاباددا چەندین ژن‌و لاو لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە سووکایەتییان پێ دەکرێ یان دەستبەسەر دەکرێن. ڕێکەوتی ٢١ی بانەمەڕ لە شەقامی شاپوور هێزی ئینتیزامی بە بیانووی" بەدحیجابی" بە ڕەنگی ئیسپری جلوبەرگی چەند کچیان ڕەنگ کردو هاوکات لەگەڵ ئەوەش هەڕەشەیان لێ‌کردوون ئەگەر درێژە بەم شێوە جل پۆشینە بدەن تووشی سزای قورستر دەبنەوە.

## لە ئێران پارکی تایبەت بە ژنان دروست دەکرێ

جێگری خەدەماتی شاری لە شارەداریی تاران وتی:" ئەمسال یەك تا دوو پارکی تازەی تایبەت بە ژنان دروست دەکرێن" ئەو وتی:" ئەم پارکانە بە تەواوی جیا لەو پارکانەی دیکەیەو تایبەت بە ژنان دەبێ".

پارکی تایبەت بە ژنان لە کاتێك دروست دەکرێ کە ئێران گەورەترین کێشەی لە گەڵ ژنان هەیەو گەڵاڵەی جیاکردنەوەی ژنان‌و پیاوان کە حکومەت بیست ساڵ لەمەوپێش کاری بۆ کردوە تا ئێستا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە.

کارناسێکی سیاسی لەو بارەیەوە بە تایبەت بە "کوردستان‌و کورد"ی وت:" ئەم هەولانەی ئەم دوایانەی حکومەت دەکەوێتە ناو بازنەی بەرنامەی شۆڕشی فەرهەنگیی دووهەم کە ماوەیەکە بۆ تەواو کردنی شۆڕشی فەرهەنگیی یەکەم دەست پێ کراوە. ئەمە تا ئێستا لە گەڵاڵەی دژایەتی لە گەل بێ‌حیجابی‌و فشار هێنان بۆ سەر خویندکارانی زانکۆی ئەمیرکەبیدار خۆی بینیوەتەوە".

ئەو لە بارەی ئەگەری سەرکەوتنی ئەو پرۆژانە وتی:" فەزای ئێران فەزای بیست ساڵ لەمەوپێش نیەو ئەگەری سەرکەوتنیان زۆر کەمەو ئەمەش هەزینەی زیاتر دەخاتە سەر شانی حکومەت".

## بەندییە سیاسی‌یەکانی بەندیخانەی دێزیل ئاباد لە هەلومەرجێکی زۆر خراپ دان

بە پێی ئەو ڕاپۆرتانەی لە بەندیخانەی "دێزیل ئاباد"ەوە گەیشتوون، بەندییە سیاسییەکانی ئەم بەندیخانەیە لە باری لەشساغی‌و گوزەرانەوە لە هەلومەرجێکی زۆر خراپ دا دەژین.

ئەکبەر پەنجابی مەحکووم بە حەبسی ئەبەد، محەممەد زیسی مەحکووم بە ٩ ساڵ زیندان، محەممەد مرادی مەحکووم بە ٢٢ ساڵ زیندان، عەلی سوڵحی مەحکووم بە ٢٢ ساڵ زیندان ، پەیمان خەنجەری مەحکووم بە ٢٧ ساڵ‌و ستارەی ئەرکوازی لەو بەندییە سیاسییانەن کە لە هەلومەرجێکی زۆر خراپی لەشساغی لەم بەندیخانەیەو لە نێو بەندییە ئاسایی‌و مەترسیدارەکان دا ڕاگیراون.

جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە پەیمانی خەنجەری ناچار بە دوور خرانەوەو مانەوەی زۆرەملی لە یەکێك لە گوندە دوورەکان کراوەو تەنگو چەڵەمەو بەربەستی زیاتر بۆ ئەو بنەماڵەیە پێك هاتوە. تێکۆشەرانی بواری مافی مرۆڤ لە ئێران نیگەرانیی خۆیان لە بارودۆخی ژیانی ئەم زیندانییانە ڕاگەیاندوەو داوایان لە ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکان کردوە بە فریای ئەو بەندییە سیاسییانە بگەن.

ماڵپەڕی: "اخبار روز"

## هێزی ئینتیزامیی بانە بە شەو پەلاماری بردە سەر ماڵی بازرگانێك

هێزی ئینتیزامیی شاری بانە شەوی ١١ی بانەمەڕ پەلاماریان بردە سەر ماڵی بازرگانێکی موبایل بە ناوی حوسێن بەگی ئەمین زادە بەو مەبەستە کە دەست بەسەر کاڵاکانی دا بگرن. بەڵام ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە بەرەنگارییان بوونەوەو لە ئاکام دا ٣ کەس لەو هێزانەی ڕێژیم بریندار بوون.

شایانی باسە چەند شەو پێشتریش هەر ئەو هێزە هەڵی کوتاوەتە سەر ماڵێکی دیکە کە خاوەنەکەی ناوی ئازادە.

## بانە : کۆچی دوایی دڵسۆزێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ڕێکەوتی ١٦ی بانەمەڕ ئەندام‌و دڵسۆزێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی بانە بە ناوی کاك حەمە سەلیم کۆچی دوایی کرد. ناوبراو یەکێك لەو ئەندامە بە ئەمەگو دڵسۆزانە بوو کە بەردەوام داکۆکیی لە ڕەوایی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان‌و حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکردو تا دوا هەناسە بە ئامانجەکانی نەتەوەکەی وەفادار مایەوە. شایانی باسە لە ڕێورەسمی بەخاك ئەسپاردنی ئەم مرۆڤە نیشتمانپەروەرەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی ناوچە بەشدارییان کردبوو.

بەبۆنەی کۆچی دوایی ئەو مرۆڤە نیشتمانپەروەرە خۆمان بە هاوبەشی خەمەکانی بنەماڵەو دۆستانی دەزانین.

## سنە : ڕۆژنامەنوسێکی کورد دادگایی کرا

سەدیق مینایی ئەندامی دەستەی نوسەرانی پێشووی ڕۆژنامەی داخراوی "ئاسۆ" لە شاری سنە دادگایی کرا. دادگایی کرانی ناوبراو دەگەڕێتەوە بۆ نووسینی وتارێك بە ناوی" کردهاو علل نا امیدی از مشارکت در انتخابات" لەو حەوتوونامەیەدا.

لە دادگا تۆمەتی "هەواڵدان بۆ تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی" ڕووبەڕووی ناوبراو کرایەوە، بەڵام مینایی ئەو تۆمەتەی ڕەد کردەوەو وتی:" ئامانجم لە نووسینی ئەو وتارە ئاگاکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك لە ڕووداوە سیاسییەکانی نێو وڵات بووە".

هەر لەم دانیشتنەی دادگا دا دوایین وتەکانی سەدیق مینایی وەرگرت‌و بڕیار وایە لە داهاتوو دادگا بڕیاری کۆتایی خوی دەربکا.

هەروەها دادگای پێڕاگەیشتن بە "تۆمەتەکان"ی ڕۆژنامەنوس عەدنان حەسەن پوور کە بڕیار وابوو ئەمڕۆ بەڕێوەبچێ، بە هۆی ئامادە نەبوونی ناوبراو لە دادگا دواخرا بە کاتێکی تر. عەدنان حەسەن پور ئێستا لە زیندان دایەو شوێنەکەی نادیارە.

## سنە : مانگرتنی مامۆستایانیش وەك ڕێپێوانی کرێکاران لەگەڵ دژکردەوەی سەرکوتکەرانەی ڕێژیم بەرەوڕوو بوو



پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕ، کۆمەڵێك لە مامۆستایانی شاری سنە لەبەرامبەر ئیدارەی "آموزش و پرورش کل" لە شەقامی ئیقبال بۆ ماوەی زیاتر لە ٣ کاتژمێر مانیان گرت. ئەوەش لە کاتێك دابوو کە کەشوهەوای شار بە تەواوی ئەمنییەتی‌و پۆلیسی بوو. جێی ئاماژەیە کە هێزەکانی ڕێژیم هێرشیان کردە سەر مامۆستایان‌و بە گوێرەی هەواڵ ١٦ کەسیان قۆڵبەست کردو ڕەوانەی بەندیخانەیان کردن. پێویستە بگوترێ بە هەوڵی "امین شعبانی" نوێنەری سنە لە مەجلیس چەند کەسێك لە مامۆستایان بە زەمانەت ئازاد کراون.

هەروەها هەر ئەو ڕۆژە، مامۆستایانی قوتابخانەکانی شاری مەریوان دەرگای پۆلەکانیان داخست‌و بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لەبەردەم ئیدارەی پەروەردەو فێر کردنی ئەو شارەدا کۆبوونەوە. لەو خۆپیشاندانەدا زیاتر لە هەزار مامۆستا بەشدار بوون‌و بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەك داخوازەکانیان هێنایە گۆڕێ.

شایانی باسە ڕۆژی ١١ی بانەمەڕیش لە شەقامی سەفەوی، لە پێش ئیدارەی پێوەندییەکانی کاری سنە، کۆمەڵێك لە کرێکاران کە بۆ پیرۆز ڕاگرتنی ١ی مای، ڕۆژی کرێکارو داوا کردنی سەرەکیترین مافەکانیان کە بریتین لە زیاد کردنی هەقدەست، گەڕاندنەوەی کرێکارانی دەرکراو بۆ سەر کارەکانیان، ئازاد کردنی کرێکارە بەندکراوەکان‌و زیندانی‌یە سیاسییەکان، دابینکردنی ئاسایش‌و ئەمنییەتی هاوڵاتیان کۆبوونەوە، کەوتنە بەر هێرش‌و بڵاوەیان پێ‌کرا.

## ڕەبەت: دەستڕێژی هێزەکانی ڕێژیم لە کاسبکاران

چەند ڕۆژ لەمەوبەر، ژمارەیەك کاسبکاری ناوچەی ڕەبەت کە بە ماشێن باریان رادەگواست، لە سێ ڕێیانی بێزیلێ ـ سەردەشت ـ ڕەبەت، کەوتنە کەمینی هێزەکانی بەناو ئێنتیزامی‌و تەقەیان لێ کرا. لە ئاکام دا چەند کەس لە کاسبکاران گیران‌و چەند کەسیشیان بریندار بوون.

برینداره‌کان بریتین لە: ١ـ محەمەد عوسمانی خەڵکی لیلانێ، ٢ـ حوسێن عوسمانی خەڵکی لیلانێ.

# ژیان لە ژێر سێبەری گۆپاڵدا

**( ڕاپۆرتە هەواڵێك لە شاری مەهابادەوە )**

ئامادەکردنی: ڕێناس

هێزە ئینتیزامییەکان زۆرجار بە بیانووی جۆراوجۆر لەپڕ پەلامار دەبەنە سەر بنەماڵەی هاووڵاتیان‌و وێڕای پشکنینی ماڵەکان دەست بەسەر ڕسیوێری مانگیلەیی (ئانتن ماهوارە)دا دەگرن‌و سووکایەتی‌و بێڕێزی بە ئەندامانی بنەماڵەکە دەکەن. تەنانەت زۆرجار کامپیوتێری ئەو بنەماڵانەش لەگەڵ خۆیان دەبەن. بیانووی ئەو هێزانە زۆرتر ئەوەیە کە ڕاپۆرتیان پێ گەیشتوە لەو ماڵەدا کە پەلاماریان داوە کەل‌وپەلی قاچاخ حەشار دراوە. بۆ وێنە ڕۆژی ١٦ی بانەمەڕ ئەو هێزانە لە گەڕەکی "پشت تەپ" دەستیان کرد بە پشکنینی ماڵان‌و چەند کەسیان دەست بەسەر کردو چەندین ئانتێنی ماهوارەیان دەست بەسەر دا گرت.

هەر لەم پێوەندییەدا یەگانی تایبەت (ویژە) لە شاری مەهاباد ماوەیەکی زۆرە بۆ ڕێگا گرتن لە هاتنی باری قاچاخ بۆ نێو شار ڕێگە سەرەکی‌و ناسەرەکییەکانی نێوان شارو دەوروبەر کۆنترۆڵ دەکەن. ئەو هێزانە تەنانەت ڕێگەی ئەوەیان پێدراوە ئەگەر بە پێویستیان زانی تەقە لە هاووڵاتیان‌و ماشێنەکانیان بکەن. ڕۆژانە چەند کەس لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دەکەونە بەر دەسڕێژی ئەو هێزانەو بریندار دەبن، دەکوژرێن یان دەستبەسەر دەکرێن.

شایانی باسە نەبوونی سەرچاوەی داهات لە ناوچەکانی کوردستان وای کردوە خەڵك سەرەڕای هەموو ئەو مەترسییانەی بۆ دابین کردنی بژیوی ژیانیان ڕوو بکەنە کاری قاچاخ‌و لە سنوورەکانەوە کاڵای قاچاخ بەرەو شارو ناوچەکانی دیکەی وڵات ڕاگوێزن.

دوابەدوای دەرچوونی بڕیاری خەبات دژی بەدپۆشی (بدحجابی) هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئیسلامی لە شارەکانی کوردستانیش خەریکە دەست بە ئازارو ئەزییەتی ژنان‌و لاوەکان دەکەن.

لە شاری مەهابادو شارە گەورەکانی دیکەی کوردستان ئەو هێزانە کە مەئمووری ژنیشیان لەگەڵ دایە ڕێگە بەو ژن‌و کچە لاوانە دەگرن کە جل‌وبەرگی تەسك یان کورتیان دەبەر دایە یان قژیان بە دەرەوەیەو بەتوندی لەگەڵیان دەدوێن‌و بێڕێزییان پێ دەکەن یان ئەوە کە دەستبەسەریان دەکەن.

ئەم شەپۆلی ئازادیکوژییە لاوە کوردەکانیشی گرتۆتەوە. ئەوانیش سەبارەت بە شێوەی جل‌وبەرگو شێوازی فۆرمدانی ڕیش‌و قژیان لەلایەن ئەو هێزانەوە ئازار دەدرێن‌و دەستبەسەر دەکرێن. تەنانەت موبایلی تاکەکانیش لە دەستدرێژیی هێزە سەرکوتکەرەکان نەپارێزراوە. ئەو هێزانە زۆرجار موبایلی لاوەکان وەردەگرن‌و وێنەو فایلی نێو موبایلەکان دەپشکنن‌و ئەگەر وێنە یان فایلێك لەگەڵ پێوانەکانی ئەوان دژایەتیی هەبێ بێڕێزی بە خاوەنەکەی دەکەن.

## بەڕێوە چوونی ئێوارە شێعرێك لە زانکۆی کوردستان‌و دەستێوەردانی حەراسەتی زانکۆ

ڕۆژی دووشەممە ٢٤ی بانەمەڕ لەلایەن ناوەندی شێعرو ئەدەبی خوێندکارانی زانکۆی کوردستان ئێوارە شێعرێك لە ژێر ناوی "بارانە شێعر" بە بەشداریی چەند شاعیری ناسراوی کوردستان بەڕێوە چوو.

لەو ئێوارە شێعرەدا کە دوو کاتژمێری خایاند، شاعیران سەعید نەجاری (ئاسۆ)، حیسامەدین ئەمین، ڕەئوف محەمەدپوور، سوهەیلا محەمەدی، عەدنان بەرزنجی بە خوێندنەوەی شێعر بەشدار بوون‌و هەروەها مەنسوور ڕەحمانی ڕەخنەگرو لێکۆڵەری ئەدەبی وتارێکی سەبارەت بە شێعر پێشکەش کرد.

بەپێی وتەی بەڕێوەبەرانی ئەم ئێوارە شێعرە چەندین شاعیری شارەکانی کرماشان‌و ئیلام بانگهێشت کرابوون بەڵام لەلایەن حەراسەتی زانکۆوە ڕێگە نەدرا شێعرەکانیان بخوێننەوە. هەروەها حەراسەتی زانکۆ پێشی بە شێعر خوێندنەوەی مامۆستا شەریف، جەلال مەلەکشا، ڕەحیم لوقمانی‌و سیمین چایچی گرت.

ئەم دەستێوەردانەی حەراسەت بۆتە هۆی ناڕەزایەتیی خوێندکاران‌و بەشدارانی کۆڕە شێعرەکەو لەلایەن ئەوانەوە مەحکووم کرا.

شایانی باسە لەم دوایانەدا ڕێژیم گوشارێکی زۆری خستۆتە سەر ناوەندو بڵاوکراوە خوێندکارییەکانی زانکۆی کوردستان‌و داواکارییەکانی ئەم ناوەندە بەردەوام لەلایەن داموو دەزگا ئەمنییەتییەکانی دەرەوەی زانکۆو هەروەها شووڕای فەرهەنگیی زانکۆوە ڕەت دەکرێتەوە. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە مانگی بانەمەڕی ساڵی ڕابردوو خوێندکاران بۆ ناڕەزایەتیی دەربڕین بەم گوشارانە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییانەیان پێك هێنا، بەڵام زۆربەی خوێندکارانی بەشدار لەودا سزا دران‌و یەکێك لەو سزادراوانە ئاسۆ ساڵح چالاکی خوێندکاری بوو کە لە تێرمێکی خوێندن هەڵپەسێردرا.

## مەحکوم کردنی کردەوەی تێرۆریستیی شاری مەخموور

بۆ جارێکی دیکە دەستی ڕەش و خوێناویی تێرۆریستان بەکردەوەی نگریسی خۆتەقاندنەوە لە ماوەی کەمتر لە حەوتوویەکدا گیانی دەیان ڕۆڵەی کوردی بێتاوانی ئەستاندو ژمارەیەکی یەکجار زۆریش بریندار بوون.

لە بەرەبەری جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی یاسای بنەڕەتیی عێراق کە تایبەتە بە گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، دەستی ڕەشی تاوانباران ڕۆژی ٢٠٠٧/٥/١٣ لە شاری مەخمووری بە زۆردابڕاو لە خاکی کوردستان دڕەندەیی‌و جەنایەتکار بوونی خۆیان بە دنیا نیشان دایەوەو جەستەی بێتاوانی دەیان کوردیان بە ڕق‌و کینی لە بن نەهاتوویان شەڵاڵی خوێن کرد.

بەو بۆنەوە لەگەڵ مەحکووم کردنی ئەو کردەوە تێرۆریستییە، سەرەخۆشی‌و هاوخەمیی خۆمان بۆ بنەماڵەی شەهیدەکان‌و سەرجەم خەڵکی کوردستان‌و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دووپات دەکەینەوەو هیوامان وایە هەرچی زووتر بریندارەکانیش ساخ‌و سڵامەتیی خۆیان وەدەست بهێننەوە.

بژی کوردستان

نەمان بۆ تیرۆرو تیرۆریزم

کۆمیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە فینلاند

حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمیتەی فینلاند

یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، کۆمیتەی فینلاند

پارتی دێموکراتی کوردستان، ڕێکخراوی فینلاند

حیزبی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریە، لیژنەی فینلاند

حیزبی شیوعیی کوردستان، عێراق، کۆمیتەی فینلاند

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کۆمیتەی فینلاند

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

### ئاڵمان:

## دیدارێکی دۆستانە



ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٥/٨ لەسەر بانگهێشتنی، پارتی ئازادیی کوردستان لقی ئوروپا، دیدارێکی دۆستانە لە نێوان کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و لێپرسراوانی پارتی ئازادیی کوردستان لە ئورووپاو ئاڵمان پێکهات.

لەم دانیشتنەدا ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و ئێران‌و کوردستان‌و پێویستیی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی، گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات خرانە بەرباس‌و لە کۆتاییدا لەسەر پەیوەندیی‌و هاوکاریی دوو لایەنە پێداگیرایەوە.

شایانی باسە، هەیئەتی پارتی ئازادیی کوردستان پێك هات بوو لە بەڕێزان ئەفشاری ئەقدەسی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی‌و بەرپرسی ئورووپاو بیژەن زیبایی بەرپرسی کۆمیتەی ئاڵمان‌و هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتی بوو لە بەڕێزان خالید حەسەنپوورو سوڵتان گوڵاوی.

## بەشداریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خۆپێشاندانی ڕۆژی جیهانیی کرێکاران لە شاری زوریخی سویس

ڕۆژی ١ی مای هەزاران کەس لە خەڵکی شاری زوریخی وڵاتی سویس کە تێیدا دەیان حیزب‌و ڕێکخراوی سیاسیی سویسی‌و جیهانی بەشدار بوون خۆپێشاندانێکیان وەڕێخست. لەو خۆپێشاندانەدا کە لە ناوەندی شار دەستی پێکردو لە یەکێك لە گۆڕەپانە سەرەکییەکانی شار کۆتایی پێهات، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بە ڕێژەیەکی بەرچاو، بە تراکت‌و دروشمی تایبەت بە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشدارییان کرد. شایانی باسە حدك بە فەرمی لە لایەن ڕێکخەرانی ئەو ڕێپێوانەوە بانگهێشتن کرا بوو.

### فینلاند:

## لە پەراوێزی ڕێوڕەسمی یەکی مای، ئەندامێکی بەشی پێوەندیەکان چاوی بە سەرۆکی وەزیران کەوت

ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمەکانی یەکی مای لە وڵاتی فینلاند چالاکانە بەشدارییان کرد. لە پەراوێزی یەکێك لە گەورەترینی ئەو مەراسمانەدا کە لە شاری هوڤینکە پێکهات، بەڕێز ئەیوب سووری ئەندامی بەشی پێوەندییەکان لە کۆمیتەی فینلاند چاوی بە سەرۆکی وەزیران ماتتی ڤانهانێن کەوت. بەڕێز سووری بە بۆنەی سەرکەوتنی حیزبی "کێسکوستا"(پارتی سەنتەر)، کە ڤانهانێن سەرۆکایەتیی دەکا، لە دوایین هەڵبژاردەکانی پەرلەمان‌و دووبارە هەڵبژێرانەوەی ڤانهانێن بۆ سەرۆکایەتیی وەزیران، پیرۆزبایی لێکرد. بەڕێز سووری لە وتەیەکدا هیوای خواست کە دەوڵەتەکەی ناوبراو پتر ئاوڕ لە پەنابەران بداتەوەو هەنگاوەکانی بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری لە نێو کۆچبەراندا چڕتر بکاتەوە.

شایانی باسە کە هەواڵی چاوپێکەوتنی بەڕێز سووری لەگەڵ سەرۆکی وەزیران لە میدیاکانی فینلاندا ڕەنگدانەوەیەکی باشی بەخۆیەوە بینی‌و ڕۆژنامەی "ئاموپۆستی" بەشێك لە دیدارەکەی بڵاو کردەوە.



## چالاکی‌یەکانی کومیتەی حیزب لە ڕۆژئاوای کانادا

لە ڕێکەوتی ٢٨ی ئاوریلی ٢٠٠٧، هاوڕێیان "حەسەن حاتەمی"و "محەمەد خادەمینی" لە وتووێژێکی ڕادیۆیی لەگەڵ "ڕادیۆ دەنگی کورد" لە شاری ڤانکوڤێر بەشدارییان کردو ماوەی ٤٥ خولەك لەسەر پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەلومەرجی ئەمڕۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری لە وڵاتانی تورکیەو فەرانسە، قسەیان کرد.

هەروەها کاتژمێر ٥ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ لەسەر بانگهێشتنی لیژنەی بەڕێوەبەریی ڕێورەسمی تایبەت بە ١ی مای، ژمارەیەك لە ئەندامانی حیزب لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی کرێکاردا بەشدارییان کرد.

لەو ڕیوڕەسمەدا کاك حەسەن حاتەمی لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە وتەیەکی پێشکەش کردو پیرۆزبایی ڕۆژی جیهانیی کرێکارانی لە گشت زەحمەتکێشانی کوردستان‌و جیهان کردو ڕۆڵی حیزبی سەبارەت بە لایەنگری‌و پشتیوانی لە زەحمەتکێشانی کورد بەرز نرخاند.

## دیدارێکی دۆستانە لەگەڵ پێتێر جولیان ئەندامی پارلمانی کانادا

ڕێکەوتی ١١ی مانگی مەی هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزب لە ڕۆژئاوای کانادا کە پێك هاتبوو لە هاوڕێیان ئەنور کەریمی بەرپرسی کۆمیتەو خەلیل ئەشکانی بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆمیتەی حیزب لە ڕۆژئاوای کانادا، چاویان بە بەڕێز پێتێر جولیان ئەندامی پەرلمانی کانادا کەوت‌و بە گەرمی لەلایەن بەڕێزیانەوە پێشوازییان لێکرا. تەوەرەی باسەکان بریتی بوون لە، لەژێرپێنانی مافەکانی مرۆڤ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران‌و سەرکوتی ڕۆژنامەنوسان‌و ڕۆشنبیران، هەروەها باسێکی دوورو درێژ لەسەر ژیانی نالەباری پەنابەرانی کورد لە تورکیە.

بەڕێز پێتێر جولیان وێڕای دەربڕینی داخ‌و کەسەری خۆی بۆ نالەباریی ژیان‌و گوزەرانی ئەو پەنابەرانە بەڵێنیدا داخوازیەکانیان بگەیەنێتە پارلمان‌و دەسەڵاتدارانی کاناداو هەوڵ بدا بۆ وەرگرتنی ژمارەیەکی زیاتر لە پەنابەرانی زیاتری کورد لە وڵاتی کاناداو بە گشتی هەوڵدان بۆ پشتگیری کردن لە مافی ڕەوای گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

## بەشداریی کۆمیتەی بلژیك لە ڕێورەسمی ١٤ی بانەمەڕی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە برۆکسێل

ڕێکەوتی ١٤ی بانەمەڕ کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە شاری برۆکسێل پێتەختی وڵاتی بلژیك، جێژنێکی بە بۆنەی ڕۆژی زمانی کوردی بەڕێوە برد کە ژمارەیەك کەسایەتیی کوردو ئورووپایی تێدا بەشدار بوون.

لەسەر بانگهێشتی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد شاندێك لە ئەندامانی کۆمیتەی حیزب لەو وڵاتە بریتی لە بەڕێزان کاوە ئاهەنگەری بەرپرسی کۆمیتەی بلژیك، سارا محەمەدی بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆمیتە، کەماڵ دادوەر ئەندامی کۆمیتە لەم ڕێوڕەسمەدا بەشدارییان کرد.

شایانی باسە کە بەرنامەکانی ڕێورەسمەکە بە باسێك لە سەر زمانی کوردی‌و گرینگایەتیی زمانی زگماکی بۆ نەتەوەی کورد دەستی پێکردو بە مۆسیقاو گۆرانیی کوردی‌و... نزیکەی ٤ کاتژمێری درێژەی کێشا.

## دۆستێکی کوردو حیزبی دێموکرات ئەگەری بوون بە وەزیری نوێی کاروباری دەرەوەی فەڕانسەی هەیە

کۆمەڵێك سەرچاوەی باوەڕپێکراو ئەگەری ئەوەیان بڵاوکردەوە کە بێرنارد کووشنێر وەزیری پێشووی سۆسیالیست بەرپرسایەتیی کاروباری دەرەوە لە حکوومەتی دەستە ڕاستیی داهاتووی فەڕانسەدا وەئەستۆ بگرێ.

"کلود گێیان" سکرتێری گشتیی داهاتووی کاخی ئێلیزە، پشت ڕاستی کردەوە کە چەند کەسایەتی‌یەکی پارتی سۆسیالیست وەك "هووبێرت ڤێدرین" وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوە لە حکوومەتی لیۆنێل ژۆسپەن، بێرنارد کووشنێر وەزیری پێشووی تەندروستی‌و نوێنەری پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆسۆڤۆو هەروەها چەند یاریدەدەرێکی پێشووی فڕانسوا میتران پێوەندییان پێوە گیراوە بۆ ئەوەی لە حکوومەتی نیکۆلا سارکۆزیدا بەرپرسایەتی وەربگرن.

لە پاش هەڵبژاردنی بە سەرۆك کۆماری فەرانسە، نیکۆلا سارکۆزی نیازی خۆی بۆ فرەوانکردنەوەی کابینەی داهاتووی حکوومەت نەك هەر بەرەو کەسایەتییە میانەڕەوەکان، بەڵکوو بۆ کەسایەتی‌یە چەپەکانیش ڕاگەیاند. ئەمە یەکەمجارە لە مێژووی نوێی فەڕانسەدا کە کەسانی سەر بە بەرەی چەپ لە حکوومەتێکی دەستی ڕاستیدا بەشدار دەکرێن.

بێرنارد کووشنێر بۆخۆی لە چەسپاندنی خێرای ئەم ڕوانینە تازەیە لە بەشداریی سیاسی نەخشی ببوو چونکە ئەو پێش دەوری دووهەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پێشنیاری کردبوو کە چەپەکان‌و میانەڕەوەکان بەرەیەکی هاوبەش پێك بێنن.

کووشنێر کە وێ دەچێ پێشنیاری سارکۆزی بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی دەرەوەی قبووڵ بکا، دۆستێکی لەمێژینەی گەلی کوردە. ناوبراو لە ڕێورەسمەکانی بەخاك سپاردنی شەهیدانی حیزبی دێموکرات دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو (١٩٨٩)و دوکتور سادق شەرەفکەندی (١٩٩٢) لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس‌و یادی دە ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو لە پارلمانی فەڕانسە، کە بە بەشداریی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە بەڕێوە چوون، وتاری هاودەردی‌و پشتیوانیی پێشکەش کردوە.

پێکهاتەی کابینەی داهاتووی فەڕانسە، کۆتایی ئەم هەفتەیە ڕادەگەیەندرێ.

## نوێنەرانی کۆمەڵێك لە ڕێکخراوە مەدەنی‌و سیاسیەکان‌و کەسایەتییە سەربەخۆیە کوردستانییەکان داواکارییەکیان بۆ سەرۆکی پارلمان‌و سەرۆکی وەزیرانی هەرێمی کوردستان نارد

کۆمەڵێك لە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ژنان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و حیزبە کوردستانییەکان‌و چەند کەسایەتیی سەربەخۆ لە بریتانیا سەبارەت بە کوشتنی دڕندانەی "دوعا" داواکارییەکان بۆ سەرۆکی پارلمان‌و سەرۆك وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نارد.

ڕێکەوتی ٤ی مای نوێنەرانی ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕێکخراوەکانی ژنان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکان‌و ژمارەیەك کەسایەتیی سەربەخۆ بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین لە کوشتنی"دوعا" لە لەندەن کۆبوونەوە. ناڕازییان لەم کردەوە دڕندانەو دژەمرۆڤایەتییانە وێڕای هاودەنگی نیشاندان لەگەڵ سەرجەم وێژدانە وشیارو بەئاگاکان لە نێوەوەو دەرەوەی وڵات، ناڕەزایەتیی توندی خۆیان لەم کردەوە قێزەوەنە دەربڕی.

شایانی باسە بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە لە پێناوی جێبەجێ کرانی دادپەروەری‌و بەرگرتن لەم چەشنە تاوانە دژەمرۆڤایەتییانە دەرهەق بە ژنانی کورد بڕیاریان دا بە مەبەستی پێك هێنانی بەرەیەکی فراوان لە ژنان‌و پیاوانی تێگەیشتوو یەکسانیخوازی کورد زنجیرە کۆبوونەوەیەك پێك بێنن. جگە لەوەش بەشدارانی کۆبوونەوەکە لەم پێوەندییەدا داواکارییەکیان بۆ سەرۆکی پارلمان‌و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان نارد.

# قەیرانی سەرۆکایەتی لە تورکیە

کەماڵ کەریمی





تورکیە کە بە پێی یاسای بنەڕەتی بە وڵاتێکی سیکولارو لائیک ناسراوەو سیستمی دێموکراتیی پارلمانی لەودا حاکمە، ئەم ڕۆژانە لەگەڵ کێشەیەکی سیاسی لە نێوخۆدا بەرەوروو بۆتەوە کە بنەڕەتیترین یاساکانی ئەو وڵاتەی کردۆتە ئامانج. لایەنگرانی نیزامی لائیک لە پێك هاتنی زەمینەی گۆڕینی ئەو یاسایە نیگەرانن هەر بۆیە لە دوو حەوتووی رابردوودا گەورەترین خۆپیشاندانە سیاسییەکانی لایەنگرانی لائیسم سیمای شارە گرینگەکانی ئانکاراو ئیستامبولی بەتەواوی گۆڕی. حیزبە دەستی راستییەکان، میانەرەوەکان، چەپەکانو ڕۆشنبیرانی لایەنگری نیزامی سیکولاری تورکیە نەیانتوانی بەرامبەر بە هەوڵدانی ئیسلامییەکان بۆ دەستەبەر کردنی سەرکەوتنێکی دیکەو گەیشتنیان بە پۆستی سەرۆك کۆماری لە دوای دەسەڵاتی سەرۆکی پارلمانو سەرۆك وەزیران بێ دەنگ بمێننەوەو پێش ئەوەی ئەم پۆستە بە کەسێك بسپێردرێ، دژی خۆ کاندید کردنی وەزیری دەرەوەی تورکیە عەبدوڵڵا گول، کە یەکێك لە ئەندامە ناسراوەکانی حیزبی دادو گەشەپێدانە، دەنگیان هەڵبڕی.

حیزبی دادو گەشەپێدان کە حیزبێکی ئیسلامیی میانەرەوە توانی لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٦دا زۆرترین

**کشانەوەی عەبدوڵڵا گول یەکێك لە ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکان بوو چونکە ئیسلامییەکان هەستیان بەوە کردبوو کە ئێستا لە سەر سندووقەکانی دەنگدان نیە، بەڵکوو لە شەقامی شارە گرینگو گەورەکانی تورکیەدا دەبێ رووبەرووی دەنگی دژ بەری خۆیان ببنەوە**

دەنگی دەنگدەرانی تورکیا کە لەو هەڵبژاردنەدا بەشدارییان کردبوو بە دەست بێنێو بە پشتیوانیی دەنگی زۆرینەی ئەندامانی پارلمان سەرۆك وەزیرو وەزیرەکانی دەوڵەتی لە خۆی دەست نیشان بکا. ئەم حیزبە ئیسلامییە کە پارلمانو دەوڵەتی بەدەستەوە بوو بەپێچەوانەی دروشمە دژە ڕۆژئاواییەکانی پێشووی، لە سیاسەتی دەرەوەدا هەوڵی نیزیك بوونەوەی زیاتر لەگەڵ ئەمریکاو ئورووپایدا. ئەمریکا کە پێشتر زۆرتر لە پێوەندی لەگەڵ ئەرتەشی تورکیەدا حیسابی لە سەر ئەم وڵاتە دەکرد ئێستا رووی لە دەوڵەت کردوە. یەکیەتیی ئورووپاش گرینگیی زۆر بە سیاسەتەکانی ئەم دەوڵەتە ئیسلامییە بەرامبەر بەو یەکیەتییەو هەوڵدانی تورکیە بۆ ئەندامەتی لە یەکیەتیی ئورووپادا داوەو هەرچەند تا ئێستاش لە سەر ئەم ڕێگەیە کۆسپی زۆر ماون بەڵام ئەو هەوڵانە کاریگەریی باشیان لە سەر پێوەندییەکانیان هەبووە. لە لایەکی دیکەشەوە دەوڵەتی ئوردوغان لە سیاسەتی نێوخۆییو ئابووریدا بۆ چارەسەری هەڵاوسانی دراویو بێکاریو گرانیی روو لە زیاد بوون کە کاریگەریی لەسەر وەزعی سیاسیو کۆمەڵایەتیی تورکیە کردبوو، ڕێگەی بۆ هێنانی سەرمایە دەرەکییەکان خۆشتر کرد. لەو چەند ساڵەدا تورکیە بووژانەوەیەکی ئابووریی باشی بە خۆوە بینیو رادەی هەناردەی دەرەکییان زۆر چووە سەرێو ئاوسانی ئابووری رووی لە کەم بونەوەی ناو مەیدانی دیپلۆماسی چالاکتر کرد.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانە هەڵوێستیان بەرامبەر بە کێشەی کورد کە یەکێك لە گرینگترین مەسەلەکانی دۆێنێو ئەمڕۆی دەوڵەتی تورکیەیە، ئەگەر بۆ مانۆڕدانو فریودانیش بووبێ، جارجار دڵخۆشکەریی لە نێو هێندێك لە کۆڕو کۆمەڵە سیاسییەکاندا دروست کردوە. دەوڵەتی ئیسلامگەرای تورکیە کە قەت پێشی هەڕەشەو هێرشی نیزامییەکانی ئەو وڵاتەی بۆ سەر کوردەکانی تورکیە نەگرت، بەڵام جارجار لە زاری سەرۆکەکەیانەوە دەبیسترا کە گۆیا دەیانەوێ ڕێگە چارەیەك بۆ کێشەی کورد لە وڵاتەکەیاندا ببیننەوە. سیاسەتێك کە هەمیشە لەگەڵ نیاز پاکیی هێزو کەسایەتییە کوردەکان بەرەوروو بووەو تەنانەت لە خەباتی چەکداری دا ئاگر بەسی یەك لایەنەی کوردەکانی بەدوا دا هات. هەرچەند ئەم قسانە قەت نەبوون بە سیاسەتێکی روونو لە کردەوە دا پێشی بە زوڵمو زۆریو سەرکوتی کوردەکان نەگرت. حیزبی دادو گەشەپێدان بەم کارنامەیەوە کە بۆ تورکەکان بێ خێر نەبووە، بە پشتگیری لە کاندیدا بوونی عەبدوڵڵا گول بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری تەنگەژەیەکی وای ساز کردووە کە، نە لە هەڵبژاردن دا بەڵکوو لە شەقامەکانی پێتەختو گەورە شارەکانی دیکەدا رووبەرووی دەنگی نارەزایەتیی ئاشکرای سەدان هەزار تورکی لائیك بۆتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوە دەستێوەردانی ئاشکرای ئەرتەش بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکی هەڕەشە ئامێز بە دژی ئەوانەی کە بەرەبەرە هەوڵی لە نێو بردنی سیکولاریزم دەدەن ئەم کێشەیەی گەورەتر کرد.

سەرەڕای ئەو دۆخە دوای ئەوەی دوو جار پارلمانی تورکیە کە بۆ دەنگ وەرگرتن بە مەبەستی دیاری کردنی چارەنووسی سەرۆکایەتیی عەبدوڵڵا گول کۆبوونەوەکانی بە هۆی بەشداری نەکردنی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی پارلمان ئاکامێکی نەبوو گول بڕیاری کشانەوەی داو دیاری کردنی سەرۆك کۆماری بە ناروونی بۆ داهاتوو مایەوە.

کشانەوەی عەبدوڵڵا گول یەکێك لە ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکان بوو چونکە ئیسلامییەکان هەستیان بەوە کردبوو کە ئێستا لە سەر سندووقەکانی دەنگدان نیە، بەڵکوو لە شەقامی شارە گرینگو گەورەکانی تورکیەدا دەبێ رووبەرووی دەنگی دژ بەری خۆیان ببنەوە. رووبەرووبوونەوەیەك کە لەلایەك خەڵکی بێ ئەژماری لایەنگری سیکولاریزمو لەلایەکی دیکەوە ئەرتەشی بەرواڵەت پارێزەری یاسا بنەڕەتییەکانی تورکیە کە دەردەکەوێ هێشتاش بۆ دەستێوەردان لە کاروباری سیاسیی وڵاتدا هەناسەیەکی بە بەرەوە ماوە، بە خۆپێشاندانو دەربڕینی نارەزایەتی ڕۆژبەڕۆژ جیددیتر دەبوو.

ئاکامی بەرچاوی رووداوەکانی ئەم ماوەیە لە تورکیە دەری خست کە خەڵکی تورکیە پێبەندن بە سیکولاریزمو ئەسڵی جیایی دین لە دەوڵەت. ئەمە دەکرێ وەك سەرکەوتنێك بۆ بزووتنەوەی سیکولاریستی لە تورکیەو ناوچەدا چاو لێبکرێ. بەڵام دەبێ حیزبە سیکولاریستەکانی تورکیە بە خوێندنەوەیەکی نوێ بڕواننە کێشە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتەکەیان. ئەمڕۆ ئەگەر چەپەکان لە تورکیە لاوازن، حیزبە راستەکان دەبێ بزانن بە مێتودی دەیەکانی پێشوو و پاڵپشتی ئەرتەش ناتوانن ئەو ئەرکەی لە ئەستۆیان دایە بەرنە پێش. دەبێ هەوڵ بدەن کێشە بنەڕەتییەکانی وڵاتەکەیان کە یەکێك لەوان چارەسەری مەسەلەی کوردە بخەنە بەرنامەی کورتماوەی خۆیانەوەو لەو ڕێگەیەوە نە تەنیا بۆ خۆپێشاندان بەڵکوو بۆ بەرنامە درێژماوەکانیان هاوبەندییەکی واقیعی پێك بێنن کە داهاتووی هەموو خەڵكو هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئەو وڵاتە دابین بکات.

بزووتنەوەیەکی سیکولاریستی ئەگەر دیموکراسی راستەقینەو مافی گرووپە نەتەوایەتیو ئایینییەکانی پێ دابین نەکرێو نەیان کاتە پاڵپشتی خۆی لە جێیەك نوشتی دێنێو تووشی تەنگەژەیەکی نوێ دەبێتەوە.

دڕێژەی لاپەڕی ١

## لە پێناوی پێکهێنانی کۆنگرەیەکی وەڵامدەرو سەرکەوتوودا

١ـ بولتەنی کۆنگرە تەنیا ئەو نووسینانە بڵاو دەکاتەوە کە پێوەندییان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیەو بۆ باسەکانی تایبەت بە کۆنگرە تەرخان کراون.

٢ـ لە بولتەنی کۆنگرەدا، بابەتی فکری، سیاسیو تەشکیلاتیی پێوەندیدار بە کێشەو گرفتەکانی سەر ڕێگای تێکۆشانی حیزب بڵاو دەبنەوەو، دەرەتانێك بۆ نووسین لە بارەی کەسەکان (نێوخۆو دەرەوەی حیزب) بە چاكو خراپ نیە.

٣ـ خۆپاراستن لە بێحورمەتی، بوختانو جنێودان بە هەر حیزبو ڕێکخراوو کەسایەتییەکو، ڕەچاو کردنی نەزاکەتو خاوێنیی قەڵەم، مەرجی سەرەکییە بۆ بڵاو بوونەوەی بابەت لەم بولتەنەدا.

٤ـ باسێك لەم بولتەنەدا بڵاو دەبێتەوە کە لە ٥ لاپەڕەی بە تایپ کراویو بە فۆنتی ١٤ درێژتر نەبێ. ئەو کەسانەی نیازیان هەیە لە سەر کۆمەڵێك پرسو تەوەر بنووسن، دەتوانن لەسەر پرس یا تەوەرێك وتاری جیاواز بنووسنو هەمووی لە یەك وتاردا جێنەکەنەوە.

٥ـ لە هەر ژمارەیەکی بولتەن دا لە کەسێك یا قەڵەمێك یەك بابەت بڵاو دەکرێتەوە نەك چەند بابەت. تەنیا ئەو کاتە دوو بابەت لە کەسێك لە یەك ژمارەی بوولتەن دا بڵاو دەکرێتەوە کە هیچ بابەتێکی دیکە، لە چاوەڕوانیی بڵاو بوونەوە دا نەبێ.

٦ـ بولتەنی کۆنگرە هەم بە شێوەی نامیلکە لە نێو ئۆرگانو کومیتەکانیحیزب لە کوردستان دا بڵاو دەبێتەوە، هەم لە سەر سایتەکانیحیزب بە شێوەی فایلی PDF دەخرێتە بەر چاوی ئۆگران.

٧ـ ئەو کەسانەی بۆ بولتەنی کۆنگرە دەنووسن مەرج نیە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بن. بەڵام ئەگەر لە دەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دان، دەبێ خۆیان بە گرووپی سەرپەرستی ئەم بولتەنە بناسێنن. ئەگەر ئەندامی تەشکیلاتی نهێنیی حیزبنو نایانهەوێ خۆ بەو گرووپە بناسێنن، دەبێ لە کاناڵی تەشکیلاتیی تایبەت بەخۆیانەوە بابەت بۆ بولتەن بنێرن. نووسەری بابەت ئەگەر نایهەوێ وتارەکەی بەناوی ئەسڵیی خۆی بڵاو بێتەوە دەتوانێ ناوێکی خوازراو (موستەعار) بۆ خۆی دیاری بکا. باشترە نووسەرانی بابەت، بۆ هێندێك پێوەندیی پێویست ژمارە تەلەفونی خۆیان بۆ ئێمە بنووسن.

٨ـ بولتەن تەنیا ئەو بابەتانە بڵاو دەکاتەوە کە بۆ ئەم بولتەنە نووسراونو پێشتر لە شوێنی دیکەدا بڵاو نەبوونەوە.

٩ـ گرووپی سەرپەرستیی بولتەن بە رێنووسی بابەتەکان دا دەچێتەوەو ئەگەر هەڵەی رێزمانیی زۆر زەقیان تێدا بن، چاکیان دەکا.

١٠ـ ئەو نووسینانەی لە باری دارشتنو هونەری نووسینەوە لاوازن، بەڵام قسەیەك، بۆچوونێك یا رەخنەو پێشنیارێکی شیاوی بڵاو بوونەوەیان تێدایە، لەلایەن دەستەی سەرپەرستی بولتەنەوە تەنیا هەڵبژاردەیەك یا کورتەیەکیان لێ بڵاو دەکرێتەوە.

دەتوانن بە هۆی ئیمەیل یا لە رێگای نوێنەرایەتیو کومیتەو کاناڵە حیزبییەکانەوە بابەتەکانتان بۆ گرووپی سەرپەرستیی بولتەنی کۆنگرە بنێرن. ئادرەسی ئیمەیلی بوولتەنی کۆنگرە بەم جۆرەیە:
berewkongre@yahoo.com

ژمارە تەلەفون بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ دەستەی سەرپەرستی بۆلتەن: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٥٩١٦٩٨

بە هیوای بەشداریی چالاکانەی ئەندامانو ئۆگرانی حیزب لە وروژاندنی پرسە گرنگەکانو دەوڵەمەند کردنی باسەکانی پێوەندیدار بە کۆنگرەدا.

**کومیتەی ئامادە کردنی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٢٤ی بانەمەڕی ١٣٨٦**
**١٤ی مای ٢٠٠٧**

## وەڵامی دەفتەری سەرۆك وەزیرانو وەزارەتی دیفاعی بریتانیا بە نامەی نوێنەری حیزب لە بریتانیا

ڕۆژی ٢٦ی مارسی ٢٠٠٧ نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا بەڕێز مەولوود سوارە، لە پێوەندی لەگەڵ دەستگیرکرانی ١٥ دەریاوانی بەریتانیایی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە نامەیەکی بۆ سەرۆك وەزیرانی بریتانیا نارد. بەڕێز سوارە لە نامەکەیدا وێڕای مەحکوومکردنی ئەو کارەو هاودەردی لەگەڵ گەلو حکوومەتی ئینگلیز لە لایەن حیزبەوە، هێندێك راستیی پێوەندیدار بە نەخشی تێکدەرانەی ڕێژیم لە ئاسایشی ناوچەییو ئاشتیی نێودەوڵەتیی وەبیر هێنانەوەو کۆمەڵێك سرنجو زانیاریی لەو پێوەندییەدا خستە بەردەم لێپرسراوانی بریتانیایی. دەفتەری سەرۆك وەزیرانی بریتانیا لە نامەیەکدا بە ڕێکەوتی ٢٩ی مارس بەم جۆرە وەڵامی بەڕێز سوارەی داوەتەوە:

مەولوود سوارەی خۆشەویست !

سەرۆك وەزیر داوای لێکردم کە سەبارەت بە نامەی ئەم دواییەت سپاست بکەم.

ئاغای بلێر هیوادارە کە دەرك بکەی کە لەبەر ئەوەی مەسەلەکە پێوەندیی بە وەزارەتی دەرەوەو بەرگرییەوە هەیە، نامەکەت حەواڵەی وان بکرێ بۆ ئەوەی ئەوان لەلایەن ئەوەوە وڵامت بۆ بنێرنەوە.

لەگەڵ هەستی دۆستانە

س.کاین

ئۆفیسی سەرۆك وەزیران یەکەی پێوەندیی راستەوخۆ

*شایانی باسە هەر لەو پێوەندیەدا وڵامێکیش بە ڕێکەوتی ٢٦ی ئاوریل لە بەشی دەریاوانیی وەزارەتی بەرگرییەوە(ڕۆیال نێیڤی) بۆ هاوڕێ سوارە نێردراوە کە دەقەکەی بەم جۆرەیە:*

مەولوود سوارەی خۆشەویست!

سپاس بۆ نامەکەی ٢٦ی مارسی ٢٠٠٧ت کە سەبارەت بە رووداوی ئەم دواییەی گیرانی ناقانوونیی ١٥ کەس لە پێرسۆنێلی دەریاییمان لە لایەن ئێرانەوە بۆت ناردبووین.

ئێمە روانگەکانی تۆمان تۆمار کردوەو جارێکی دیکە سپاست دەکەین لەوە کە وەختی خۆت دانا بۆ ئەوەی تێبینییەکانی خۆتمان لەسەر ئەو کێشەیە بۆ یادداشت بکەی.

لەگەڵ هەستی دۆستانە

*ئانتۆنی پێچارد*

*بنکەی ناوەندیی هێزی دەریایی*

## پەیامی کۆمیتەی هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان بە بۆنەی کردەوە تێرۆریستییەکەی شاری هەولێر

*برووسکەی ماتەمینی*

بەداخو پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی ئەو کردارە تێرۆریستییە دڕندانەیەمان پێگەیشت کە ویستی ئەمجارەش سیمای جوانی کوردستان بڕووشێنێو بووە مایەی شەهیدبوونو بریندار بوونی ژمارەیەك لە هاووڵاتیانی خۆشەویستی پایەختی کوردستان.

ئێمە لە کۆمیتەی هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان لە بەریتانیا ئەو دەستە چەپەڵە بە توندی ریسوا دەکەینو ئەو نەفامانەش دڵنیا دەکەینەوە کە ئەو جۆرە کردارانە لەوە بچووکترن کە یەکڕیزیی نێوان گەلەکەمان تێك بدەن، یان لە ئاوادانکردنەوەی کوردستان ساردمان بکەنەوە.

بەهەمان بۆنەوە سەرەخۆشی لە جەماوەری گەلەکەمان دەکەینو هیوای چاکبوونەوەی خێرا بۆ برینداران‌و بەهەشتی بەرین بۆ شەهیدانمان دەخوازین.

ریسوایی بۆ تیرۆریستانو دوژمنانی کوردستان.

نەمری بۆ قوربانیانی ئەم کردارە تێرۆریستیەو سەرجەم شەهیدانی کوردو کوردستان.

شەکاوە بێت ئاڵای کوردستان

کۆمیتەی هاوکاریی
حیزبە کوردستانیەکان لە بەریتانیا
٢٠٠٧/٥/٩

# برووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

کوردستان
ژمارە: ٤٦٢ (٢٦ی بانەمەڕی ١٣٨٦)
ئەدەب و هونەر
adabstan24@yahoo.com

## ئەو خونچانەی پێش پشکووتن هەڵ وەرین






### سولەیمان رەسووڵزادە

"ئێوارەیەك تازە سێبەر شۆڕ ببوونەوە، لە خوار ئاوایی تۆیان کوشت. کۆڵەپشتی‌یەکەتیان بەتاڵ کرد، یەك دوو رۆژنامەو چەند نامیلکەو دوو کولێرەو سەلکێك پەنیر کەوتنە دەوروبەری تەرمەکەت. گیرفانەکانت گەڕان، بەستەیەك سیگارو کارتەکەت‌و خودکارێك‌و هیچی دیکە. یەکێکیان سەعاتەکەی دەستتی دەرهێناو لە دەستی خۆی کرد. فەرماندەکەشیان رادیۆ بچکۆلەکەتی بۆ خۆی هەڵگرت، تفەنگ‌و فیشەکدانەکەشتیان هاویشتە پشتی تویوتا بەڵەکەکە، پاشان تەرمەکەتیان فرێ دایە نێو پنگەڵانەکە...."

تا ئەم چەند دێرەی پەخشانێکی جوانی دۆستی دێرینم "خوسرەو" دەخوێنمەوە، هاوڕێی جوانەمەرگ سولەیمان رەسوولزادەو کۆمەڵێك کادرو پێشمەرگەی شەهیدی هاوچارەنووسی ئەوم دێتەوە یاد.

سولەیمانیش لەگەڵ هاوڕێکەی( رەحیم بەرشان)…. لە دوانیوەرۆیەکی نێوەراستی پووشپەڕی ١٣٦٩دا لە ئاوایی "کێلێ"ی ناوچەی پیرانشار لەلایەن هێزێکی زۆری دوژمنەوە گەمارۆ دران، بەڵام ئەم دوو لاوە دەستیان نەداو تا دوا فیشەك‌و دوا هەناسە شەڕیان کردو بەسەربەرزییەوە تێکەڵ بە کاروانی نەمران بوون.

سولەیمان رەسوولزادە، ساڵی ١٣٤٧ لە ئاوایی "زەنگیاوێ"ی سەر بەناوچەی لاجانی پیرانشار لە دایك بوو. هەر لە منداڵییەوە بە هەرەو ئیستیعدادی زۆرو جۆراوجۆری پێوە دیار بوو. بۆ وێنە پۆلی ٤و٥ی سەرەتایی بە ساڵێك بڕیبوو. لە قۆناغی سەرەتایی خوێندن دا باوکی لە دەست داو، دایکیشی لە قۆناغی ناوەندیی خوێندن دا، بە یەکجاریی بەجێی‌هێشت. ساڵی ١٣٥٩ کە هێشتا مێرمنداڵ بوو بووبە لایەنگری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران. هەتا ساڵی ١٣٦٢ وەك ئەندامی چالاکی یەکیەتیی لاوان لە زەنگیاوێ‌و لە نێو شاری پیرانشار، شانبەشانی خوێندن‌و ژیانی رۆژانە، ئەرکی خەباتگێرانەی بەڕێوەبرد. دواتر هاتە ریزی پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی قەندیل. ساڵی ١٣٦٤ لە بەشی چاپەمەنیی کومیتەی شارستانی پیرانشار دەستی بە تێکۆشان کرد. ساڵەکانی ٦٨و٦٩ وەك ئەندامی کومیتەی شارستانی پیرانشارو بەرپرسی تیمی تەشکیلاتی لە ناوچەکانی لاجان‌و بەربنە کاری دەکرد.

ئەو کەسانەی لەو ساڵانەدا سەردانی بنکەو بارەگاکانی کومیتەی شارستانی پیرانشار، هێزی قەندیل‌و ناوەندی سپی‌سەنگیان کردبێ، لەوانەیە یەکەم شت کە سەرنجی ئەوانی راکێشابێ تابلۆی وێنەی شەهیدەکان‌و ئەم دروشم‌و وتەجوانانەی سەر دیوار بن کە سولەیمانی وێنەکێش‌و خۆشنووس بنکەکانی پێ‌ڕازاندبوونەوە. ئەو لاوە لە باری هونەرییەوە زەوق‌و سەلیقەو بەهرەیەکی تایبەتی هەبووە هەر کە دەرفەتی بۆ هەڵ دەکەوت، ئەگەر خوێندنەوە لێ‌گەڕابا خەریکی وێنە کێشان یا خۆشنووسی دەبوو. کەم واهەبوو دەفتەری بیرەوەریی زۆر لە هاوسەنگەرانی، رستەیەك یا چەند دێڕ بە خەتی سولەیمان رەسوولزادەی لێ نەنووسرابێ‌و وەك یادگار هەڵنەگیرابێ. سولەیمان هونەری دیکەشی هەبوون. ئەو دەستی نووسینی هەبووو زۆرجار بە ناردنی بیرەوەری، وتارو چەخشانی ئەدەبی، هاوکاریی گۆڤاری "لاوان"ی دەکرد. بەراستی بۆ ئێرەیی پێ‌بردن دەبوو، چونکە کۆمەڵێك تایبەتمەندیی بەرزی تێدا کۆ ببوونەوە. ئازایی،ئاگایی، هێمنی، رووخۆشی، قسەخۆشی، خەڵکدۆستی‌و لەگەڵ هەمووی ئەمانەش دا بەهرەی هونەری. سەد مخابن کە لە بیست‌ودوهەمین بەهاری تەمەن دا، بە گوللەی دوژمنانی ئازادیی نەتەوەکەی کۆتایی بە ژیانی هات. ئەو مرۆڤە کەم ژیا، بەڵام هەروەك بۆخۆی رۆژی ١٤ی بانەمەڕی ١٣٦٩ (دوو مانگ بەر لە شەهید بوونی) بۆ یادگار لە دەفتەری بیرەوەریی‌دا بەختە جوانەکەی نووسیبووی:

"مرۆڤ، رۆژێك پێ‌دەنێتە نێو بەلەمی ژیان‌و رۆژێکیش دادەبەزێ، موهیم نیە کەی‌و لە کوێ دادەبەزێ، بەڵکوو گرینگ ئەوەیە کە ماوەی نێوان سوار بوون‌و دابەزین چۆن دەپێوێت؟!

سلیمان رەسولزادە

لێوژێ ١٤/٢/٦٩"

یادی بەخێر

## ئازیەت بارم

ڕۆژین

ئازیەت بارم

ئازا ئازا بیر لە بوونی خۆمان
دەکەمەوە

بوونی ئێمە گەمەیەو بەسەرهاتی
بابردە

لە وڵاتی دڵ رەقەکان

پرسیار کرا؟ کام رۆڵە لە نێو
خاکدا نەگەوزا!

بۆسۆ نەکرا بۆ برینی جەلادەکان

چاکترین‌و جوانترین دیاری بۆ خودا

ئەی بۆ لە نێو ئێمەدا شوێنەواری
ونە

ئەی دانەری باش ترین یاسا

یارمەتی پێغەمبەرانی ئێمە ناکەی

کە لە نێو گۆماودا تکە تکە ویشك
بوون

ئەی کوا خولقاندن

ئەی کوا مرۆڤ بوون

ژیان بیانووی مرۆڤ

مرۆڤیش تەسبیحی دەستی کۆمەڵ

دڵمان ئەستوور بووە

لە ناو هەزاران‌و هەزارانی‌تر
جەستەمان لە ئاوری سوور


هەڵکێشراوە

بیر مەکەوە مەبەست خۆمانە

راست ئەڵێن ترس، هاواری مەڵۆزمە

کرمی نێوخۆ، لە بەین خۆمانە
شیرینی قسەکانمان تا ئەو پەڕی زمانە زنجیر کراوەکان
ناگا

پێڵاوەکان ناسك بوونەتەوە



هەنگاوەکانمان بەرەو دوا دەڕوا

نیگاکان فێری درۆ بوون

چاویلکە رەشەکان گوێچکەی کپ
کردووین

هاوارمان بە دڵە مردووەکان ناگا

جەستەمان بۆنی مەرگ ئەدا

شوێنی پێڵاوەکانمان بچووك بۆتەوە

جۆلاوگەی غەم سێڵاوی بێ‌تاقەتی
پێیە

ئێمە بێ‌تاقەتین بێ‌تاقەتتر لە زەمانی
دەستەمۆکراو

چارەسەری شەقامەکان بە ئێمە ناکرێ

سنوورەکان کەلەپچە کراون

ئێمەش لاقمان لە مردوەکان
هەڵدەکەوێ نزگەرە دەکەین

چاومان لە دەلاقەیەکە کە کرانەوەی
نی‌یە

دەلاقەکە کە روو بە تیشك دەکەینەوە

بەڵام دەڵێین ناکرێتەوە

بیر مەکەوە

مەبەست خۆمانە

کۆمەڵ، مرۆڤ، ژیان

چارەسەری دەردی من، تۆو تۆیە

## یك ماچ ... باش!!!

فەرهاد ساڵحی (نیکبخت)

ئەرێ ئەرێ وەڵا، پەنجاو بیست تمەن‌و برێکم پێ بوو
ئاغای بە ماڵم، چوومە پێشێ سەلامەلێکم مەلێکمە سەلام!
هەرمن: سوورە..ئەو! بۆرە...
لێی گەڕێ...زۆر بە خۆم دا نووسام، باش بوو، دەنگی دەرنەهات.
زۆر باشە... سبەی ئەگەر هاتیەوە، وەبیرم بێنەوە ماچێکت دەدەمێ.
- خواردت؟! دەی باشە زووکە! دەبێ برۆین لە سەرمان مەحتەلن.
دوایی،بۆ دوایی، پەنجاو بیست تمەن‌و تۆسقاڵێکت دەدەمێ.
- ئەگەر چووی هیچی پێنەگووتی؟!
با، دەی، دەی کوڕە لێی گەڕێ! حەوسەلەت هەیە!
- ماچێکت بدەمێ؟!
نا، دوایی بۆ خۆم ماچت دەکەم.
- بڕۆین؟!
باش، با بڕۆین. سەرت هەڵێنە! ئافەرم! دەی ئێستا چ بکەین؟!
دەی، دەی باشە، پەنجاو بیست تمەنەکەت دەدەمەوە!
- زۆر نەچیە پێشێ!!
شۆرشگێڕەکان جۆرێکن... بە تایبەت ئەوانەی رۆشنبیرو شۆرشگێڕن
چاولێکردنیان چێژێکی تایبەتی هەیە... وانیە؟!
دەی، دەی جا؟!
- هیچ... هیچ لەوەش گەڕێ، بۆ خۆت چ دەکەی؟!
تەواوم کرد، تەواو...
کەی؟!
سبەینێ! چی؟ چۆن شتی وا دەبێ؟!
- ئەوە بوو ئیدی! دەڵێی چی!
- هیچ.. دەی کوڕە دەمزانی تۆش دێیە سەر قسەکەی من!
وانیە؟! وا...
ئەگەر هاتیەوە بۆ شام وەرەوە بۆ ماڵێ مە کارم پێتە.
بخۆ بخۆ دەی! شەرمی پێ ناوێ، ئێستا دەبێ بچی جێگاو بانەکە
رابخەی.. بۆ خۆت درێژ بە، دەبێ برۆم، ئەگەر هاتمەوە، دێمەوە لات.
- بە کەس نەڵێی!
زۆر چاکە... جلەکانت لەبەر بکەوە... راوەستە!! راوەستە!! مەبەستم
ئەوەیە: بیانکەیتەوە بەرت، خراپ تێگەیشتی.
- نا، ناوەڵا.. لەبەریان ناکەمەوە، وەرە زووکە، دڵم دەرهات، تۆ ئەو
کەسەی باوەڕت پێیەتی ماچێکم بکە... تەنیا یەك ماچ... باش؟!



# زمانی دایك، زمانی میللیی نەتەوە

شەپۆل تورجانی



دامەمێنە تاكوو مردن، هەر بەرەو زانین برۆ زیندوو نامێنێ گەلێكی لابدا لە زمانی خۆ

دایكان، مامۆستای زمانن‌و زمانیش لە ئاسۆی زانایی‌و رووناكبیریی دایكەوە گەشە دەكا. هەموو میرات‌و هەقێك لە لایەن باوكەوەیە، كەچی سەرەكیترین‌و پڕ بایەخترین ملكێك كە زمانە، لە لایەن دایكەوە بە مرۆڤ دەگات‌و یەكەم شت كە منداڵ دوای پشكوتنی زمانی فێری دەبێ، زمانی دایكە، چونكە دایك لە هەموو كەس نزیكترەو پێوەندییەكی مەزنی رۆحی لە نێوان منداڵ‌و دایكدا هەیەو سروشتییە كە منداڵ یەكەم وشە لە دایكەوە فێر دەبێ.

كەوایە دەتوانین بڵێین گەورەترین‌و بەرچاوترین رۆڵی لە گەشانەوەی زماندا هەیەو ئافرەت سەرچاوەی زمانەو تەنیا گوڵێك كە هەرگیز ژاكان‌و مردنی بەسەر دا نایە، بزەی ئافرەتی جوانەو زمانیش كە لە ئاسۆی ئەو بزەوە پێك دێ، با نەهێڵین ژاكان رووی تێبكا.

رازی مانەوەی هەر نەتەوەیەك، رێزمان‌و زمانەكەیەتی‌و نەتەوەكان بە زمانەكانیان دەناسرێن. كۆمەڵگایەك كە زمان‌و فەرهەنگی نەبێ، لە ژێر پێلەقەی نەتەوەكانی دیكەدا پان‌و فلچ دەبێتەوەو زمانێك كە منداڵ قسەی پێ نەكا زمانێكی بێ پاشەڕۆژە. زمان قەباڵەی بوون‌و مانەو گەلێك زیندوویە كە زمانەكەی زیندوویە. خوێندن‌و نووسین بە زمانی زكماكی مافێكی راشكاوی هەر منداڵێكی ئەم خاكەیەو بێگومان، زمان گەورەترین بەرهەمی كولتووری هەر نەتەوەیەكە، كە بە درێژایی مێژوو لەگەڵ ئەو نەتەوەیە گەورە دەبێ. زمانەكان جیاوازن، چوونكە نەتەوەكان هەر كامیان بە شێوازێك دنیا دەناسن، بە واتایەكی تر نەتەوەیەك پێش كولتوورو پێش وێناندنی تایبەت بە خۆی هەیە. ئێمە بەشێك لە دنیای سروشت نین، بەڵكوو سەرتر لە سرووشت دروست كراوین، بۆ وەیكە بتوانین لە سروشتدا بژین، دەبێ سروشت بناسین‌و بیهێنینە ژێر چاوەدێریی خۆمان. هەر بە پێی ئەو یاسایەش نەتەوەی كورد خاوەن پێش كولتوورو پێش وێناندنی تایبەت بە خۆیەتی. زمانی كوردی ریشەی لە سروشتی كوردستان دایەو لەسەر ئەو بنەمایەی كە وڵاتی كوردستان هەیەتی، دانراوە. زمانی خۆت وەك شیری دایكت شیرینەو هەقی هەر گیانلەبەرێكە بە زمانی خۆی بخوێنێ، كەو بە زمانی خۆی دەقاسپێنێ، بولبول بە زمانی خۆی ئەجریوێنێ، باوك‌و باپیری تۆ بە زمانی زگماكی خۆیان قسەو باسیان كردوە، رۆژی ئەوەیە تۆش بە زمانی خۆت بخوێنی‌و بنووسی.

رۆژی ٢ی رەشەممەی هەر ساڵێك لەلایەن ریكخراوی یۆنیسكۆ بە رۆژی جیهانیی زمانی زگماكی ناودێر كراوە. مێژووی سەرهەڵدانی وەها رۆژێك دەگەرێتەوە بۆ ساڵەكانی دەیەی ٦٠ی سەدەی بیستەم، لەو سەردەمەدا بەرەنگاریی بەربڵاو هەمە لایەنەی بەنگالییەكان بۆ پاراستنی زمانی زگماكی‌و دژایەتی لەگەڵ زمانی داسەپاوی دەسەڵاتداری پاكستان، بوو بە برووسكەی ئاگری شۆڕش بۆ سەربەخۆیی وڵات، كە ئەم ئاواتە بەرزە لە ساڵی ١٩٧٠ی زایینی هاتەدی. بێگومان زۆربەی پسپۆرانی زمانەوانی لەسەر ئەم بۆچوونە هاودەنگن كە زمان وەك سەرەكیترین كەرەسەی پێناسەی نەتەوەیی، دەوری شوێن دانەرو پربایەخ دەگێڕێ لە پێناو بنیادنانی پرۆسەی "بە نەتەوە بوونی" گەلێك بە مانای ئەورۆیی، بەم هۆیانە:

١ـ زمان شتێكی تایبەت بە مرۆڤە كە لەگەڵ تەواوی گیانلەبەرانی دیكە جیای دەكاتەوە.

٢ـ زمان كۆدی ئەندیشەو خووورەوشتی مرۆڤەو هەر بەو هۆیەوە، پێناسەیەكی كۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤ دروست دەكا.

٣ـ زمانی زگماكی، زمانی دایكەو دەبێ ببێتە زمانی میللی‌و زمانی بنەماڵەو فێربوونی زمانی دایكی دەتوانێ رێخۆشكەر بێ بۆ فێربوونی زمانێكی دیكە.

٤ـ زمان شێوەو نەتەوەی جۆراوجۆر لە كۆمەڵگادا دروست دەكاو پێناسەو هەبوونی یەك نەتەوە دیاری دەكا.

٥ـ زمانی كوردی زمانی میللیی ٤٠میلیۆن كوردە كە بە داگیركردنی كوردستان لە لایەن دەوڵەتەكانەوە رێگای گەشانەوەی لێگیراوە، داگیركەران هەموو كاتێك هەوڵیان داوە تا كوردو پێناسە فەرهەنگییەكەی بە هۆی رامالینی رامانەوە لە نێو بەرن. نابێ لە بیرمان بچێ كە ئایینی كوردی ئێران سەرچاوەی دینی زەردەشتەو ئەو دینە، دینی نەتەوەكانی ئێرانی كۆن بووە، بە تایبەت لە نێوان فارس‌و كورد. كە واتە، زمانی كوردی‌و فارسی لێك نزیكن‌و هەزاران وشەی تێكەڵاویان هەیەو، ئەو نزیكایەتییە لە نێوان عەرەب‌و تورك لەگەڵ كورد بوونی نیە.

ئێران دوو هۆزی گەورە ئاوەدانیان كردۆتەوە، یەكیان كەلە باكور بوون‌و ئەوی دیكەیان مادەكان كە لە باشوور نیشتەجێ بوون. نەتەوەی كورد هەر ئەو مادانەن كە بە ئاژەڵداری ژیانیان رابواردووەو بەرەبەرە پەرەیان گرتووەو دەوڵەتی جۆراوجۆریان بەدیهێناوەو ئەوجار زلهێزەكان كەوتنە سەركوتكردنی هێزەبچووكەكان. چونكە نەتەوەی كوردی ئەو سەردەمە پۆڕ پۆڕو پۆل پۆل دەژیان، زۆرجار دەكەوتنە بەر هێرشی دەوڵەتی دەسەڵاتداری وەخت، بە ناچاری پەنابەری كێوو چیاكان دەبوون، لە هێرش‌و پەلامار زۆر جار گەمارۆ دەدران، بەربەرەكانیان دەكردو بەر دەست نەدەبوون. پاش ماوەیەك خۆڕاگری، دوژمن بۆی دەردەكەوت ناتوانێ بە سەریاندا زاڵ بێ، پاشەكشەی دەكردو سەر لە نوێ كوردەكان بەرەو لاپاڵ‌و چیاو دەشت دەهاتنەوە زێدی خۆیان‌و دەستیان دەكرد بە ژیانی خۆیان. ئەم بەربەرەكانییە لەگەڵ دوژمن بوو بە هۆی پەیدابوونی فەرهەنگ‌و زمان‌و جۆراوجۆری كوردی‌و پاشان دابەش بوونی كوردستان لە نێوان چەند دەوڵەت‌و هاتنی لەشكری عەرەب‌و تورك بۆ كوردستان هەركام بە بیانوویەك. لەو دابەش كردنەدا زمانی كوردی بەم چەند هۆیە تووشی زۆر گرفت‌و كێشەی بنەڕەتی هات:

١ـ لە توركیە زمانی توركی زمانی برا گەورەیەو لەو وڵاتەدا بە زیاتر لە ٢٠ میلیۆن كورد دەڵێن، توركی كێوی‌و بەندی یاسای بنەڕەتی ٤٢ی ئەو وڵاتە كە هی سەردەمی كەماڵ ئاتاتوركە دەڵێ: زمانی دایكی تەواوی هاووڵاتیان لە ناو توركیەدا، توركییە.

٢ـ زمانی عەرەبی كە قورئانی پیرۆزی پێنووسراوەو زمانی فەرمی لە عێراق‌و سوورییەیەو ئەو دوو وڵاتەش بە كورد دەڵێن: عەرەبی یەمەنی‌و لە لایەكی دیكەشەوە بەشێكی زۆری ئێمەی كورد بە عەرەبی خوێندوومانەو لە لایەكیتریشەوە وایان تێگەیاندووین كە ئەو زمانە، زمانی گۆڕەو هی ناو بەهەشتەو لە دەشتی مەحشەریشدا، ئەگەر نەیزانین، لاڵ‌و پاڵ‌و دەست بەتاڵین‌و لە ناو چاڵین.

٣ـ زمانی فارسی، زمانی فیردۆسییەو زمانی كوردی بە وتەی فارسەكان یەكێك لە زاراوەكانی فارسییە! بەڵام تا ئێستا نەیانزانیوە كە كورد لە بەرانبەر فیردۆسیدا، كەسێكی وەك ئەحمەدی خانیی بووەو هەیە. بەندی ١٥ی یاسای بنەڕەتی ئێرانیش دەڵێ: خوێندن‌و نووسین بە زمانی زكماكی بۆ هەموو نەتەوەكان ئازادە، بەڵام ئەم بەندەش تەرمەكەی زۆر دەمێكە بەسەر شانی بیر تەسكان، بەرێكراوەتە گۆڕستانی فەرامۆشی‌و شتێكە تەنیا لەسەر كاغەز ماوەتەوە.

كاتێك دەڵێن ئیسلام، وا دەزانن ئیسلام هەر تایبەت بە نەتەوەی عەرەب زمانە كە قورئان بەو زمانە نووسراوە. بەڵام ئیسلام لە ناو زۆربەی نەتەوەكانی دیكەدا رەگ‌و ریشەی داكوتاوەو جێگەی خۆی كردۆتەوە. كاتێك دەڵێن زمانی كوردی، با هەر زاراوەی سۆرانی نەبێ‌و دەبێ تەواوی زاراوەكانی دیكەی كوردی پەرەیان پێبدرێ‌و هەرچی زاراوە زیاتر بێ، ئەو زمانە دەوڵەمەندو سەركەوتووترە. هەر وەك گولستانێك كە بە گوڵی جۆراوجۆرەوە خۆشەو لەبەر دڵانە، زمانیش هەر وایەو هەر مرۆڤێكی كورد بە هەر زاراوەیەك خزمەت بە فەرهەنگ‌و زمانی كوردی بكا، جێگای رێزەو تەنیا لەم نێوەدا كورد بوون بە تەواوی مەعنا نیشانەی سەركەوتنە. سەردەمانێك تەواوی كوردستان یەك پارچە بووەو لە سەرچاوەی دیجلەو فوڕاتەوە تا خەلیجی فارس لە ژێر چاوەدێریی كورددا بووەو لە سەرانسەری ئەو ئیمپراتۆرییەدا زمانی كوردی زمانی گشتی بووەو ناوی پەهلەوی لێنراوە، كە بە مانای زمانی پاڵەوانانەو ئەمەش هەر مانای گۆتۆو كوردۆ دەگرێتەوە. ئێمەش وەك هەر نەتەوەیەكیتر خاوەن مێژوو، كەلەپوور، كولتوور، زمان‌و ئەدەبیاتین، نەتەوەیەكی خاوەن زمانێكی چەند هەزار ساڵە كە تەنانەت سەرەڕای هەزاران گیروگرفت‌و تەنگ‌و چەڵەمە، كە لە درێژایی مێژوودا تووشی ئەم زمانە بووە، هێشتا كە هێشتایە بە چەشنێكی پاراوو پەسەندكرا ماوەتەوە.

هیگل فەیلەسووفی ئاڵمانی دەڵێ:نەتەوەیەك كە مێژوو و رابردووی خۆی لە بیر بەرێتەوە، ئەوە بە دەستی خۆی، خۆی تێدا بردووە.

مامۆستا حەسەن سەلاح سۆران دەڵێ:

هەر گەلێك خۆی بناسێتەوە
قەت ناپسێتەوە، دەژیەتەوە
هەر دارێك ببێ بە هۆرە
بۆ گەلی خۆی بوو بە خۆ رە
دوای ئەوەی خۆی پێدەشكێنن
بە ئاور دەیسووتێنن

گاندی دەڵێ: كەسێكی كە لە سەر زمان‌و مێژووی خۆی شارەزایی نەبێ، ئەوە یەكەم بزمارەكانی لە تابووتی خۆی داكوتاوە.

یەكێك لە سیاسەتە شوومەكانی رەزاخانی پەهلەوی لە ماوەی دەسەڵاتی رەشی فاشیستیی خۆیدا، هەوڵی بێوچان‌و بێڕحمانە بوو بۆ تواندنەوەی نەتەوەی كورد لە كوردستانی ئێراندا. بۆ جێبەجێ كردنی ئەو مەبەستە قیزەونە، دابونەریت‌و جلوبەرگ‌و زمان‌و ئەدەب‌و موسیقاو سەمای كوردی بە توندی قەدەغە كرد بوو. بەڵام بەو هەموو هێزەوە، نەك هەر كوردی كۆڵنەدەری بۆ نەبەزی، بەڵكوو سیاسەتی زەبروزەنگی پۆلیسی رەزاخان بوو بە هۆی راپەڕینێكی بەرینی فیكری لە كوردستاندا. هەزاران پێچ‌و پشتێن‌و رانك‌و چۆغە و پەستەكی پیاوی كوردو شەدەو هەوری‌و دەسماڵ‌و كۆڵوانەی ژنی كورد دڕاو سووتا بەڵام جلوبەرگی كوردی وەك نەریتێكی میللی هەر ماوە. لە قوتابخانەو ئیدارە، تەنانەت لە كۆڵان‌و شەقام، هەزاران كورد بە تاوانی كوردی گوتن گیران‌و ئازار دران‌و سووكایەتیان پێكرا، بەڵام زمانی كوردی وەك سەرمایەی نەتەوایەتیمان هەر پارێزرا. كورد نەتواوەو ئابڕووتكاوی‌و ڕیسوایی مێژوو بۆ پۆلیسی رەزاخان مایەوە.

كوردستانم دەڕەنگێنم
مەدرەسەی لێدەسازێنم
بە زمانی خۆم لێی دەخوێنم
كەواو پاتۆڵ لەبەر دەكەم
كڵاوو پێچ لەسەر دەكەم
ئەو كاتەی دەڵێم، كوردم من
بە كوێرایی چاوی دوژمن

بە پێی لێكۆڵینەوەی زمان ناسان، زمانی كوردی كۆنترین دیاردەی كوردە، مێژوویەكی هەیە كۆنتر لە زمانی عەرەبی‌و توركی‌و فارسی.

بێهزادی خوشحاڵی دەڵێ: زمانی كوردی لە زمانە تێرو تەسەلەكانی دنیایەو لە بارەی جۆری شێوەی كورد هەر ئەوە نییە كە بیگری‌و بیكوژی، یا بە هەر جۆرێك لە ناوی بەری؟، چەندین ساڵە داب‌و نەریتەكەی ژێر پێ خراوەو زوڵم‌و زۆری لێكراوە. بەڵام داخوا دەتوانێ نەتەوەیەك بێ فەرهەنگ حیساب بكەی؟ لە كاتێكدا فەرهەنگی ئەو نەتەوەیە لە ژیاری (تمدن) بەینولنەهرین، كێوەكانی‌و دەشت‌و دیمەنەكانی هەولێرو سلێمانی‌و مەهابادو سنەو كرماشان‌و كەركووك دایە، فەرهەنگ دەتوانێ پردێك بێ لە نێوان كۆن‌و نوێدا. كەواتە دەبێ هەوڵ بدەین‌و تێ بكۆشین‌و نابێ وەك سۆفی بیر بكەینەوە، سۆفی دەڵێ: ئەمن چایی ناخۆمەوە، چونكە رەنگەكەی لە رەنگی شەڕاب دەچێ، با ئێمە نەڵێین، جا كوردی چییە، ئەوە نییە قسەی پێدەكەین. زمانێك كە خوێندن‌و نووسینی نەبێ، زمان نییە، هەرچی زیاتر هەوڵ بدەین، زمانەكەمان پاراوترو گەشاوەتر دەبێ‌و دەبێ بۆخۆمان باس‌و لێكۆڵینەوە لەسەر زمانەكە بكەین. نابێ كفن لە بەر زیندوو بكەین‌و هاتوچۆ لەگەڵ مردوو، ئێمە ئەگەر ئەمڕۆ پشتی خۆمان نەخورێنین، بە هیوای كێ بین ئەو كارە بكاو بە وتەی پێشینیان:

گۆشتی خەڵكی كە دەست نەدا بۆت
قەناعەت بكە بە دۆشاوی خۆت

كوێر كرنەوەی كانیاوی زمان‌و زوڵم وزۆری وای كردوە كە خوێندەواری كورد هەستی نەتەوایەتیی خۆیان بەرانبەر بە رێوشوێنی تازەی زانیاری پەروەردە نەكردوەو لە نووسین‌و بڵاوكردنەوەی بیرو باوەڕدا زمانی خۆیان بە كار نەهێناوەو بەو هۆیەوە زمانی نیشتمانیمان وەختە لە شارە گەورەكاندا لە ناوبچێ‌و زمانی كوردی پوخت‌و پاراو هەر لە چیاو چۆڵان ماوەو خەڵكی گوندان‌و كۆچەران هێشتوویانەتەوە. باچیتر نەهێڵین منداڵەكانمان فێری مەمانی‌و ئاغا بن‌و با وشەكان خۆمانە بن‌و دۆمانە بن، باشترە تا بێگانە بن، ئەدەبیاتی هەر گەل‌و نەتەوەیەك، ئاوێنەی باڵانوێنی ژیانی ئەو گەلەیە.

به حەوت زمان، ئەگەر بمدوێنی
گەر بە كوردی نەدوێی، كوا هەست بزوێنی؟

تا دڵمان لە ترپەو لێدان دەكەوێ، لە پەرەپێدانی زمانی زگماكی ناوەستین‌و ئامانجمان خزمەت بە نەتەوەی كوردەو لایەنگری زمانی كوردین‌و خوێندن‌و نووسینی زمانی كوردی بۆتە هەوێنی ژیانمان‌و ئێمە هەوێنمان تێ كردوە، وردە وردە دەمەیی، ئێمە دەیچێنین‌و دەیلێینەوە، وا باشە ئێوەش زۆر بە باشی لە دەروونی خۆتاندا شینی بكەن. لە كۆتاییدا:

ئەمن ئاشقی زمانی كوردیم
بەبێ ئەم زمانە، ئەمن چیم؟

## له رووباری پێكەنینەكانمدا خەمەكانم بخوێنەوە نەك لە روخسارم دا

رەسول سوڵتانی



# گڕكانی ئەوین

دڵ بە گڕكانی ئەوین سەودا سەری ئەو یارەیە
خەم لە جامی ژینی شادی ئێمەدا ئاوارەیە
گوڵبزەی خونچەی زەمەن تانەی لە شاعیر داو وتی:
شاعیرە عاشق نییە، نامۆی كچی ئەو شارەیە
هێندە تامەزرۆی هەناسەی خۆشەویستیم بۆیەوا
بۆ قرەی بۆقی دەمەو ئێوارە رۆحم شارەیە
بۆتە چاوگەی گڕ وجوودم، عەشقە بارانم دەكا
هێرشی عاشق كوژانەی ئەو كچە ساكارەیە
بووكی شێعرم قەت بە بێ تارای ئەوین نایاتە ڕوو
زۆر دەمێكە دیلی دەستی ئەو خەم‌و ئازارەیە
تا چزووی خۆر خۆی نەساوێتە دەمی گوڵ ناسرەوێ
شاعیریش عاشق نەبێ توێشووی پەت‌و سێدارەیە
دەستی شەڵتانی لە خوێن گابەردی نەخشین كردبوو
شوێنی جێ پەنجەی بە جێماوی شەوی ئەو یارەیە



ـ هەردی موكریانی ـ

قەرەقا ٨٣/٣/٩

# بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژیی شەرەفپارێزانە، پێویستی بە ستراتیژییەکی نەتەوەیی هەیە

ڕێبوار کەریمی(*)

ئەو دڕندەییەی بەرامبەر بە "دۆعا" کرا، بە هیچ شێوەیەك شتێکی ریزپەڕ نەبووە. هەموو مێژووی پاش ڕاپەڕینی ئێمە لێوانلێوە لە کارەساتی ژن کوشتن لە ژێر ناوی شەرەفپارێزیدا. هەزاران ژن، هەزاران بێتاوان، هەزاران "دوعا"، بە بەرچاوی نوقاوی ویژدانی کزۆڵە کردووی ئێمەوە کوژراون و ڕۆژانە دەکوژرێن. ئێستاشی لەگەڵ بێ هەموو ڕۆژێ هەواڵی کوژران و توورهەڵدرانی تەرمی لە خوێن دا شەلاڵی مرۆڤە بە ڕەگەز مێینەکانی ئێمە بۆ سەر کۆڵان و شەقامەکانی کوردستان، هەواڵی تەنگپێهەڵچنینی ئینسانی بەڕەگەز مێینەی کۆمەڵگای ئێمە تا سەر لێواری خۆسووتاندن، هەواڵی داخ و ئازاری ژنی کوردەواری بە دەست نەریت و ڕێسا یەکسانی نەناسەکانی کۆمەڵگای ئێمەوە، بڵاو دەبنەوە و ئێمە بێخەم بەلایاندا تێپەر دەبین. خۆ ئەمجارەش دەبێ سپاسی کاریگەریی وێنەکان بکەین، دەنا لە وانەبوو هەرگیز دادی بەدرەنگکەوتووی دوعای داماو، لە دادی هەزاران و هەزاران دوعای نامورادی‌تر زیاتر بڕی نەکردایە.

کێشەی ژن، تەنیا کێشەی ژن نیە، کێشەی کۆمەڵگای ئێمەیە، کێشەی هەموو مێژوو، ئێستا و پاشەڕۆژی ئێمەیە. کێشەی ژن، قەیرانی نایەکسانی و لە هەمووشی شەرمهێنەرتر، توندوتیژیی ڕەگداکوتاو و بێدەنگە لێکراو بەرامبەر بە مرۆڤی بە ڕەگەز مێینەی کۆمەڵگای ئێمە، کارەساتێکی نەتەوەییە کە ئاماژە بە دواکەوتوویی لە کاروانی پێشکەوتن، نامۆیی لە بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتیی خاوەن شارستانیەت و دواجاریش هێمای زەقی قەیران لە کولتووری ئێمە دایە. ڕەوتی پێشکەوتنی کولتووری ئێمە کۆسپی گەورەی لە بەر بووە، بەڵام هیچ یەك لە کۆسپە دەرەکی و ناوەکی‌یەکان بایی ئەوەندە نین کە بکرێتە بیانوو بۆ خۆدزینەوە لەو ڕاستییە تاڵەی کە کولتووری ئێمە تا سەر ئێسقان باوکسالارو ناتەبا لەگەڵ هاوڕێزیی نێوان ڕەگەزە جیاوازەکانە. تەنیا داننانیشن بەو ڕاستییەدا هیچ ناگۆڕێت، مادام ئەو داننانە لە هەموو ئاستەکان دا، لە پێناوی ڕیفۆرمێکی کولتووریی شێلگیردا متوربەی جیددی نەکرێت.

**لە مێژە وەختی ئەوە هاتووە کە پرسی ژن کوژی، لە دیاردەیەکی کولتووری و ناوخۆییەوە بۆ ئاستی پرسێکی نەتەوەیی بەرز بکەینەوەو، نەك هەر لە ئاستی مێدیاو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا، بەڵکوو لە سەر ئاستی جڤاکی، حکومەتی و دەسەڵاتی سیاسییش بیر لە هەڵمەتێکی جیددی بۆ بەگەڕ خستنی زەمینەی ڕیفۆرمێکی کولتووریی جیددی بکەینەوە.**



هیچ گەلێك بە پێشکەوتوویی نەخۆڵقاوەو هیچ گەلێکیش بەبێ تێپەرین بە ڕەوتێکی شێلگیرانەی پەرەسەندندا، پێش ناکەوێ. بەداخەوە، خەباتی تاقەتپڕووکێنی کورد لە پێناوی وەدیهێنانی ئازادیی سیاسی و بەدەستهێنانی مافە گشتییەکاندا، بە چەشنێك چوارچێوەی پرۆژەی پەرەسەندنی نەتەوەیی ئێمەی بەرتەسك کردۆتەوە، کە ئیدی خەبات لە پێناوی ئازادییە تاکەکەسییەکان و بەگشتی پەرەسەندنە کولتووری و کۆمەڵایەتی‌یەکاندا، شوێنێکی ئەوتۆی لە ڕۆژەڤی خەباتی نەتەوەییماندا بۆ نەهێشتراوەتەوە. بەڵام بەختیاریی مرۆڤ یەکەیەکی کۆنکرێتەو، هەر داشکاندنێك لە ئازادی و ڕێزی مرۆڤ، لە ژێر پرسیار خستنی کۆی کەسایەتیی ئادەمیزادە. هەموو ئەو کۆسپە دەرەکی و ناوخۆییانەی بەرۆکیان بە کۆمەڵگای ئێمە گرتووە، لە پلەی یەکەمدا زیانیان بە مرۆڤی ژنی کۆمەڵگای ئێمە گەیاندوە. ئەو بێڕێزی و مافخوراوییەی تووشی ژنی کۆمەڵگای کوردی بووە، چونکە پاساوی کولتووریی هەبووە، هەمیشە دوایین شت بووە کە بیری لێ‌کرا بێتەوە.

کێشەی ژنان بەڵام کێشەی نەتەوەیی ئێمەیە. مادام بۆ پێکهاتنی کێشە، هەمیشە زیاتر لە یەك لایەن پێویستەو، مادام ئێمە ناتوانین بەبێ لەبەر چاو گرتنی ڕۆڵ و نەخشی نێگەتیڤی ڕەگەزی پیاو، وێنای کێشەی ژن بکەین، کێشەیەك کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێوەندیی هەبێت بە تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگاوە، کێشەیەکی نەتەوەییە. ئێستا ئەگەر ئەو توندوتیژییە سیستماتیك و ئەو شەپۆڵە بەربڵاوەی قڵتوبری مرۆڤی مێینەی کۆمەڵگای خۆشمان، بخەینە تەنیشت ئەو کێشەیە، ئەوسا دەگەین بەو ئەنجامەی کە توندوتیژیی بەرامبەر بە ژن، هێمایەکی زەقی قەیرانی کولتووری نەتەوەیی ئێمەیە.

چیتر ناتوانین و نابێ وەك کەو سەرمان بخەینە بن بەفری بێ موبالاتی و خۆ لە داننان بەو ڕاستییە تاڵە بدزینەوە کە لەگەڵ قەیرانێکی جیددی لە کولتووری نەتەوەییماندا بەرەورووین. گەلانی ڕەسەن و خاوەن شارستانەتی، لە باسی کێشە گشتییەکاندا نەك هەر بێدەنگە ناکەن، بەڵکوو بە دەنگی بەرز دانی پێدادەنێن و لە ئاستی نەتەوەیی‌داو بە پشگیریی دەسەڵاتی سیاسی، هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەری بۆ دەدەن.

چ لە نێو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین داو چ لە نێو گرووپە کۆچبەرەکانی ڕۆژئاوادا، هەر کاتێك باسی توندوتیژیی ناموسی دەکرێ، باسی ئازاری ژنی کوردو ئاکاری پیاوی کورد زەق دەبێتەوەو هەتا ئێستاش، پڕێستیژی مرۆڤی کوردو گەلی کورد بەگشتی، بە هۆی کردەوەی دزێوی پیاوانی باوکسالارو توندڕەوی کوردەوە، بەرادەی پێویست خەوشدار بووە. با لە بیرمان نەچێت، ئەگەر قوربانیانی توندوتیژی شەرەفپارێزانە، لە پلەی یەکەمدا ئەندامانی ئافرەتی کۆمەڵگاکەمانن، بەڵام لە چاخی زانیاری و دنیای گلۆباڵدا، ئیتر هەموو کارەساتێکی ئەوتۆ کاتێك دزە دەکاتە دەرەوە، دەبێتە مایەی ڕیسوایی هەموومان و ژێر پرسیار کەوتنی کەسایەتیی کولتووری و بگرە نەتەوەیی هەموو کورد.

توندوتیژی لە ژێر ناوی شەرەفپارێزیدا، ئەگەر بە ڕووە ناوخۆییەکەیدا کوردستانی کردوە بە قەسابخانەی هەزاران ژنی چارەڕەشی کۆمەڵگای کوردەواری، بە ڕووە دەرەکییەکەشیدا لە ساڵانی ڕابردووا لە هەموو دوژمنێك و لە هەموو نەیارێکی سیاسیی کورد زیاتر، ناوی کوردی زڕاندوەو بگرە لە ئاست دراوسێکانی خۆشیدا، خستوویەتە خانەی "گەلی دواکەوتوو"ەوە. لە مێژە وەختی ئەوە هاتوە کە پرسی ژنکوژی، لە دیاردەیەکی کولتووری و ناوخۆییەوە بۆ ئاستی پرسێکی نەتەوەیی بەرز بکەینەوەو، نەك هەر لە ئاستی مێدیاو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا، بەڵکوو لە سەر ئاستی جڤاکی، حکومەتی و دەسەڵاتی سیاسییش بیر لە هەڵمەتێکی جیددی بۆ بەگەڕ خستنی زەمینەی ڕیفۆرمێکی کولتووریی جیددی بکەینەوە.

ژن کوشتن لە ژێر ناوی شەرەفپارێزیدا سیمای قەیرانێکی ترسناکی کولتووری نەتەوەییمانە. هەوڵدان بۆ خاشەبر کردنی ئەو دیاردە دزێوە، بەبێ بوونی پلانی ستراتیژیك لە سەر هەموو ئاستەکانی تاکەکەسی جڤاکی و حکومەتی دەستەبەر نابێت. ئێمە پێویستیمان بە داڕشتنی ستراتیژێکی نەتەوەیی هەیە، بۆ دابڕان لەو دیاردە دزێوەو سامناکە کە لە ئاستی ناوخۆییدا گیانی مرۆڤی ژنی کوردو لە ئاستی دەرەکیدا حەیسیەتی هەموو میللەتەکەمانی بردۆتە ژێر پرسیار.

ڕووداوی کوشتنی دوعا، تەنیا ترۆپکی چیایەکی سەهۆڵین بوو. سزادانی بکوژانی دوعا خۆی لە خۆیدا، لەگەڵ هەموو پێویست بوونەکەی، بە هیچ شێوەیەك مانای بەرەو ڕووبوونەوەی جیددی لەگەڵ ئەو بەستێنە کولتوورییە ناگەیەنێت، کە زەمینە بۆ کارەساتخوڵقێنی لە ژێر ناوی شەرەفپارێزیدا، دەڕخسێنێت. ناشێ توندوتیژیی شەرەفپارێزانە تەنیا لە بەردباران و کوشتنی بێڕەحمانەی ژناندا کورت بکەینەوە. توندوتیژیی ناموسی، لە ڕووکارە جیاجیاکانیدا، لە بیچمی کۆنترۆڵ، تەنگهەڵچنین، بەزۆر بە شوودان، خەتەنەی کچان، سووکایەتیپێکردن و تەریکخستنەوە، زەخت و گوشاری دەروونی و بەگشتی گەلێك جۆرە توندوتیژیی دەروونی و جەستەیی جیاجیادا لەسەر خوانی نایەکسانی و هەڵاواردنێکی ڕەگەزیی ڕەگداکوتراو، وەکو خۆرە بەربۆتە نەمامی ژین و بەختەوەریی هەزاران هەزار ژن و کچی کوردەواری. ئەوانەی دەکوژرێن و تەنیا لە کاتی مردنیاندا ئازارەکانیان سەرنجمان رادەکێشن، تەنیا بەشی هەرە کەمی ئەو ژنانەن کە ڕۆژانە دەبنە قوربانیی شێوازە جیاجیاکانی توندوتیژیی شەرەفپارێزانەو ناموسی.

هەتا خوێندنەوەیەکی جیددی و داڕشتنی پلانێکی ستراتیژیی نەتەوەیی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەموو ئەو دیاردانەی لە کورتماوە یان درێژماوەدا، گەرای توندوتیژیی ناموسییان لە هەناوی خۆیاندا هەڵگرتووە، ڕێگایەکی سەختمان لەبەرە. بەوەشەوە، وەختی ئەوە هاتوە کێشەی توندوتیژی بەرامبەر ژن، لە قاوغی کلێشە باوەکان و داواو دروشم بهێنینە دەرو، لە سەر عەرزی واقع مشووری جیددی لە میکانیزمەکانی بەرەنگار بوونەوەی بخۆین. تەنیا هاوسۆزی و مەحکووم کردنی توندوتیژیی شەرەفپارێزانە بەس نیە، ئێمە پێویستمان بە هەرەوەزێکی نەتەوەیی هەیە لە پێناوی خاشەبڕکردنی ئەو ئەقڵییەتە خێڵەکی و کۆنەپەرستانەیەی ناموس و شەرەفی پیاو بە جەستەی ژنەوە گرێ دەدات.

هەرچەند دوعا تاکە مرۆڤی کومەڵگای ئێمە نابێت کە لە قەسابخانەی ئەقڵیەتی باوکسالارانەدا دەکرێ بە قوربانی. بەڵام هیچ کاتێك لە ئێستا گونجاوتر نابێت، تا ڕۆژی جوانەمەرگ کردنی دوعا بکەین بە ڕۆژی نەتەوەیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی ناموسی و، ئەو ڕۆژە نگریسە لە ڕۆژ ژمێرەکاندا تۆمار بکەین و چیتر لە بیرمان نەچێت، کە بەر لە دوعا هەزاران دوعای دیکە بە بێتاوان، بە بەرچاوی نووقاوی خواو خەڵکی خواوە، کوژراون و ئێمە لە ئاستیدا بێدەنگ بووین. خۆ ئەگەر دەنگی ناڕەزاییانەی ئێمەش تەنیا لەو کاتەدا بەرزبێتەوە کە تەرمی دوعاکانمان بەسەر دەستدا دەکەون، ئەوسا هەتا خواخوایە بەشی ئێمە تەنیا شێعر هۆنینەوەو شینگێڕی و سڕینەوەی ئارەقی شەرمەزاری دەبێت. وەرن با بەهیممەتی حکومەتی کوردی و بە پشتیوانیی میدیا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هەموو تاکێکی بەڕاستی شەرافەتمەندی کورد، ڕۆژی مەرگی دوعا بکەین بە ڕۆژی نەتەوەیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی شەرەفپارێزانەو سەرەتایەك بۆ داڕشتنی پلانێکی ستراتیژیی نەتەوەیی، لە پێناوی ڕیفۆرمێکی کولتووری بە ئاراستەی خاشەبڕکردنی هەموو ئەو دیاردە کولتووری‌یانەی، لە کورتماوە یان درێژماوەدا، دەبنە هۆی دەستدرێژی کردنە سەر جەستەو گیانی پیرۆزی مرۆڤی کۆمەڵگا لە ژێر ناوی نگریسی پاراستنی شەرەفدا.

(*) ڕاوێژکارو فێرکار، لە پرۆژەی "پسپۆریی دابەشکراو" لە پێناوی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی شەرەفپارێزانەدا

*درێژەی بەرلەماڵاوایی*

## هەنگاوی یەکەمی پاشەکشێ لە بەرانبەر "شەیتانی گەورە"دا

چونکە ئێران دەزانێ کە سەقامگیریی تەناهی لە عێراق بۆ وڵاتەیەکگرتووەکان ژیانەکییەو ئەمریکاش دانی بە دەوری ئێران لە عێراق داناوە. کەواتە ئەگەر ئەمریکا هەست بەوە بکا کە ئێران لەم پێوەندییەدا نیازپاکی لە خۆی نیشان داوە شیمانەی ئەوە هەیە ئەمریکا لەو ئەنجومەنەدا ئەو مەبەستەی ئێران بێنێتە دی.

بۆ درێژ ماوەش کۆماری ئیسلامی بەو ئاکامە گەیشتوە کە چیتر توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ جیهانی ڕۆژئاواو ئەمریکا نیەو لە ئەنجام دا ملی بۆ پاشەکشێی پلە بە پلەی خۆی ڕاکێشاوەو قەیرانی عێراقیش لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامیەوە دەسپێکێکی باشە بۆ ئەم مەبەستە. چونکە وتووێژەکان لە کاتێکی لەباردا (قووڵتر بوونەوەی قەیرانی ناوکیی ئێران و کەوتنە ژێر گوشاری دەوڵەتی ئەمریکا سەبارەت بە توندتر بوونی نائارامییەکان لە عێراق)و هەم لە هەڵکەوتەییەکی لەبار (کۆماری ئیسلامی لە ڕوانگەی هێزەوە دەست بە وتووێژ دەکا) ئەنجام دەدرێن. ئەگەر ئەم وتووێژانە ئەنجامی سەرکەوتووانەی بۆ دوو لایەن هەبێ - کە ئەویش بەستراوەتەوە بەرادەی نیازپاکیی کۆماری ئیسلامی - ڕێگا بۆ وتووێژەکانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکە خۆش دەکا. ئەوەی لەم نێوەدا بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی گرنگە ئەوەیە تابۆی وتووێژ لەگەڵ" شەیتانی گەورە" دەشکێ، واتە شتێك کە لە ڕابردووش دا هێندێك لە کاربەدەستانی ڕێژیم بەپێچەوانەی خواستی دەروونیی خۆیان هەستیان بە پێویستیی ئەو کرد بوو، بەڵام نەیان دەوێرا دەری بڕن.

بەڵێ کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆی دەیهەوێ پاشەکشێ بکاو وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا بێجگە لە داننان بە شکستی سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە لە ٢٨ ساڵی ڕابردوو لە بەرانبەر ئەمریکادا شتێکی دیکە نیە. بەڵێ کۆماری ئیسلامی ئێستا بە هەنگاوی لە سەرەخۆ بەرەو دەستبەردانەوە دەڕوا، بەڵام بەهێزانە وادەنوێنێ کە لەبەر چاکەی خەڵکی عێراقی ئامادەیە وتووێژ بکا. ئەگەر ئەمریکا (دوژمن و شەیتانی گەورە) چاکەی خەڵکی عێراقی بوێ ئێستا لە ئێوە دەپرسم کۆماری ئیسلامی کە ئێستا ئامادەیە بۆ چاکەی خەڵکی عێراق و یارمەتیدان بە دەوڵەتی مالکی لەگەڵ دوژمنی مێژوویی خۆی وتووێژ بکا ئایا پێتان وا نیە کە سبەییش سەبارەت بە چاکەی خەڵکی ئێران! لەگەڵ ئەمریکاو هەر لایەنێکی دیکە وتووێژ بکاو تەنانەت مل بۆ گەورەترین شەرتەکانیش ڕاکێشێ؟ دیارە لە وڵامی ئەم پرسیارەدا دەنگە دژبەرو هاوڕاکان و سەفسەتەکارییەکانی نێو ڕێژیم و هەروەها دەوری دامەزراوەکانی وەك کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم کە سەرۆکایەتییەکەی بە مۆرەیەکی پراگماتیست و هەلپەرەست و بەرواڵەت میانەرەوە لە بیر مەکەن.

وەرگێڕان بۆ کوردی: عەبدوڵڵا بەهرامی

# کارەساتێکی دڕندانە و دڵتەزێن

فەتاح کاویان

ماوەیەك لەوە پێش کچۆڵەیەکی ١٧ ساڵانە بە ناوی دوعا کە منداڵی بنەماڵەیەکی ئێزیدی بووو دڵی چووبووە سەر گەنجێکی عەرەب، بە دەستی کەسوکاری خۆی لە ناوچەی موسڵ بە شێوەیەکی دڕندانەو (لەو پەڕی بێبەزەیی‌دا) کوژرا. ئەم کارەساتە دڵتەزێنە هەموو ئەو کەسانەی کەسەربار کرد کە باوەڕیان بە یەکسانیی ژنو پیاو، بەتایبەتی مافی هەڵبژاردنی هاوسەر هەیە.

**لەم پەیوەندییەدا پێویستە ئاماژە بە چەند شتی گرینگ بکەین:**

١ــ زۆر سەیرە ئەو مرۆڤە بیر تەسکەو کۆنەپەرستانەی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستو یەکی زایینی لە وڵاتانی دواکەوتوودا دەژین وەکوو: عەرەبەکان، ئێرانییەکانو هەروەها کوردەکانیش، دایکی خۆیان لە تەواوی ئەندامانی بنەماڵەیان خۆشتر دەوێ بە جۆرێك کە عەرەبەکان لەسەر ئەم بڕوایەن کە "الجنه تحت اقدام الامهات" یا فارس گوتەنی: "بهشت زیر پای مادران است" بە تایبەتی فارسەکان سەرەڕای قبوولی وەها باوەڕێك، تەنانەت لە ئاماژە بە وڵاتەکەشیاندا دەڵێن: "مام میهن" و کوردەکانیش بە "دایکی نیشتمان" ناوی دێنن. کەچی زۆربەی خەڵکی ئەم وڵاتانە خۆ لەو راستییە گێل دەکەن کە هەر کچەی رۆژێك لە رۆژان دەبێتە دایك بەڵام هیچکات ناخوازن ئەم مافە بدەن بە کچەکانیان بەدڵی خۆیانو بە سەربەستی هاوسەری خۆیان هەڵبژێرن.

٢ــ ئەرکی بنەمایی هەر گیانلەبەرێك لەم جیهانە بەرینەدا هەر لە مێروولەوە بگرە تا دەگاتە فیلو نەهەنگ، پێکەوە گرێدانی ئاڵقەی ژیانی رابردووە بە داهاتوو. تاقانە رێی ئەم ئەرکە پیرۆزە زەماوەندەو لەم رێگەدا کاریگەریو دەوری ئافرەت بۆ مانەوەی رەگەزی مرۆڤایەتی نەك لە رۆڵی پیاو کەمتر نیە بەڵکو لەوێش لەسەرترە. چونکە ئەوە دایکی هەژارە کە دەبێ بە خوێنی گیان تا نۆ مانگان منداڵەکەی بەخێو بکاو لەپاش لە دایکبوونیشی لانیکەمی هەتا دوو ساڵو زۆر جاران لەوەش زیاتر بە شیری خۆی پەروەردەی بکا. لەم نۆ مانگو دوو ساڵەدا ـ زیاتریش پیاو چ رۆڵێکی هەیەو چ تاڵیو ژانێك دەچێژێ؟ دەکرێ بڵێین هیچ.

٣ــ وەرن ئاواتی بۆ بخوازین، ماوەی سەت ساڵان، تەنانەت چەند دەیەش زیاتر، دایکان هەر کوڕیان بێو هیچ کەنیشکێکیان نەبێ. دەرەنجامی وەها پرۆسەیەك چی لێدەکەوێتەوە بێجگە لەوەی مرۆڤ ببڕێتەوە؟ پێچەوانەکەشی هەر وایە. بەو مانایە ئەگەر لەوەها ماوەیەك دا تەنیا کچان لەدایك بن هەر ئەوەی لێ شین دەبێتەوە کە باسمان کرد. بەو پێیە کۆڵەکەو بنەمای بەردەوامبوونی ژیان هەبوونی ژنو پیاوەو بەبێ بوونی یەکێکیان ژیان بەیەکجاری رادەوەستێو ناچێتە پێش. ئەدی بۆ مافی وەك یەکیان بۆ لە بەرچاو ناگیرێ؟ سەیر ئەوەیە لە نێو جۆرەکانی گیانلەبەرو پەلەوەردا هیچ جیاوازی خستنێك نیە لە مابەینی نێرو مێدا. لە پێوەندی لەگەڵ باڵندان دا وەکوو پەرەسێلکەو کۆتر کە زۆربەیان لە نزیکی مرۆڤەکان هێلانەکانیان چێ دەکەن نەك چووکترین جیاوازییەك لە نێوان نێرو مێییان بەدی ناکرێ بەڵکوو لە گشت کارەکاندا بۆ وێنە هێلانە کردنو کڕ کەوتنیان لە سەر هێلکە بەتەواوی یارمەتیدەری یەکترن. جێی سەرسوڕمان لێرە دایە کە تەنانەت خەڵکی گێلو تەسك بیریش هەست بە جیاوازی ناکەن لە نێوانی نێرو مێی پەرەسێلکەو کۆترو باڵندەکانی دیو نەك هەر یەکێکیان پێ باشتر نیە لەوی دیکە بگرە لە پێوەندی لەگەڵ هێندێك لەبوونەوەرەکان، بۆ وێنە مەڕو ماڵات، مێیەکانیان پێباشترە. بەڵام کاتێك دێتە سەر پێوەندییەکانی نێوان ژنو پیاو، هەستی جیاوازیدانان تانوپۆی ژیانیان دەتەنێ.

٤ــ لە نێو خەڵکی وڵاتانی پێشکەوتووو دواکەوتوو یا لە حاڵی گەشە سەندن دا لە پێوەندی لەگەڵ زۆربەی کێشە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی مافی مرۆڤدا جیاوازییەکی زۆر بەدی دەکرێ. ئاماژە بە یەکێك لەو جیاوازییانە بێ جێنابێ.

لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا کاتێك پیاوانی سیاسی بە پێی پێویست باس لە دێموکراسی، مافی مرۆڤو یەکسانیی مافی ژنو پیاو دەکەن بەکردەوەش پێبەندی وتەکانیان. چونکی ئەوان لە ناخەوە نەك بۆ بەرژەوەندیی خۆیان باوەڕیان پێیەتی هەر بۆیەش بۆ وەدیهێنانیان پێداگرو وەفادارنو لە ئاکام دا لانیکەم بەشێکی زۆری روانگەو باوەڕەکانیان وەدی هاتوونو رۆژبەرۆژ بەرەو باشتر بوون دەچنو سەقامگیرتر دەبن. بەڵام لە وڵاتانی پاشکەوتوودا رێبەرانی سیاسیو کۆمەڵایەتی کاتێك بە بەژنو باڵای دێموکراسیو مافی مرۆڤو زۆر کێشەی دیکەی وەك یەکسانیی مافی ژنو پیاو هەڵ دەڵێن، وا دەنوێنن کە زۆر لە رێبەرانی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان شارەزاترو بلیمەت ترن. بەڵام کاتێك چاو لە کردەوەیان دەکەی جوان دەردەکەوێ کە هەرچی دەیڵێنو وتویانە بەدەگمەن بازنەی مزگێنیی پووچو بەرژەوەندییەکانیان دەبەزێنێ.

٥ـ لە کوردستان کێشەو ناکۆکییە عەشیرەتییەکان کە میراتی رابردوونو ماونەتەوە، ئەگەر نەڵێین زیاتر لە ناکۆکیی ئایینی لانیکەم وەك ئەو بارودۆخێکی ئەوتۆی خولقاندوە کە تێیدا کچان بە دەگمەن ئەو هەلو دەرفەتەیان بۆ دەرخسێ کە هاوسەری داهاتوویان بە دڵخوازی خۆیان هەڵ بژێرن. ئەگەر بێتو کچێك بەبێ ئیزنی عەشیرەتو بەبێ رەزامەندیی باوكو برایان شوو بە پیاوی عەشیرەتێکی دیکە بکا شەڕو کێشەیەکی نەبڕاوە لە نێوانیان هەڵ دایسێو زۆر جار هەیە چەند کەسێکیش لەم شەڕە گەمژانەیەدا تێدا دەچن. بەداخەوە هەر بەوەندە خەسارو زیانە نابڕێتەوەو ناکۆکییەکانی نێوانیان رۆژ لەگەڵ رۆژ توندترو ئاڵۆزتر دەبێ، لە بەر ئەوەی کوژرانو خوێنڕژان دەبێتە هۆی تۆڵە ئەستاندنەوەی دوو لایەنە. دیارە تەنیا ئەم چەشنە رووداوانە نین کە دەبنە هۆی دوژمنایەتیی نێوان عەشیرەتەکان، بەڵکوو گەلێ هۆکاری دیکەش هەم لە رابردوداو هەم لە سەردەمی ئێستادا لە هەڵاییساندنی ئاوری براکوژیدا رۆڵو دەستیان هەبووەو بۆتە هۆی ئەوە کە نەتەوەی کورد هەر وا دیلو ژێر چەپۆکەی بێگانان بێو نیشتمانمان هەروا لە ژێر دەستی داگیرکەران دابێ.

٦ـ لە زۆربەی شارو شارۆچکەو دێهاتەکان لە دوایین رۆژەکانی زەماوەندداو ئەو کاتەی کە کەسوکاری زاوا بۆ بردنی بووك دێنە ماڵیان باوكو برا تەنانەت هیچ کام لە پیاوانی خزمو کەسی بووك لە ماڵێ نامێننەوە. کە لە راستیدا ئەم کارە نیشاندەری بێ ئەملاو ئەولای بیرو باوەڕی کۆنەپەرستانەی ئەوانە. وەها کارێك بەو مانایەیە کە شوو کردنی کچان تەنانەت بە رەزامەندیی باوكو براش بە سەرشۆڕی دەزانن!! لێرەدا دەبێ لەو جۆرە کەسانە بپرسین کە ئەگەر مێرد کردنی کچان جێی شەرمە، ئەدی بۆچی دایکی خۆتان هەتا ئاستی پەرستن خۆش دەوێ. بۆ مەگەر دایکی ئێوەش رۆژێك لە رۆژان تووشی وەها کارێك نەبووە کە ئێوە بەشەرمی دەزانن؟!!

٧ـ بەبڕوای نووسەری ئەم دێڕانە تەنیا مافێکی کە هەر دایكو باوكێك لە پێوەندی لەگەڵ هەڵ بژاردنی هاوسەر لەلایەن منداڵەکانیانەوە لەسەر شانیانە ئەوەیە کە زانیاریی پێویست لەسەر کەسایەتیی ئەو کەسە بدەن بە منداڵەکەیان کە خوازیاری ئەوەیە زەماوەندی لەگەڵ بکاو دوابڕیار پێوەندیی بەخودی کچەکەوە هەیە.

پرۆسەی وەها هەڵبژاردنێك لە بەرژەوەندیی دایكو باوکی کچەش دایە، چونکی ئەگەر کچە لە ژیانی هاوبەشی خۆیدا ناکۆکییەکیشی لەگەڵ زاوا هەبوو ئیتر دەست ناکا بە توكو نەفرین لە دایكو باوکیو، خەتاکە ناخاتە ئەستۆی ئەوان.

٨ــ یەکێك لە هۆکارەکانی دواکەوتوویی ئابووریی ئەو کۆمەڵگایانەی تێیاندا رێژیمە کۆنەپەرستەکان دەسەڵاتی خۆیانیان بەسەردا دەسەپێنن بێبەری کردنی ژنانە لە هەبوونی مافی وەك یەك لەگەڵ پیاوان. لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا دەسەڵاتدارانی کۆنە پەرەست ئەوەندەی بۆیان دەکرێ هەوڵیان داوەو هەوڵ دەدەن ئەم گومانە هەڵەیە بخەنە مێشکی لایەنگرەکانیانەوە کە ژنان هەم لە باری جەستەییو هەم لە بواری توانایی فیکرییەوە لە چاو پیاوان کەمترو لە خوارترن. بەڵام پێویستە لە تەواوی لایەنگرانی ئەم بیرو بۆچوونە ناعەقڵانیە بپرسین کە ئەگەر پیاوانیش وەکوو ژنان بە درێژایی سەدەکان وەکوو ژنان لە چوارچێوەی ماڵەکانیان دا دیل بوایەن، ئەو هەلو دەرفەتەیان بۆ دەرەخسا کە هەم لە باری جەستەییو هەم لە رووی زانیاریو عەقڵەوە وەك ئێستا بن؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر.

لە وڵاتانی پێشکەوتوودا کە زیاتر لە سەد ساڵە ژنان وردە وردە گەیشتوونەتە بەشێکی کەم لە مافەکانیان بۆ یەکسانی لەگەڵ پیاوان، لە هەموو بوارە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکاندا وا چوونەتە پێش کە شان لە شانی پیاوان دەدەن، بە جۆرێك کە لەم وڵاتانەدا ژنان ژمارەیەکی زۆر لە پۆستو پلە گرینگە دەوڵەتیو نادەوڵەتییەکانیان وەرگرتووەو بەو پەڕی لێهاتووییەوە ئەرکەکانیان رادەپەڕێنن.

لە کۆتاییدا وێڕای مەحکوومکردنی ئەم کردەوە دڕندانەیە پێویستە بگوترێ ئەم کارە دڕندانەو بێ بەزەییانەیە زیانو خەسارەتێکی گەلێك قورسی لە نەتەوەی کورد داوەو روخسارێکی تا ئەو پەڕی دواکەوتوویی‌و ناشارستانیانەی لێ خستوتە روو. ئەم کارە بۆتە هۆی شادیو خۆشحاڵیی دوژمنانمان، بەڵام دۆستانو لایەنگرانی ئەم نەتەوەیەو هەموو ئازادیخوازانو بیرمەندانی کەسەربار کردوە.

توكو نەفرین لەو کەسانەی ئەم جینایەتە سامناکەیان خولقاندو لە لایەنگرانو داکۆکیکارانی وەها بیرو باوەڕێکی دژە مرۆییانە.



*دوعا ئەوکچە کوردەی بە دڕندانەترین شێوە لەسەر خۆشەویستی گیانی لێ ئەستێندرا*

# جموجۆڵە نیزامییە رانەگەیاندراوەکانی رێژیمو ترس لە رووخان

سمایل شەرەفی

نیزیك بوونەوەی هێزەکانی ئامریکا لە سنوورەکانی ئێران، یان بە واتایەکی درووستتر بوونی سەربازەکانی ئامریکایی لە دوو وڵاتی ئەفغانستانو عێراق وەك دوو دراوسێی ئەم وڵاتەو هەروەها جموجۆڵی نیزامیی هێندێك لە وڵاتانی دیکەی وەك بریتانیا لە ئاوەکانی باشووری ئێران دا، بەگشتی وەزارەتی دیفاعو دامودەزگا نیزامی‌یەکانی ئەم رێژیمەی خستۆتە جموجۆڵو خۆرێکخستنێکی دیاری رانەگەیەندراوەوە.

سنووری چەند سەد کیلومیتریی ئێران ـ ئەفغانستان لە چەند ساڵی رابردوودا، جیا لە بەڕێوەبردنی چەند مانۆڕێکی پڕ خەرجو تێچوو وەك زولفەقاری ١و٢، بە دەیان پێگەی سەربازیو سەکۆی دژە هەواییو ... بە درێژایی ئەم سنوورە لە حاڵەتی ئامادە باشێکی رانەگەیەندراو دان. سنوورەکانی ئێران ـ عێراقیش بە دوای هێرشی ئامریکاو هاوپەیمانان بۆ سەر رێژیمی بەعس، بە نیسبەت ١٠ـ١٥ ساڵی رابردووەوە زیاترین جموجۆڵی سەربازیی بە خۆوە بینیوە. لەم لایەوە جموجۆڵی سەربازیی ئێران سنوورەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانو حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە. بە پێی ئەو هەواڵو راپۆرتانەی بە ناوەندی راگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگەنو خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانیش لێی ئاگادارن ماوەی چەند مانگێکە رێژیم لە شارەکانی وەك ورمێ، سەردەشت، مەریوانو بانەو پیرانشار خەریکی خۆرێکخستنێکی نیزامی‌یە. هەر لە ماوەی رابردوودا رێژیم هێزێکی زۆری لە پارێزگاکانی تەورێزو ئەردەبیلەوە بەرەو شارە سنووری‌یەکانی کوردستان راگواستوەو بە چەندین کۆنە پایگای بە تایبەت پایگا سنووری‌یەکانی ئاوەدان کردۆتەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەم جموجۆڵە نیزامیانەی رێژیمی ئیسلامی‌دا، هێندێك لە چاوەدێرانی سیاسیو نیزامی پێیان وایە، بوونی بەرچاوی ئامریکا لە ناوچەکەو وڵاتانی دراوسێی ئێراندا، بۆتە هۆی ئەم خۆرێکخستنە نیزامی‌یەی ئێرانو ترسی ئەوەی‌کە ئامریکا هێرشی نیزامیی بکاتە سەر. بەڵام لەسەر ئاستی جموجۆڵە نیزامی‌یەکانی رێژیم لە سنوورەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانو حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەند بۆچوونێکی جیاواز لە ئارادان:

ئەو کەسانەی کە رۆژانەو راستەوخۆ شاهیدی ئەم جموجۆڵانەن پێیان وایە هەمووی ئەم کارانە دژەکردەویەکن بەرامبەر بە ترسێك کە رێژیم لە هێرشی ئامریکاو ئۆپوزسیونی کوردی رۆژهەڵات هەیەتی. هێندێك کەسیش پێیان وایە هەموو ئەم جموجۆڵانە لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، جۆرێك چنگو ددان نیشاندانە بە حکوومەتی هەرێمی کوردستانو دەسکەوتەکانیو پێڕەو کردنی ئەم سیاسەتە دژە کوردییە کە ئێرانو تورکیەو وڵاتانی دیکەی داگیرکەری کوردستان هەمیشە لە سەری کۆك بوون. بەشێکی دیکەی خەڵکی ناوچەکەش بەتایبەت لە شارەکانی مەریوانو بانە، بە پێی ئەو شتانەی بۆ خۆیان دیویانە، پێیان وایە ئامانجێکی دیکەی رێژیم لەم جموجۆڵە نیزامییانە بەهێز کردنی ئەو گرووپە توندڕەوە ئیسلامییانەن کە ماوەی چەند ساڵێکە لە کوردستان سەریان هەڵداوەو دەڵێن حەرەکەتە ئیعترازی‌یەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی خەڵکی شارەکانی کوردستان ترسێکی گەورەی لە دڵی کاربەدەستانی رێژیم دا چێ کردوە بۆیە بە هەر شێوەیەك بۆیان بکرێ دەیانەوێ ئەم هاوارانە سەرکوت بکەن. هەر بۆیە لەلایەك دەیانەوێ ژمارەی هێزە سەرکوتکەرەکانیان بەرنە سەرێو لەلایەکی دیکەش هەر بە مەبەستی سەرکوتو بەلاڕێدا بردنی فەزای فکریو سیاسی کوردستان ئەم گرووپە توندرەوە ئیسلامییانە بەهێز بکەن.

خستنە پاڵ یەکی هەمووی ئەم بیرو بۆچوونە جیاوازانە کە هەر هەموویان بە جۆرێك لە جۆرەکان پێوەندییان پێکەوە هەیە، دەتوانێ تەحلیلێکی دروستمان لەم جموجۆڵانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم لە سنوورەکاندا، بەدەستەوە بدا کە ئەویش ترسە. ترس لە ئیرادەی نێونەتەوەیی، ترس لە ئیرادەی خەڵکی ئێرانو ترس لە ئیرادەی نەتەوەیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو سەرجەم ئازادیخوازانی وڵات. ترسێك کە بەرهەمی سیاسەتی دوژمنکارانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی‌یە لەگەڵ هەمووی ئەم ئیرادانە. ترسێك کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیو کاربەدەستانی بە هۆی ئەو سیاسەتە چەوتانە قەت ناتوانن بیشکێننو لە ئاکامدا پێوەی دەمرن.

"لاپەڕەی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو رێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا خاوەن بۆچوونەکان خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

هادی سۆفیزادە:

# نیشانەکانی گۆڕان و نوێخوازی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دا لە ئێستاوە وەدیار کەوتوون

دیمانە: ئامانج

## بەشی دووهەم و کۆتایی

*هادی سۆفی زادە ساڵی ١٣٥٠ لە شاری بانە لە دایك بووە، ساڵی ١٣٦٨ بووەتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئێستا لە وڵاتی نۆروێژ دەژیولە ئاستی زانستگە خەریکی درێژەدان بە خوێندنە. ماوەیەك لەمەوبەر گەڕایەوە بۆ کوردستان، بۆیە بە پێویستم زانی لەسەر پرسە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و ئێران و، هێندێك بابەتی پێوەندیدار بە رووداوەکانی ئەم دواییانەی نێو حیزبی دێموکرات ئەم دیمانەیەی لەگەڵ پێك بێنم.*

**❖ دەزانین تا رادەیەکی باش ئاگاداریت لەسەر روانگەو هەڵوێستەکانی حیزبە سەرانسەرییەکان هەیەو پێشتریش لە کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی کۆماری خوازانی ئێران لە ئاڵمان بەشدار بووی. ئایا پێت وایە ئەم وەرچەرخانە لە گوتاری نەتەوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا چ کاردانەوەیەکی لە سەر روانگەو هەڵوێستی ئەوان سەبارەت بە پرسی کوردو نەتەوەکانی ئێران دەبێ؟ چونکە وەك دەزانن زۆربەی حیزب و رێکخراوە ئێرانییەکان هەمیشە بە چاوی گومانەوە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو نەتەوەکانی ئێرانیان روانیوەو هەمیشە بە جیاوازیخوازی تاوانباریان کردوون؟**

◆ ئەوە بڵێم کە ئەوان هیچ کام بە کوردستانی بوونی حیزبی دێموکرات شاد نابن. بەڵام ئەوە بە مانای خراپیی هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان نیە. ئێمە نابێ لە بیرمان بچێ کە کاتێك حیزبی دێموکراتی کوردستان دەنگی بە ریفراندۆمی ساڵی ٥٨ نەدا ئەوان بە پێچەوانەی ئێمە هەڵویستیان گرت. بەڵام دوای زیاتر لە بیست و پێنج ساڵ دروستیی هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرکەوت. هەروەها حیزبێکی سیاسی کە دروست دەبێ، دەبێ نوێنەری گەل بێت.

**❖ لێرەدا بە پێویستی دەزانین لەسەر روانگەو ئەحزابی ئێرانی بیلانێکمان بخەیتە بەردەست یان پۆلێن بەندییەکمان بۆ بکەی؟**

◆ ئەحزابی ئێرانی دەبێ دابەش بکەین بەسەر چوار تەیف دا. یەکەم: چەپەکان، دووهەم: شوورای میللی بەرگری، سێهەم: سەڵتەنەت خوازەکان و چوارەم: ئەحزابی میللی - مەزهەبی. تەیفی چەپ کە حیزبی دیموکراتیش لە خانەی ئەحزابی چەپ دایە، دابەش دەکرێن بەسەر دوو بەشی چەپی رێفۆرمیست و نوێ دا کە ئێستا لە دوو "اتحاد جمهوری خواهان ایران" و "جمهوری خواهان لائیك دمکرات"دا خۆیان دۆزیوەتەوەو چەپی سوننەتی کە بە شێوەی موتەفەریقە یا لە باشترین حاڵەتدا وەك "اتحاد چپ کارگری" بوونیان هەیە - ئەم تەیفە مێژوویەکی زۆری نیە بە نیسبەت لایەنەکانی دیکەوە کە لە ئێران حکوومەتیان کردوە. تەیفی دووهەم شورای میللی بەرگری و بە دەرەجەی یەکەم رێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێرانە کە تا ئێستاش جیددی ترین هێزی سیاسیی ئێرانییە کە هەم لە موعادلاتی نێونەتەوەیی دا حیسابیان بۆ دەکرێ و هەمیش رێژیمی ئێرانیش زۆرترین زەختی لە سەر ئەندامانی ئەم رێکخراوەیە. بەڵام ناکرێ ئێستا لەسەر موجاهیدین شتێك بڵێین تا لەو قەیرانەی کە تێی کەوتووە بێتە دەرەوە.

تەیفی سێهەم جەریاناتی سەڵتەنەت تەڵەبن کە فەلسەفەی وجوودیی ئەوان نەك لەسەر ئەساسی بەخۆدا هاتنەوە یا دڵسۆزی بۆ خەڵکی ئێران بەڵکوو لەسەر ئەساسی ئەوەیە کە ئەوان وجوودی خۆیان لە بێ لیاقەتیی رێژیمی فێعلی دا دەبینن. دیارە ئەحزابی نێوخۆش هەن کە لە داهاتوودا قسەیان هەیە بۆ وتن هەروەك لە رابردوویش دا نەقشیان هەبووەو هەیە کە ئەمرۆ بە ناوی میللی مەزهەبی کار دەکەن و بەرجەستەترینیان نیهزەتی ئازادییە کە ئەخیرەن غیرە قانوونی کرا. ئەمانە کە باسمان کردن هەموویان خاڵێکی هاوبەشیان هەیە، ئەویش "حفظ تمامیت ارضی ایران"ە. ئەمانە لە حاڵێکدا دەیانهەوێ دەس بەسەر ئێران دا بگرن کە ناتوانن نمایەندەگیی خەڵکی ئێران بکەن. بەڵام لە بەرامبەردا، ئەحزابی مەحەللی دەتوانن نوێنەری راستەقینەی گەلانی خۆیان بن. ئەحزابی چەپی ئێرانی و میللی مەزهەبییەکان لایان وایە کە دەبێ خەڵك حکوومەت هەڵبژێرن و مودەعی گرتنە دەستی دەسەڵات نین، بەڵام دەبینن کە جەریانێکی وەك موجاهیدین سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراوی هەیە، کوڕی شا خۆی بە واریسی تاج و تەختی باوکی دەزانێ.

**❖ باشە هەڵوێستی ئەحزابی ئێرانی بەنیسبەت ئەو دوو کەرتبوونەی حیزبەوە چ بوو؟**

◆ دەبێ بەکورتی بڵێم کە بێجگە لە دوو رێکخراوی وەك فیدائیانی ئەکسەرییەت و سازمانی "اتحاد فدائیان خلق ایران"، من هەڵوێستێکی دیکەم نەدیتوە کە ئەویش بە باوەڕی من دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆی سەرەکی. یەکەم ئەوەی کە بەدوای شەهید بوونی دوکتۆر سەعید دا لەساڵی ١٣٧١ کەلێنێکی گەورە کەوتە بەینی بزووتنەوەی کوردستان و ئەحزابی چەپی ئێرانی. بەڵام لە دوایی دا بە پێی هەست بە بەرپرسایەتی کردنی حیزبی دێموکرات " اتحاد عمل برای دمکراسی" دروست بوو. دووهەم، چەرخش بە راستی حیزبی دێموکرات دوای کونگرە ١٣ تەنیا بێ تەوەجوهی و فاسلە گرتن نەبوو لە ئەفکاری شەهید دوکتور قاسملوو و شەهید دکتۆر شەرەفکەندی، بەڵکوو ئەو ساردییەی لێ کەوتەوە کە بە چاوێکی دیکە سەیری حیزبی دێموکرات بکەن. بۆ نموونە تورەییەك لە هەڵوێستی کومیتەی ناوەندیی " راه کارگر" دا بە دەردەکەوێت کە یەك لە ئەندامانی "اتحاد عمل برای دمکراسی" بوو، کە لە ئاکامدا هاتنە دەری خۆی لەو یەکیەتیە دا راگەیاندوە. سێهەم چەرخشی ئەم باڵەی حیزب بۆ تۆخ کردنی هەڵوێستی نەتەوەیی بۆ ئەوان خۆش نیە. چوارەم بەشێکی دیکەی هەڵویستی ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خۆیان زۆر لەوەپێش ئەم کێشانەیان تێپەر کردوە.

پاشان هەر سێ سکرتێری پێشووی حیزب لە پێوەندی بەردەوام دا بوون لەگەڵ ئەحزابی چەپی ئێرانی و شەهید دکتۆر قاسملوو وەك بیرمەندی بزووتنەوەی چەپی ئێران بە حیساب دەهات. هەروەها نووسراوەی بەناو بانگەکەی کاك دوکتۆر سەعید لە رۆژنامەی کوردستان دا (ژمارەکەیم لەبیر نیە) بەیانگەری باوەڕی ئەو شەهیدە بوو کە گیانی لە سەر رێبازی دانا، بەراستی ئەو دوو کەسە تا دوایی ژیانیان وەفادار بوون بە فکری چەپ.

**❖ وەك دەزانی لەتبوونی حیزبی دێموکرات و دەست پێ کردنی قۆناغێکی نوێ لە خەبات لەسەر بنەمای هێندێك چوارچێوەی تیۆری و فکری کە لە هێڵە گشتییەکانی رێبازی ئێمە دا بڵاو بۆتەوەو لەودا باس لە پێویستیی گۆڕان و ریفۆرم دەکات، کاردانەوەی جۆراوجۆری هەیە بۆ هێندێك لە کۆڕو کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان. بۆ وێنە ئەنجومەنی قەڵەم لە نامەیەکدا بۆ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە گومانیان خستۆتە سەر ئەم هەڵوێستانەو تۆیش لەم پێوەندییەدا لەسەر نامەکەی گرووپی قەڵەم روونکردنەوەیەکت نوسیوە، هۆکاری ئەم بە گومان روانینانە بۆچی دەگەڕینێتەوە؟**

◆ مەسەلەی نوێخوازی لە حیزبی دێموکرات داو عەمەلی کردنی لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە وەك زەروورەتێك بوو بە تەسکێنێك بۆ ئەوانەی کە موسەمەم بوون کە دەبێ گۆڕان بکرێ و لە دیاردە سەرەتاییەکانی ئەو گۆڕانە دەکرێ ئاماژە بە ئازادکرنی رۆژنامەی کوردستان لە حاڵەتی ئۆرگانیك بۆ رۆژنامەیەکی گشتی، خۆ لادان لە دروشمی مەزنیخوازی وەك حیزبی دێموکرات رێبەری بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و سپاردنی ئەو ئیدیعایە بە خەڵکی کوردستان، بەشداریی چالاکی بەدەنەی حیزب لە هەڵوێستی سیاسی و بریاردان کە هەر لە ئێستاوە نەهادینە بوون. بەڵام نەدیتنی ئەم شتانەو یا زوو هەڵوێست گرتن بوە هۆی ئەوەی کە کەس یا کەسانێك بە گومانەوە بڕواننە ئاکامی ئەو هەڵوێستە. بەنیسبەت گرووپی قەلەمەوە روانگەی ئەو بەرێزانە دژایەتییە لەگەڵ تەواییەتی مەسەلەی کورد، بەڵام لەو نامەیەدا مامۆستا تەنیا بیانووەکەیە. پاشان مەوزوعێکی دیکە ئەوەیە کە ئیمزاکەرانی ئەو نامەیە ناکرێ وەك یەك چاویان لێ بکرێ. شتێکی سەیر ئەوەبوو کە نامەکەی ئەوان بە ئیمزای چوار کەس بوو بەڵام تەنیا بە وێنەی بەڕێوەبەری گۆڤاری قەڵەم لە سایتی برووسکەدا داندرابوو. لێرەدا من نموونەیەك لە وتارێکی بەڕێوەبەری گۆڤاری قەڵەم دێنمەوە کە لە سایتی "کار آنلاین"دا چاپ بووە. لە وتارێکدا بە ناوی "جمهوری کردستان" کتێبەکەی کیومەرث، کە بەدەرەدین ساڵح وەریگێراوەتەوە، موحتەوای ئەو کتێبە نەقد دەکاو هەرچەند کە باس لە ناعادڵانە بوونی دادگای قازی محەممەد دەکا دەنووسێ: قازی موحەممەد ویستویەتی کە لە دادگا دا کێشەی سوننی و شیعە دروست بکا یان ویستوویەتی واژەی عەجەم بەکار بێنێ و جەلەسەی دادگا بۆ شەڕی دوو نەتەوە ببات. هەروەها لە جێگایەکی دیکەدا دەڵێ کە لە وڵامی رەئیسی دادگادا کە لێی پرسیوە بۆچی هەڵ نەهاتی دەڵێ من وەك پیشەوەری ژن سفەت نیم و لێرەدا دەیهەوێ قازی موحەممەد بە پیاو سالار دابنێ. ئەمە لە کاتێکدایە کە هیچ کەس لە نووسەرانی خاریجیش نەیانتوانیوە شتێکی خراپ لە سەر قازی موحەممەد ببیننەوە. وەك دوا شت لەم پێوەندیەدا دەبێ بڵێم کە لە نامەکەیاندا ئاماژەیان بە مەسەلەیەك کردوە کە لە جێی خۆیدا نیەو ئەتوانم بڵێم کە بەشێك لە ئێمزا کەرانی ئەو نامەیەش واقیعی مەسەلەکە نازانن و هەر کەسێك کە شارەزای ناو حیزبی دێموکرات نەبێ چەواشە دەبێ. ئەو بەرێزانە نووسیویانە کە پێشمەرگە هەبووە کە لەبەر ئەوەی پرسیارێکی لە مەسئولەکەی کردوەو مەسئولەکەی نەیزانیوە وەڵامی بداتەوە، دراوە بە کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی و لە نیهایەتدا خۆی تەسلیم کردۆتەوە.

**❖ باشە مەبەستی ئەوان لە باسکردن لە بابەتێکی ئاوا ناروون چیە؟**

◆ مەبەستی ئەوان موشەخەسەن من بووم و لێرەدا ئەوان ویستوویانە تاوانی کەسانێك بخەنە ئەستۆی کاك عەبدوڵڵا حەسەن زادە کە ئەو هەر



ئاگای لێ نەبووەو ئەو قەزیەیە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ١٥ ساڵ بەر لە ئێستا. ئەو کاتیش مامۆستا لە رەئیسی ئوموور دانەبووە، منیش بۆ ئیعتراز بەو غەدرەی لێم کرا پەنام بردە بەر دۆستانی لایەنگری فکری مامۆستاو یەك لەوان شەهید عەبدوڵڵا شەریفی و یەك لە ئیمزا کەرانی ئەو نامەیەش زۆر بە باشی لە مەسەلەکە دەزانێ و حەز دەکەم عەینی رووداوەکە وەك خۆی باس بکەم نەك بەو شێوەیەی کە ئەوان هەروا بۆ چەواشەکاری باسیان لێ کردوە.

ئەمن ساڵی ١٣٧١ کە لە فێرگەی سیاسی نیزامی لە قەندیل پێشمەرگە بووم. رۆژێك لە بەردەرگای دیوی کار خەریکی خوێندنەوەی کتێبی فەلسەفی بووم کە وشەیەکی تێدا بوو بە ناوی "ناتورالیسم"، پرسیارم لە کاك کاوە بەهرامی کرد کە ناتورالیسم یەعنی چی؟ ناوبراو رەنگێکی هێناو بردو لە وەڵامدا وتی نازانم. دوای چەند دەقیقە بانگی کردم بۆ دیوی کارو وتی ئەو پرسیارەت بۆ لێ کردم. وتم لەو کتێبە دا هاتووەو ماناکەی نازانم. ئەو لای وابوو کە من ئەمەوێ توانای ئەو تاقی بکەمەوەو پاشان وتی "همه چیز را همگان دانند"، منیش لە وەڵامدا وتم راستە "همه چیز را همگان دانند" بەڵام ئەبێ ئەندامێکی کومیتەی ناوەندییش زۆر شت بزانێ هاتمە دەرو ئەمە بوو بە سەرەتای کینەیەك لە من. ئێستا کە لە نۆروێژم هەرچی دەچمە ناو ناتورالیستەکان کاك کاوەی بەهرامیم دێتەوە یاد (بە پێکەنینەوە). پاشان ئەمن سەفەرێکی شاری رانیەم کردو زۆر بە ئیتفاقی کاك کەماڵ کەریمی کە ئەوکات وابزانم بەرپرسی ناوەندی ٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - رێبەرایەتی شۆرشگێر بوو دیت. بەهۆی ئەوەی کە شەهید عومەری سۆفی زادە کە ئامۆزام بوو تێکەڵیی پێشتریش هەبوو کەوتینە قسەو بەحسێکی دوورو درێژ لە سەر کێشەی ئەو دوو حیزبەو مەسەلەی یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزبەکە کە باسی رۆژو ویستی خەڵکی کوردستان بوو. ئێمەش تازە هاتبووینە رێزی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبەوە بە جیدییەتەوە ئەم مەسەلەمان تەعقیب دەکردو هەمووی قسەکانم ئێستاش هەر لەبیرە. بەڵام بەحەقیقەت دیفاعێکی باشم لە حیزبەکەی خۆم کرد. ئێوارەی ئەو رۆژە گەڕامەوە بۆ قەندیل و لەبەر دەرگای دیوی کار سڵاوم لە هەموان کردو وەك دەسکەوتێك وتم کە ئەمرۆ بەحسێکی سیاسیم لەگەڵ "لادەران" هەبووە دیفاعم لە حیزبی خۆم کرد، دوای ئەو سەرەتایە چووم بۆ دیوەکەی خۆم و دوای نزیك بە پێنج دەقیقە تەلەفون کراو وتیان سەروان چەکۆ بانگت دەکا. بەڵێ، چووم بۆ دیوی کارو کاك چەکۆ کەوتە بازجوییم. منیش هەر بە پێکەنینەوە وەڵام دەدایەوەو قەت تەسەوری شتی خراپم نەدەکرد. بەڵام دەرکەوت کە من لە هەڵە دام. هەرچی راستیی قەزیەکەم بۆ دەگێڕایەوە، زیاتر تووڕە دەبووو فشاری بۆ دەهێنام. من هەر بە پێکەنینەوە وەڵامم دەدایەوە تا جێگایەك کە بە دەمانچەکەی لا کەلەکەی تەهدید بە کوشتنی کردم، وتی ئەتەوێ بە پێکەنین فریوم بدەی!! پێم بڵێ جاسووسی بۆ لادەران دەکەی؟!! چیت پێ وتوون؟ ئیتر لێرەدا بوو کە ئێش بە جەرگەم گەیی و هەستم کرد ئەی کەوتوومەتە چ داوێکەوە. دوای ئیعتراز بە ئوسلووبی دەربرینی کاك چەکۆ لە دیوی کار هاتمە دەرو ئەویش داوای کرد کە بڕۆم چەك و رەختەکەم تەسلیم بکەمەوە، چەك و رەختم تەسلیم کردەوە. بەڵێ شەو لە میوانخانە نامەیەکم بۆ کاك مستەفا هیجری نووسی و وێڕای ئەوەی کە بە کورتی مەبەستەکانم گەیاندبوو نوسیبووم کە کاك چەکۆ ئیتهامی ئەوە لە من دەدا کە جاسووسی بۆ لادەران دەکەم هەر بۆیە ئەم کابرایە دەبێ ئەم بەرچەسپە ئیسپات بکات یان لەوپەڕی ... دا ئەم ئیتهامە لەمن دەدا. کاك مستەفاش لە ژێرنووسی نامەکەدا بۆ کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی داوای دەرکردنی منی کردبوو لەبەر ئەوەی کە بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیم گوتبوو... ئەم حوکمەم لە لایەن کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامییەوە پێ ئیبلاغ کراو بەم جۆرە لەوپەڕی نائومێدی داو بەپێچەوانەی ویستی خۆم، خۆم تەسلیم بە رێژیمی ئێران کردەوە. باوەڕ بکە ئەمن تەسلیمی ئێران نەبوومەوە بەڵکوو بەرپرسانی ئەو کاتی حیزبی دێموکرات ئەو بەڵایەیان بەسەر من هێنا. بەڵێ ئەمە حەقیقەتی تەسلیم بوونەوەی پێشمەرگەیەکی حیزبە لە نامەی گرووپی قەڵەم دا دەیانهەوێ تاوانی کاك چەکۆو کاك کاوە بەهرامی و کەسانی دیکە بەسەر مامۆستا دا ساخ بکەنەوە.

**❖ وەك دوایین پرسیار، بەسەرنج دان بە کۆی ئەم بابەتانەی لەسەرەوە خستمانە بەرباس، بەرێزت چۆن دەڕوانیتە لەتبوونی حیزبی دێموکرات ئەو پاوانخوازییەی لایەنی بەرامبەر لە سەر ناوی حیزبی دیموکرات دەیکا؟**

◆ ئەوەی کە پێوەندیی بە نێوی حیزبی دێموکراتەوە هەیە ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی غەیرە قانوونییەو بە پێی ماددەی قانوونی سەبت نەکراوە، بەڵکوو نێوێکە کە هەر لە دروست بوونیەوە بە شێوەی مەعنەوی لە ناو خەڵك دا ناسراوەو ئەم مەعنەویاتە ئەندامانی ئەو حیزبە دروستیان کردوەو پاشان ئەگەر ناوی حیزبی دێموکرات زۆر پیرۆزە، دەکرێ بە زۆر دەلیلی تریش ئیسپات بکرێ کە خاوەنی سەرەکیی حیزبی دێموکرات نەسڵی دووهەمی ئەندامانی حیزبن کە ئەمرۆ بە نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستان کار دەکەن. دەکرێ بڵێین رابیتی بەینی نەسڵی یەکەم و نەسڵی سێهەم نەسڵی دووهەمەو بەبێ وجوودی نەسڵی دووهەم بە شێوەیەکی تەبیعی پێناسەی نەسڵی سێهەم وەك درێژەدەری رێگای قازی موحەممەدو دواتر دوکتۆر قاسملوو ئەکەوێتە ژێر پرسیارەوەو تەرسیمی ئەم فکرە کارێکی سەخت نیە.با ئەوەش بگوترێ زۆربەی ئەو کەسانەش کە سەر بە نەسڵی سێهەمن (ئەوندەی من ئاگادار بم) هەر لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان دان. حیزبی دێموکرات حیزبی گەلەو ئەم دادگایەی گەل بۆ خۆی تەعینی دەکات.

هیوادارم کە بە هیممەتی هەموو لایەك بتوانرێ لە رێگای دانانی رەسانەیەکی تەسویرییەوە دەنگو رەنگی حیزبی دێموکرات بە خەڵکی کوردستان بگەیەندرێ و قەزاوەتی نیهاییش هەر بە خەڵك بسپێردرێ.

ئەوان ئەیانهەوێ وا بڵێن کە ئەوانە هەر ئەوەکانی کۆنگرەی هەشتن دیسان جیابوونەتەوە! ئاخر دەبێ ئەو پرسیارەش لە خۆیان بکەن کە ئەبێ رێبەرایەتی شۆرشگێر خاوەنی چ پێگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت کە بە ٤٠ نەفەرەوە هاتۆتەوەو زیاتر لە نیوەی حیزبی لەگەڵ خۆی بردوە؟! بەراستی بۆ من کە هەمیشە هەم لە سیاسەت داو هەم لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی‌دا شاری سنەم بۆ گرنگ بووە، وجوودی هاورێیانی سنەم لە رێزی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بۆ گرنگ بوو کە بە هەبوونی ئەو کۆمەڵە گەنجەی شاری سنە لە نێو رێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا لە رادەبەدەر خۆشحاڵ بووم و هەستم کرد حوزووری ئەم گەنجانە کافیە بۆ پێش بردنی سیاسەتەکانی حیزب. کاکە ئەگەر مامۆستا بە ناوچەگەرا تاوانبار دەکرێ خۆ سنە بە پێی تەقسیماتی حیزبی جنووبی کوردستان بە حیساب دێت یا پاوەو جوانرۆ شاری جنووبی کوردستانن و تەنیا ٤٠ کیلومەتر فاسیلەیانە، ئەی چۆنە کە پێشمەرگەکانی جوانرۆ بە زۆری لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانن!

**❖ کاك هادی دوا قسەت چیە بۆ خوێنەرانی ئەم دیمانەیە؟**

◆ مەسەلەیەکی کوردی هەیە کە دەڵێ هەموو کەس دوژمنی کەوەو کەویش خۆی دوژمنی خۆیەتی. کوردیش هەر وایە. حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە کورد پێویستی بە جێگیر کردنی کولتوورێکی نوێ لە کاری حیزبایەتی‌دا هەیەو داوام ئەوەیە کە ئەزموونی کوردستانی عێراق بێتە دیتن و دەبێ خۆشییەکان لەگەڵ خەڵك دابەش بکەین نەك مەینەتییەکان.

•••

# ژنان لە ژێر قەڵەمی پیاوان دا

نووسین: ناسر مستەشار
وەرگێڕان: حەلیمە رەسووڵی

وا دانێین کە یەکێك لە تێکۆشەرانی فیمنیستی نیشتمانپەروەر، لەسەر ئەرکی ژنان لە بەرهەمەکانی محەمەد حیجازی بزورگی عەلەوی، هیدایەتو دەوڵەت ئابادی، ئەحمەد مەحموودو یان حافزوسەعدی، مەولەوی خەیامو .... لێکۆڵینەوە بکات.

پرسیار ئەوەیە کە ئەو لە ئاخردا بەچ ئاکامێك دەگا؟

واتە ئۆگرانی نووسینو کولتوورسازانو گەورەکانی هزرو رەوشتی ئێمە چ روانگەیەکیان سەبارەت بە ژنان، خوشكو دایك، پوورو خانمو کەنیز، خۆشەویستو خۆشەویستی، بەردبارانو لە سێدارە دراوەکانو دیلەکانو ئیلاهاتی ئێمە هەبووە؟

من لێرەدا بە هۆی لە پەراوێز کەوتنەوەم، فرێ درانم لە سوچێکی مێژووو دەست رانەگەیشتنم بە سەرچاوەی پێویست، دەبێ تەنیا چاوخشاندنێکی کورتم بەسەر باسی ژن لە ئەدەبیاتی رۆژئاوا لە ماوەی سێ سەدەی رابردوودا هەبێ و، بۆچوونی بەشێك لە فیمنیستە کولتوور سازەکان لە سەر ئەدەبیاتیان باس بکەم.

بۆ وێنە یەك لە ئیددیعا زانستیو لێکۆلەرانەکانی ئەوان ئەوەیە کە: بۆ نموونە دەنووسن کە ئەدەبیاتی ئەمریکایی سەرەڕای چەند ریز پەر(استثنا)کە دژی ویستو خواستی پیاو سالارانە هەیەتیو ئیددیعای بە جیهانیبوون دەکات، بە خەسڵەتی باوك سالارانە دەروانێتە ژنانو یان هەر بەرهەمو ئاسەوارێك بە ئاشکرا یان شاراوەو بە شێوەی جۆراوجۆر هێزو ئۆتۆریتەو دەسەڵاتی پیاوان لەسەر ژنان نیشان دەداتو گەوەرو زەقی دەکاتەوە.

ئەگەرچی دیکارت، باوکی رۆشنبیریی رۆژئاوا دەنووسێ کە هیچ شتێك لە جیهان بە قەرا عەقڵو تێگەیشتن، دادپەروەرانە لە نێو مرۆڤ دابەش نەکراوە، بەڵام خاوەنڕایان دەڵێن، چاوگەی بۆچوونی یەکسانیخوازیی رۆژئاوا لە سەردەمی رۆشنگەری بنچکی داکوتاوە. سەردەمی روشنگەری لە مێژووی هزری رۆژئاوا بەرامبەرە لەگەڵ بزووتنەوە یەکسانیخوازو دادپەروەرەکان. سەرەڕای ئەوە لە ماوەی سەردەمی رۆشنگەری‌دا، نامەناردن تەنیا ژانرێکی ئەدەبی بوو کە کۆمەڵگەو کولتووری زاڵ بەسەر ژنان دا، رێگەی پێ دەدا. دەیان ساڵ لە نێوان چینو توێژە دەوڵەمەندەکان لە بەر ئەوەی کچان نابێ هۆگر بە خوێندنەوەی بنو خۆیانی پێوە سەرقاڵ بکەن، یا بەو هۆیەوە کە موعتاد بوون بە خوێندەنەوە دەبێتە هۆی جموجۆڵ، حەساسیەتو بێ ئۆقرەیی گەورە کچان. هەر بەو هۆیە هێندێك لەبەرهەمەکانی شکسپێر تەنیا بە شێوەی سانسۆر کراو لە نیوەی دووهەمی سەدەی ١٨ ئیزنی بڵاو کردنەوەی هەبوو. چونکە لە بەرهەمەکانی ئەودا کەسایەتییەکی وەك: هرمین پاولین، رەخنەیان لە زۆڵمو زۆری پیاوانو دامەزراوەکانی ئەوان بۆ وێنە: کلیسا حکوومەتو بنەماڵە دەگرت.

لەسەر ئەو شتانە کە گوتمان، لێرەدا ئاماژە بەسێ نووسەری رۆژئاوا دەکەین کە ناوبانگی جیهانییان هەیەو لە بەرهەمەکانیان دا سەرنجێکی تایبەتیان بە ژنان لە ماوەی سێ سەدەی رابردوودا داوە. تاقمێك لە ژنانی تێکۆشەر، بۆ وێنە ئەفراهیم لیسنگ (١٧٢٩_١٧٨١ ) بە شانۆ نامەکانی لە سەردەمی رۆشنگەری (سەدەی ١٨دا)، تئۆدورفونتان (١٨٩٨_١٨١٩) بە رۆمانەکانو چیرۆکەکانی لە سەدەی ١٩داو برێشت بە شانۆ نامە حەماسییەکان لە سەدەی بیست دا، هەوڵیان دا بایەخ، شوناسو ئەرکێکی مێژوویی بە ژنانی بێ مێژووو لە بیر کراو بسپێرن.

ئەو سێ نووسەرەی باسیان کرا، هەوڵیان دەدا بەبێ سەرنجدان بە جیاوازی‌یەکانو خەسڵەتە رەگەزییەکان، لە بەکردە کردنی بزووتنەوەی پێشکەوتووی ژنان لە ئورووپا بۆ سێ سەدەو کێشەی تایبەتمەندییەکانی کولتووری، لە بەرهەمەکانی هەر سێ نووسەردا ژنان سەربەخۆیانەو وشیارانە رووبەرووی گرفتەکانی دەبنەوە. بەگشتی دەتوانین بڵێین کە برێشت لە مێژووی ئەدەبیاتی رۆژئاوا دا جگە لە ئیلبس، چخۆفو بێرناردشاو، چوارەمین شانۆ نامەنووسی گەورەیە کە لەبەرهەمەکانی دا وشیارانە سەرنج دەداتە سەر مافو تێکۆشانی ژنان.

جگە لەوانە، باسی یەکگرتوویی ژنان لە بەرهەمەکانی "هێنری جیمس"و بەشێك لە ئەدەبیاتی ئینگلیسی دا دەبینرێ. لە ماوەی سەدەکانی رابردوو بەتایبەت لە سەدەی ١٦و١٧دا ژنان لە شانۆنامە تەنزە ئینگلیسییەکان دا هێندێك جاران بۆ دابین کردنو وەدەست هێنانی داخوازییەکانیان دەچنە نێو جلوبەرگی پیاوانەوە.

دەیان ساڵ دوای دەسپێکردنی سەردەمی رۆشنگەری، تەنیا ئەرکی راهێنانو فێرکردنی کچانیان بە هۆکارو بەکردەکردنی ئاسوودەییو ئارامی پیاوان دەزانی. زۆربەی ژنان، سەدان ساڵ لە خاوەنێتیی: باوك، مێرد، براو مامی خۆیان دا بوون. ئەوان دەیانتوانی بە حەزو ئارەزووی خۆیان لەسەر چارەنووسی ژنانی داماوی خزمو کەسیان بڕیار بدەن.

هەر چەشنە شۆڕشو یان رەخنەیەکی گرینگ دەیتوانی ببێتە هۆی وەرگرتنەوەی ئازادیو یان مردنو یان کوژرانی ژن.

چارەنووسی هێندێك لە ژنان لە ئەدەبیاتی رابردوودا نیشان دەدا کە هێندێك جار جوانیی ژن لە سەردەمی پیاوسالاری دا دەیتوانی ببێتە هۆکاری بەستنەوەو دیل بوونی ئەو، بە تایبەت ئەگەر ئەو ژنە لە خۆی دا هیچ توانایەکی شك نەبردبایەو پیشەیەکی دیکە فێرنەبایە، تەنیا توانیبای سەرنجی پیاوێك بۆلای خۆی رابکێشێ.

گەورەترین هەڵەی ژن ئەوە دەبوو کە بۆ داگیر کردنی دڵی پیاوێك خۆی وەك بووکە شووشەیەك خستبایەتە بەردەستی ئەو، بەڵام دوای چەندەها ساڵ گەورەترین دەستکەوتی ژنان ئەوە بوو کەئەوانیش زانیان کە خاوەنی ئیرادەو ئارمانو مەبەستێکن. بۆ دەرخستنی ئەو ویستانە، چوونە نێو باسو دیالۆگ لەگەڵ دەوروبەرەکانیان.

"لیسنیگ" لە بەرهەمەکانی دا نیشان دەدا کە ژنان وەك دیالۆگە تەنزە فەرانسەییەکان بە پێ داگری لەسەر زۆرویژی دەچوونە نێو ناخی باسو دیالۆگەکانەوە.

شانۆنامەکانی "لیسنیگ" لە سەدەی ١٨دا تروپکی بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی کۆمەڵایەتیی ژنان نیشان دەدا. ئەگەر ژنان لەبەرهەمەکانی "لیسنیگ" دا بیری خۆیان زیاتر دەخستە سەر هێندێك باسی وەك : ئایینو رەوشت، لە بەرهەمەکانی "فونتان "دا گرینگیان بە بایەخە کۆمەڵایەتیو ئەخلاقییەکان دەداو هەروەها لەبەرهەمەکانی "برێشت"دا ژنان خۆیان سەرقاڵی سیاسەتو باسە کۆمەڵایەتییەکان دەکرد. ئەو شتەی کە لە سەر بەرهەمەکانی فونتان دەتوانین بڵێین، ئەوەیە کە ناوبراو کە سەریەك لە سەر سێ بەشی رۆمانەکانی خۆی ناوی ژنانەی داناوە. دەتوانین بە فونتان بڵێین، مامۆستای هونەری چیرۆکنووسیی ریالیستی. رەنگە هەر لە بەر ئەمەشە کە "گونترگراس"، نووسەرو وەرگری خەڵاتی نۆبێل خۆی بە قوتابی ئەو دەزانی. "فونتان"، یەکێك لە چیرۆکنووسانی گرنگیی سەدەی ١٩ی رۆژئاوا بە هاوکاریی بەرهەمەکانی خۆی ژنانی بی‌بەش لە مێژووی کردە خاوەن مێژوو لە بەشێك لە مێژوودا .. ئەورۆکە دەتوانین وەبیری بهێنینەوە کە بەرهەمەکانی ئەو، قامووسێکە لەبارەی ژنانی لەبیرچۆوە لە مێژوودا کە دواجار رێگای چوونە نێو تێکۆشانی کۆمەڵایەتی دەدۆزنەوە.

تەواوی تێکۆشەرانی نێو بەرهەمەکانی فونتان، بەبێ دڵەراوکێ، ئۆگریو ئەوینێکی تایبەتیان بە هێنانە گۆڕێی باسەکانیان هەیە. پێوەندیی بیر کردنەوەیان لەگەڵ خەڵك، مێرد ، خزم، دۆستان، و ناسیاوان هەستێکی پێویستو تایبەتی‌ئەو جۆرە ژنانەیە.

فونتان لە بەرهەمەکانی دا نیشان دەدا کە ژنان چۆن دەتوانن سەربەخۆیانە بیر بکەنەوەو بە کردەوەن ژنانی بەرهەمەکانی ئەو لە تەواوی چینو توێژەکانی: دەوڵەمەند، بۆرژواو پێك هاتوون. ئەوان لە باری تەمەنەوە جۆراوجۆریان هەیە. خێزاندار، بێوەژن یان سەڵت. لەئاماژەکانی فونتان دا، ژنان بە پێچەوانەی پیاوان، دەیان هەوێ کێشەکان لە رێگای قسەوباسەوە چارەسەر بکەن نەك لە رێگای شەروپێکدادانو بە فیرۆدانی هێز. بە وتەی فیمینیستە رادیکاڵەکان، تەنانەت کچانی مێرمندالیش کێشەکانی خۆیان وەك کوڕانی مێرمندال بە هێزی مەچەك چارەسەر ناکەن بەڵکوو لە رێگای باسو دیالۆگەوە چارەسەری دەکەن.

ژنانی نێو بەرهەمەکانی "برێشت" تا رادەیەك شێوەی ژنانی تێکۆشەرو سوسیالیستی وەك "لویزەمیشل"، "روزالوکزامبورگ" و "کلارازاتکین" دەدەن. تەواوی ژنانی بەرهەمەکانی برێشت زۆروێژو لایەنگری باسو مەنتقن. ژنانی نێو بەرهەمەکانی ئەو هەر وەك ئاغای کونیر، یەکێکی تر لە پاڵەوانەکانی، دەڵێن: بیرکرنەوەیانی کردەوەو ئاڵوگۆڕ کردن. شانۆنامە سەرەتاییەکانی "برێشت" نیشان دەدن کە ئەو هەر لە سەرەتای نووسەرییەوە لێکۆڵینەوە لەسەر ژنانی بێ‌بەشو زەحمەتکێش دەکات. "برێشت" دەڵێ: تەنیا بە هاوکاریی درامی حەماسی دەتوانین جیهان لەسەر پەردەی شانۆ بۆ گۆڕانو باشتر کردن نیشان بدرێ. ئەو دەنووسێ: هونەر دەبێ وەشوێن راستی بکەوێ. ژنان لە بەرهەمەکانی "برێشت"دا نەك بە هۆی رەگەزیان بەڵکوو بە هۆی پێوەندیی نا دادپەروەرانەی کۆمەڵایەتیو ئۆگریی چینو توێژی‌یەوە دەچەوسێنەوە.

ئەگەر "بێرناردشاو" بە هێنانە بەر باسی مافی ژنان، دەیهەویست دژی نفووزی سەرمایەداری تێبکۆشێ، ژنان لە بەرهەمەکانی "برێشت"دا بێجگەلەوە کە قوربانیی نیزامی داگیرکەرن، نیشاندەری هێزی بنیاتنەر، دڵخۆشیو باشی لە مرۆڤ دان. لە چیرۆکێك دا بەناوی "شوێنی کار" "برێشت" نیشانی دەدا کە ژنان هێندێك جار تەنیا لە جلوبەرگی پیاوان دا دەتوانن بەرامبەر کۆمەڵگای پیاوسالار رابوەستن، بەبڕوای کۆمەڵێك لەژنانی فیمنیست، هەوڵی "برێشت" هاوکاریو ئاشتیی نێوان مارکسیسمو فیمنیسمە لە پێناوی گەیشتن بە دوایین قۆناغی ئازادیی ژنان، رووبەرووی گیروگرفت دەبێتەوە. ژنان لە بەرهەمەکانی "برێشت" دا، تێکۆشەرانێکی ماندوویی نەناسو جیهان نیشتمانن لە چوار سووچی دونیا دا وەك چینو هیندو رۆژئاوا.

ئەوان لە تەمەنی جۆراوجۆردان. لەشفرۆش، گەورە کچ (قەیرەکچ)و یان دایکانی بیوەژنن. ئەوان لە چینو توێژی جۆراوجۆرن: ماڵدار، کرێکار، جوتیار، فرۆشیار، خزمەتکار، کڵفەت، وردەبۆرژوا، دەوڵەمەندو یان شازادەن.

# لە قامووسی فیمینیزم دا

ب. هانا

## جیاوازی
## Difference

بریتی‌یە لە جیاوازیی پێویست لە نێوان ژنو پیاوو لە نێوان ژنان دا. فیمینیستەکان نەك لەسەر بناغەی چەمکە جینسی‌یەکان، بەلکوو لە روانگەی سیاسییەوە، "جیاوازی" پێناسە دەکەن.

پێناسە کردنی "جیاوازی"، گەورەترین یارمەتیی فیمینیزمی شەپۆلی دووهەم بە بنچینە تیۆرییەکان بوو. "جیاوازی" لە فیمینیزم دا دوو واتای هەیە. واتا سەرەتاییەکەی ئەوەیە کە ژنان لەچاو پیاوان، دەنگی جیاواز، دەروونناسیی جیاوازو ئەزموونێکی جیاوازیان لە خۆشەویستی، کارو بنەماڵە هەیە. دووهەم ئەوە کە، "جیاوازی" بە واتای چەمکێکی نەرێنی‌یە کە بێبەشیو بندەستیی ژنان دەگرێتەوە.

کیت میلێتو شولامیت فایرستون لەسەر ئەم بڕوایەن کە جیاوازییەکانی ژنان لەگەڵ پیاوان، میکانیزمی سەرەکیی سەرکوتی ژنان پێك دێنن. "جیاوازی" بەرهەمی پیاوسالاری‌یەو نێرینەو مێیینە بەراستی خاوەنی دوو کەلتووری جیاوازن.

زۆربەی نووسینە تیۆرییەکانی دەیەی ١٩٧٠، لەسەر جیاوازیی جینسییەتی چڕ بوونەتەوە و لە ئاکام دا، لە جیاتی راگەیشتن بە کێشە کۆمەڵایەتی یا ئابووری‌و سیاسی‌یەکان، چوونەتە سەر کێشە دەروونناسی‌یەکان. بۆ نموونە، نانسی چۆدۆرا، لەم بڕوایە دابوو کە جیاوازیی جینسییەتی، لە پێوەندی‌یە کۆمەڵایەتی - دەروونی‌یەکانی سەردەمی منداڵییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئودرێ لۆردو زۆربەی تیۆرزانانی هاوچەرخ ئەم گشتاندنە بەدرۆیە لە لێکدانەوەی فیمینیستی دا وەك یەکێك لە فۆرمەکانی ئیستیعماری نوێ یا ئیمپریالیزمی نوێ دەدەنە بەرهێرش. ئەوان ئاماژە بە جیاوازییە زۆر گرنگەکانی نێوان ژنانی رەشو سپی دەکەن، بۆ نموونە جیاوازیی گەورە لە باری دەسەڵاتەوە. "جیاوازی ئەو پێوەندییە بەهێزو سەرەتایی‌یەیە کە دەسەڵاتی شەخسی (کەسی)ی ئێمە بەهۆی ئەو دروست دەبێ" (Lorde 1984 b pp. 111- 12).



تیۆرزانانی فەرانسەیی لە نێو پێوەندییەکانی دەسەڵات دا، بە شوێن واتای جیاوزازی دا دەگەڕێن. مونیك ویتیك لەسەر ئەم رایەیە کە ئایدۆلۆژیای جیاوازیی جینسی وەك فۆرمێك لە سانسۆر کاری خۆی دەکا. چونکە ناتەبایی کۆمەڵایەتیی نێوان ژنو پیاو وەك شتێکی "سروشتی" دادەپۆشێ. پیاوانە/ ژنانە، نێرینە / مێینە لەو چەمکانەن خزمەت بە شاردنەوەی ئەم راستی‌یە دەکەن کە [دەڵێن] جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە هی جیهانێکی ئایدۆلۆژیایی، سیاسیو ئابوورین (1982و Wittig). کولێت گیلومن هەروەها دەڵێ بە کورتی جیاوازی، بریتیە لە دەربڕینی کاریگەرییەکانی پێوەندییەکانی دەسەڵات.

جیاوازی، راستی‌یەکی گرێدراوە بە بەستراوەیی‌و دەسەڵات (1982و Guillaumin). ژاك دریدا لە وشەی La difference کە هەم بە واتای جیاواز بوون differ (لەباری شوێنی‌یەوە)و هەم بە مانای differipostpone وەدواخستنی (لەباری زەمەنی‌یەوە)یە وەك دژەژار (پاد زهر)ێك بۆ توتالیتاریزم کەلك وەردەگرێ (Derrida 1967).

دریدا دەڵێ هەموو سیستەمە فکری‌یەکان لەسەر سەرمەشقێکی دووانە (دوولایی) بنیات دەنرێن کە واتاکان دژ بەیەك دادەنێنو پاشان بەهەر کامێکیان لە بەرامبەر ئەوەی دیکەدا ئیمتیاز (خاڵ) دەدەنو لە ئاکام دا واتا دەخولقێ. بەڵام Differene لە بەرامبەر لۆژیکی ئەم یا ئەو سیستەمی لەم چەشنە دا، رادەوەستێو لە راگەیاندنی تەسەلبوونی باس لەباری ماناوە، خۆی دەپارێزێو، لەسەر کاتی بوونی واتا پێ دادەگرێ.

فیمینیزمی رادیکال، جیاوازی بە شتێکی بەتەواوی پۆزەتیڤ دەزانێ. ماری دەیلی دەڵێ بە کەمگرتنی جیاوازییەکان بە واتای رازیبوون بە داوەرییەکی نەزۆر توند هەمبەر بە جینایەتی زۆر ترسێنەر چەند رەهەندی ژن کوژی‌یە. ئادرین ریچ دەڵێ جۆرێك گۆڕانی ماریفەتناسانە دەتوانێ لە فیزیۆلۆژیی جیاوازیی ژنانەوە سەرچاوە بگرێ. [بە کەڵکوەرگرتن] لە لێهاتوویی و تواناکانی تەنیا تایبەت بە ژنان لە بواری پەروەردەو فێر کردن دا، شۆرشێکی نوێ لە ئاگایی دا وەڕێ دەخرێ.

سەرچاوە: کتێبی "فرهنگ نظریەهای فیمینیستی"

نووسینی: مەگی هامو سارا گەمبل

وەرگێڕانی بۆ فارسی: فیروزە مهاجر، نوشین احمدی خراسانی، فرخ قرەداغی

لاپەرەکانی ١٢١و ١٢٢

**لە دەوری ئالای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆ ببنەوە**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran
No: 462   16 May  2007


ماڵپەڕی  ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
Email:
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٩٠١٦٥٨

www.radiokurdistan.net
Email:
dengikurdistan@ gmail.com   Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

## چیاکانی کوردستان

## قەندیل  Qandil



سروشتی دەست لێ نەدراو، جوانیی بێ هاوتا، ژوانگەی ئۆگرانی سروشتو ئاشتی، دۆڵو دەرەو تاڤگەی زێوینو سێحراوی، شەوانی ژێر ئاسمانی پر ئەستێرەو حەسانەوە لە تەنیشت خورەی بەفراوەکانی قەندیلی سەرکەش، ئەم چیا ئەفسووناوییە، هەر رێبوارێك تووشی سەرسامی دەکاو، زمان لە پەسنی دا دەوەستێ. چەندە هەست بزوێنە ئەنگوتنی بەیانیو دوایین نیگا لە ئاوابوونی دلڕفێنی هەتاو، وردبوونەوە لە ترۆپکی سەر بە بەفرو نوقم بوون لە زایەڵەی گۆرانیی:

با بچینە سەیران بۆ گەشتی ئەم ناوە
جوانیی جیهانی خوا بەم شوێنە داوە

قەندیل نقێمی کوردستانە، لەم ترۆپکانەی سەر سنووری عێراقو ئێرانە کە چیاکانی زاگرۆسو ئەلبورز دەگەیەننەوە یەکترو چیایەکی وەحشیو پڕ لە هەوارزو نهێنییە کە لە سێ گۆشەی سنووری کوردستانی ئێران، کوردستانی ئێراقو کوردستانی تورکیە هەڵکەوتوە. بەرزاییەکەی ٣٨٠٠ میترەو بەرزترین لوتکەی ئەم چیایە "Kavkez"ە کە بێ ئەوەی بەفری کۆنی توابێتەوە، بەفری تازەی هاتۆتە سەر.

رێگای سەختو پڕ لە قۆرتو پێچ، تاڤگەو ئاو هەڵدێری پڕ ئاوو زۆرو زەوەند، لێڕەواری چڕو سروشتی دەست لێنەدراوو، داری خۆڕسك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم چیایەنو قەندیل لە چیاکانی دیکە جیا دەکەنەوە.

دۆڵی کانی رەش، شمە کوتاڵ، دراوسپی، هەوار تانجۆكو ... لە شوێنەوارە دڵگیرو سەرنجراکێشەکانی چیای قەندیلن. ژیانی پڕ لە سەخڵەتی و کوێرەوەریی ئاژەڵدارانی زەحمەتکێشی داوێنی چیای قەندیل، مێژوویەکی نەنووسراوە. لاجانە کۆن (کۆنە لاجان) کە لە سەر رێگای پیرانشار سەردەشت هەڵکەوتوە، یەکێك لە ناسراوترین رێگاکانی سەرکەتنی شاخەوانەکان لە چیای قەندیلە.

جۆراوجۆریی گیانلەبەرانو رووەکەکانی قەندیل دەوڵەمەندو بێ هاوتایە. ماری جۆراوجۆر، کەڵەکێوی، بزنە کێوی، پڵینگ، باڵندەی راوی، ورچی قاوەیی، ژووشك، کەمتیارو گورگ، هەروەها رووەکەکانی وەك چنوور، رێواس، بەڵالووك، گوێز، گێوژ، کوڕادە، رازیانە، شەوبۆ، گوڵالە سوورە، سیرمۆکەو پلە شوانە، گیانلەبەرانو رووەكو گیای ئەم چیایە پێك دێنن.

بۆ شاخەوانان بەرنامەی سەرکەوتن لە قەندیلو گەڕانەوە، ٤ رۆژ دەخایەنێو ٤٨ کاتژمێر ماوەی پێویستە (١٧ کاتژمێر بە پێ رۆیشتنی بەکەڵك)، قەندیل، حەشارگەی زستانیی نیەو زۆر رێگای بۆ سەرکەوتن هەیە.

سەرچاوە: کتێبی "جلوەهای طبیعی کردستان،
دفتر اول: کوهها"
ئامادە کردنی: ئەکبەر وەلەدبەیگی

## لیستەی سەرووەری ( ٤ )

ژمارەیەکی زۆر لە دڵسۆزانی کوردو دۆستانو ئۆگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەڵامی داخوازی حیزبیان بۆ دانی یارمەتیی سەخاوەتمەندانە داوەتەوەو جوامێریو دڵاوایی خۆیان نیشان داوە. ئەو بەڕێزانە هەم لە رۆژهەڵاتی کوردستانو هەم لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە حیزبی دیموکراتیان بەسەرکردۆتەوە. لە هەر ژمارەیەکی "کوردستان" ناوی بەشێك لەو بەڕێزانە بڵاودەکەینەوە. لەو بارەیەوە روونکردنەوەی دوو شت پێویستە:

١ـ لەبەر هێندێ تێبینی ناوی ئەو دۆستانە نانووسینو تەنیا بە چەند پیتی ناوەکانیان ئاماژەیان پێدەکەین.

٢ـ ئەوانەی پووڵی غەیری تمەنیان داوە دراوەکەیان هەرچی بووە بە دۆلار بەراورد کراوەو بۆ ئاسان کردنەوە، دۆلاریش بە نۆسەد تمەن قەبڵێندراوە.

١ـ ئ.ع.ئ: نۆسەد هەزار (٩٠٠/٠٠٠) تمەن
٢ـ ق.ئ.م: نەوەد هەزار (٩٠/٠٠٠) تمەن
٣ـ ح.ك.ن: دووسەدو حەوت هەزار (٢٠٧/٠٠٠) تمەن
٤ـ س.ئ.ئ: نەوەد هەزار (٩٠/٠٠٠) تمەن
٥ـ م.ع.م.ب: سەدو هەشتا هەزار (١٨٠/٠٠٠) تمەن
٦ـ ر.ش.ع: دووسەدو حەفتا هەزار (٢٧٠/٠٠٠) تمەن
٧ـ ج.م.خ: چوارسەدو پەنجا هەزار (٤٥٠/٠٠٠) تمەن
٨ـ ك.ج.خ: نۆسەد هەزار (٩٠٠/٠٠٠) تمەن
٩ـ ش.ر.م: یەك میلیۆنو هەشتسەد هەزار (١/٨٠٠/٠٠٠) تمەن
١٠ـ د.ن.ص: سێ سەدو شەست هەزار (٣٦٠/٠٠٠) تمەن
١١ـ ح.ر.ك: نۆسەد هەزار (٩٠٠/٠٠٠) تمەن
١٢ـ ب.خ.ك: حەوسەدو بیست هەزار (٧٢٠/٠٠٠) تمەن
١٣ـ ن.ش.ج: دوو میلیون حەوسەد هەزار (٢/٧٠٠/٠٠٠) تمەن
١٤ـ ی.خ.ك: نوسەد هەزار (٩٠٠/٠٠٠) تمەن
١٥ـ ك.ع.ح: چوار سەد پەنجا هەزار (٤٥٠/٠٠٠) تمەن

## مرواریی دەریای وشە

مەزنیو گەورەیی مەملەکەتێك بە پانو بەرینیی خاکەکەی نیە بەڵکوو پێوەندیی بە رەوشتو رەفتارو گیانی بەرزی دانیشتووانیەوە هەیە. (کولیبر، وەزیری لویی چاردەیەم)

هزر، ئەو دەریایەیە کە مروارییەکەی فەلسەفەو زانایییە.
(یەحیا بەرمەکی)

ئەگەر دڵنیا نەبن کە کارەکەتان قازانجی کۆمەڵی تێدایە، ناشبێ پێتان وابێ کە کارێکی شەرافەتمەندانەتان هەیە.
(لیۆن تۆلێستۆی)

خۆشیو شادمانی، دەرمانێکن کە سروشت بە خۆڕایی، بۆ چارەسەری دەردەکانمان لە بەردەستی ئێمەی داناوە.
(ئاندرێ ساخارۆف)

ئەگەر دەتەوێ پاشی مردن ناوت لە بیر خەڵکی نەچێتەوە، یا کارێکی وابکە شیاوی لەسەر نووسین بێ، یا نووسینێکی وا لە پاش خۆت بەجێ بێڵە کە شایانی خوێندنەوە بێ.
(ئێمرسۆن)

## رێزگرتن لە ٣ هاوڕێی بەشدار لە بزووتنەوەی ساڵانی ٤٦ـ١٣٤٧دا



رێورەسمی یادی چل ساڵەی راپەرینی ٤٧ ـ ٤٦ دا، بەڕێزان ئەحمەد نستانی، مام خدر عەبدوڵلایی (خلە قەزا)و مام مراد رۆستەمی بە بۆنەی بەشدارییان لەم بزوتنەوەیەداو بەردەوام بوونیان لە سەر رێگای هاوڕێیانی شەهیدیان، لەوحی رێزلێنانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان لە لایەن هاوڕێ عەبدوڵلا بەهرامی ئەندامی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندییەوە پێشکێش کرا.

لە دەقی ئەو رێزلێنانەدا هاتوە:

**هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەری دێرین**

**شانازی بۆ ئێوە کە لە راپەڕینە چەکدارانەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵەکانی ٤٧ ـ ١٣٤٦دا بەشدار بوونو ئێستاش هەر تێکۆشەری وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو بزووتنەوەیەن.**

**لە چلەمین ساڵی بەرپابوونی ئەو راپەڕینە دلێرانەیەدا وەك رێزدانانێك بۆ خۆڕاگریو خەباتی دەیان ساڵەتان ئەم تابلۆی رێزلێنانەتان پێشکێش دەکەین. هیوادارین هاندەرێك بێ بۆ بەردەوامیتان تا وەدەستهێنانی هەموو مافە رەواکانی نەتەوەی کورد.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
١٣٨٦/٢/٢٥**

## باخچەی ساوایانی هەنگ رێورەسمی کۆتایی هاتنی دووهەم ساڵی تێکۆشانی خۆی بەڕێوە برد



رۆژی ٢٢ی بانەمەڕی ئەمساڵ (١٢ی مای ٢٠٠٧) رێورەسمێك بە بۆنەی کۆتایهاتنی دووهەمین خولی پەروەردەی باخچەی ساوایانی هەنگ، بەڕێوە چوو. ئەم باخچەیە لە کەمپی ئازادی (گەورەترین کەمپی بنەماڵەکانی حیزبی دیموکرات لە نزیك کۆیە) هەڵکەوتوە.

لەو رێورەسمەدا، کوردەخان قایمقامی کۆیە، بەرپرسی گشتیی باخچەی ساوایان لە (شاری کۆیە)و بەرپرسو کارگێرانی باخچەی ساوایانی هەنگو دایكو بابی منداڵان بەشدار بوون. لە حیزبی دیموکراتی کوردستانیشەوە هەیئەتێك پێکهاتوو لە بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادەو جەلیل گادانیو هەیئەتی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەشداری مەراسیمەکە بوون.

لەم رێورەسمەدا، بەدوای سروودی نەتەوایەتیدا، لە لایەن هەر کام لە بەرپرسی باخچەی ساوایان، قایمەقامو ست "فاتین" بەرپرسی باخچەی ساوایانی هەنگ وتەیەك پێشکش کرا. دواتر لە سەر داوای بەرپرسانی باخچەکە، مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زداه وتەیەکی کورتی پێشکێش کرد. لەم رێورەسمەدا کۆمەڵێك سروودو گۆرانی لە لایەن منداڵانی پەروەردە کراوی ئەم باخچەیە پێشکێش کرا. لە درێژەی بەرنامەکەدا کۆمەڵێك خەڵات بەسەر منداڵان دا دابەش کرا.

"کوردستان" بە بۆنەی کۆتایهاتنی دووهەم خولی پەروەردەی باخچەی ساوایانی هەنگ پیرۆزبایی لە بەڕێوەبەران، مامۆستایانو کارمەندان وخونچەکانی ئەم باخچە ساوایە واتە کورو کچە ژیکەڵەکان دەکا.

## هەنگاوی یەکەمی

## بەر لەماڵاوایی

## پاشەکشێ لە بەرانبەر "شەیتانی گەورە"دا

حسێن ئەحمەدپوور

ئەم سەردێڕە رەنگە زێدەگۆیانەو بڕوا پێنەکراو بێ بەڵام وەرچەرخانە گەورەو بڕوا پێنەکراوەکان هەمیشە سەرەتایەکی ساکارو هەر لەو کاتەدا بڕوا پێنەکراویان هەیە. لە راستیدا سروشتی سەرەرۆیەکان لەگەڵ رێگەی بڕوا پێکراو ناتەبایی هەیەو ژیانی ئەوان لەسەر دوورهەڵدان(فرافکنی) بونیاد نراوە. سەرەرۆیەکان مانەوەیان پێ لە هەموو شتێك گرینگترەو بۆ ئەم مەبەستە هەموو کارێك دەکەن. ئەوان هەمیشە دەیانهەوێ خەڵکی دیکە غافڵگیر بکەنو لە هەموو شتێك دا خێران بێجگە لە دەستبەردانەوە. دەستبەردانەوە مەرگو کۆتایی سەرەرۆییە، کەواتە کاتێك تووشی چەرمەسەری دەبن ملراکێشانو دەستبەردانەوەی ئەوان رەوتێکی پلە بە پلە بە خۆیەوە دەگرێو بۆ لارێ کردنی بیروڕای گشتی بەهێزەوە بەرەو دوا هەنگاو دەنێنو وا دەنوێنن کە ئەوان خۆیان بواردوەو بەرژەوەندی گشتییان خستۆتە سەرووی بەرژەوەندیی کەسێنیو گرووپیی خۆیانەوە. وا دەنوێنن کە ئەوان مەبەستیان رەواندنەوەی گیروگرفتەکانو چارەسەری کردنی قەیرانەکانە بە مەرجێك کە دوژمن بیهەوێو بۆ دەمێك لە بیری بەرژەوەندیی گشتیدا بێ.

چەند رۆژ لەمەوبەر مەنوچێهر موتتەکی وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە روانگەیەکی بەهێزانەوە رایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی یارمەتیدان بە خەڵکی عێراقو دەوڵەتی مالکی ئامادەیە وتووێژی دوولایەنە لەگەڵ ئەمریکا بکا. ئەم هەڵوێستەی موتتەکی لە کاتێك دا دەردەبڕدرێ کە ماوەیەك بەر لەوە لە هەڵسوکەوتێکی پڕشوورەییدا ناوبراو لە کۆبوونەوەی "شرم الشیخ" ئامادە نەبوو لەسەر مێزی نان خواردن لەگەڵ کوندالیزا رایس دانیشێو شوێنەکەی بەجێ هێشت.

موتتەکی لە قسەکانی خۆیدا لە"شرم الشیخ" ئەمریکاو بوونی هێزەکانی ئەو وڵاتە لە عێراقی بە سەرچاوەی تەواوی گیروگرفتەکانی ئەو وڵاتە داناوەو چوونە دەرەوەی ئەمریکاو وازهێنان لە خەڵکی عێراقی بە تەنیا رێگاچارە دانا. ئەمە لە کاتێك دایە کە گرووپە سیاسییەکانو هەروەها بەرپرسانی عێراقی راست دژی ئەم بۆچوونەی ئێرانو پێیان وایە کە چوونە دەرەوەی سەربازە ئەمریکاییەکان لەم قۆناغەدا لە عێراقو بەجێهێشتنی خەڵکی ئەو وڵاتە دەتوانێ دروست بوونی شەڕێکی نێوخۆیی تەواوو کوشتاری خەڵکی عێراقو رووخانی کۆماری فیدراڵی عێراقو دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ، بەهێز بوونەوەی دووبارەی حیزبی بەعسو لە کۆتاییدا دابەشبوونی ئەو وڵاتەی لێ دەکەوێتەوە. لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا کاربەدەستانی عێراقی لەم بارەیەوە پەرۆشیی خۆیان دەربڕیوە. لە لایەکی دیکەوە لە دوای رووخانی رێژیمی بەعسەوە تا ئێستاش زۆرجار نیشانەکانی سەلمێنەری دەستێوەردەرانی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی عێراق دا، یارمەتی بە گرووپە تێرۆریستییەکانو گرووپە توندرەوە شیعەکانو... بەدی کراوەو بەرپرسە عێراقییەکانیش هێندێك جار دانیان بەوە داناوە.

بەو حاڵە ئایا کەسێك دەتوانێ بڕوای بەوە هەبێ کە کۆماری ئیسلامی مەبەستی یارمەتی بە خەڵكو دەوڵەتی عێراقەو کاتێك دا کە بۆخۆی وەك گەورەترین هۆکاری نائارامی لە عێراق ناسراوە؟ کەواتە چ مەبەستێك لە ئامادەیی نیشاندانی رێژیمی ئێران بۆ وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا چ مەبەستێك شاردراوەتەوە؟ دیارە دەبێ لە جێگایەکی دیکە بە دووی سەرەداوی ئەم هەڵوێستە نوێیەی ئێران دا بگەڕێین.

کۆماری ئیسلامی لە ٢٨ ساڵی رابردوودا وەك رێژیمیکی یاغی لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەردەوام لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا بە تایبەت ئەمریکا لە دژایەتی دابووەو بەردەوام وەك مەترسییەك بۆ سەر تەناهیو ئاشتیی جیهانی ناسراوە. بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا گرنگە ئەوەیە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی هیچ کات هەنگاوێکی جیددیی لە دژی ئەم رێژیمە هەڵ نەهێناوەتەوەو هەنگاوە نێونەتەوەییەکانی دژی رێژیم لە راستیدا لە مەحکووم کردنە ساڵانەکانی رێژیم سەبارەت پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و..... کورت بۆتەوە. ئەو هەنگاوانەی کە تا ئێستا هەڵگیراون هیچ کارتێکەرییەکیان نەبووەو رێژیم هیچ کات ئەوانی بە هەڕەشەیەك لە دژی خۆی نەزانیوە.

ئێستا کە رێژیمی تاران دوای پێداگری لەسەر سیاسەتی پیتاندنی یورانیۆمو پشتیوانیی بەربڵاو لە تێرۆریسمی جیهانیو... رووبەروو بوونەوەی لێبڕاوانەی کۆمەڵگەی جیهانی بە تایبەت ئەمریکا دەبینێ، رەنگە بەدوای رێگاچارەیەك بۆ دەربازبوون لەو دۆخەدا بگەڕێ. دۆخێك کە درێژەی ئەو کۆتایی بە تەمەنی رێژیم دێنێ. کەواتە دیسان ئەم پرسیارە دێتەگۆڕێ کە ئایا کۆماری ئیسلامی لە کردنەوەی دەرگای وتووێژ سەبارەت بە پرسی عێراق بە دوای ئامانجێکی دیکەوەیە؟ ئایا بۆ بڕوا پێکردن دەبێ رێژیمێك کە بۆخۆی لە کاتی سەرە مەرگ دایە لە بیری رزگارکردنی خەڵکێك دابێ کە بۆ خۆی دەیان هەزار کەسی لێ لە خاكو خوێن گەوزاندوونو ساڵانێك لەگەڵیان دوژمنایەتیی هەبووە؟

ئێرانو ئەمریکا دەبێ لەسەر چ شتێك وتووێژ بکەن. کۆماری ئیسلامی کە دەوڵەتی عێراق بە بووکەڵەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەزانێو ئەمریکا بە دەسەڵاتداری عێراقو سەرچاوەی هەموو گیروگرفتەکانی ئەو وڵاتە دەزانێو باش دەزانێ کە هەر زەبرێك کە لە عێراق دەکەوێ دەبێتە شکستێك بۆ واشینگتۆن. جگە لەمانە دەزانێ کە ئارامیی عێراقو سەرکەوتنی دێموکراسی لەو وڵاتە بە قازانجی مانەوەی رێژیم نابێ. بە واتایەکی دیکە رێژیم دەزانێ کە هەر چەشنە سەرکەوتنێك بۆ سەقامگیریی تەناهی لە عێراق بە سەرکەوتنێك بۆ ئەمریکا دەژمێردرێ. کەوایە رێژیم چ قازانجێکی لە چارەسەر بوونی گرفتەکانی عێراقو سەقامگیریی تەناهی لەو وڵاتەدا هەیە تا وەکوو لەبەر ئەوان لەگەڵ دوژمنی خۆی بکەوێتە وتووێژ؟

بە بڕوای من رێژیم لە کردنەوەی دەرگای دیالۆگ لەگەڵ ئەمریکا دوو ئامانجی کورت ماوەو درێژ ماوەی لەبەر چاوە: لە کورت ماوەدا بە سەرنجدان بەوە کە دەرفەتێکی زۆر بۆ کۆتایی ماوەی دیاریکراو لە لایەن ئەنجومەنی هێمنایەتییەوە بۆ راگرتنی پیتاندنی یورانیۆم لەلایەن رێژیمی ئێرانەوە نەماوە. وا دیارە ئێران دەیهەوێ لە گەمەیەکی سیاسیدا لە رێگای ئەمریکاوە ئەنجومەنی هێمنایەتی ناچار بکا تا وەکوو دەرکردنی بڕیارنامەی داهاتووی وەدوا بخا.   ٨